هەرێمی کوردستان ـ عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتیی زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر
کۆلێجی زمان

# لێکدان و خستنە پاڵ لە زمانی کوردی دا

## لێکۆڵینەوەیەکی لێکسیکۆلۆجییە

نامەیەکە پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر
کراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردی دا

لە لایەن
**میدیا مراد محمدامین**
بەکالۆریۆس لە زمانی کوردی ـ کۆلێژی ئاداب ـ زانکۆی سەلاحەددین
(٢٠٠١ ـ ٢٠٠٢ )

بە سەپەرشتی
**د. ئیبراهیم عزیز ئیبراهیم**

| | | |
|---|---|---|
| تشرینی دووەم | گەلاڕێزان | ذوالقعدة |
| ٢٠٠٩زاینی | ٢٧٠٩ کوردی | ١٤٣٠ کۆچی |

ئــەم نامەیــە بــە ناونیــشانی (لێکــدان و خــستنەپاڵ لــە زمــانی کــوردی دا لێکۆڵینەوەیــەکی لێکسیکۆلۆجییە) قوتـابی (میـدیا مـراد محمـدامین) بـە سەرپەرشـتی مـن لـە کـۆلێجی زمـانی زانکۆی سەلاحەددین ئامادەی کـردوە و بەشـێکە لـە پێویـستییەکانی پلـەی ماجـستێر لـە زمـانی کوردی دا.

سەرپەرشت: د. ئیبراهیم عزیز ئیبراهیم

/ / ٢٠٠٩

★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★

بەپێی پێشنیاری مامۆستای سەرپەرشت ئەم نامەیە پێشکەش بە لێژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی: یادگار ڕەسول باڵەکی

سەرۆکی لێژنەی خوێندنی باڵا

لە بەشی زمانی کوردی:

مێژو: / / ٢٠٠٩

## ڕاپۆرتی لیژنەی گفتوگۆ کردن

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی تاووتوێ کردن و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە، کە بە ناونیشانی (لێکدان و خستنەپاڵ لە زمانی کوردی دا لێکۆڵینەوەیەکی لێکسیکۆلۆجییە) و قوتابی (میدیا مراد محمدامین) مان تاقیکردەوە و گفتوگۆمان لەگەڵ دا لە بارەی ناوەرۆك و لایەنەکانی ترییەوە کرد و بڕیارماندا ، کە شایانی ئەوەیە بە پلەی (            ) بڕوانامەی ماجستێری لە زمانی کوردی بدرێتێ .

سەرۆکی لیژنە:پ.د. یوسف شریف سعید

مێژو:   /   / ٢٠٠٩

ئەندام:پ.ی.د. ساجدە عبدالله فەرهادی

/   / ٢٠٠٩

ئەندام : د. بایز عمر احمد

مێژو:   /   / ٢٠٠٩

ئەندام و سەرپەرشت: د. ئیبراهیم عزیز ئیبراهیم

/   / ٢٠٠٩

لە لایەن ئەنجوومەنی کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سەلاحەددین پەسندکرا.

ناو : پ . ی . د. نەوزاد حسن أحمد

ڕاگری کۆلێجی زمان زانکۆی سەلاحەددین

/   / ٢٠٠٩

# فەرهەنگۆك

| ئینگلیزی | كوردی |
|---|---|
| space | بۆشایی |
| meronomy | بەش لە گشت |
| word class 'part of speech' | پۆلەكانی وشە (بەشەكانی ئاخاوتن) |
| lexical taxonomy | پۆلینكردنی زانستی وشەی فەرهەنگی |
| structure | پەیكەر |
| Etymology | مێژویی وشە |
| wording | داڕشتە / داڕشتن |
| entry | دەروازە |
| Lexicogrammar | ڕێزمانی فەرهەنگی |
| grammarian | ڕێزماننوس |
| Term | زاراوە |
| Glossary, Lexicon, vocabulary, dictionary | فەرهەنگ |
| Lexicology | فەرهەنگزانی |
| lexicologist | فەرهەنگنوس/ فەرهەنگساز |
| Lexicography | فەرهەنگسازی |
| lexicological | فەرهەنگی |

| | |
|---|---|
| dictionary | فەرهەنگی وشەیی |
| Thesaurus | فەرهەنگی واتایی ( بابەتی ) |
| corpora | کەرستە ـ کۆرپۆرا ـ |
| collocation | هاوڕێیەتی |
| synonymous | هاوواتایی |
| hyponomy | هایپۆنیم (داپۆشین/گرتنەوە) |
| co-meronomy | هەمان ـ بەش لە گشت |
| co-hyponomy | هەمان ـ داپۆشین |
| function word | وشەی ئەرکی |
| Content word | وشەی کرۆکی(سەربەخۆ) |
| lexical item | یەکەی فەرهەنگی |
| lemma | سەروشە |

# هێماکان

| واتاکەی | هێما |
|---|---|
| بەرگی یەکەم | ب١ |
| بەرگی دوەم | ب٢ |
| چاپی یەکەم | چ١ |
| چاپی دوەم | چ٢ |
| طبعة | ط |
| گۆڤاری ڕۆشەنبیری نوێ | ڕ |
| گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد بەرگی دوەم بەشی دوەم | ك:٢:٢ |
| گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد بەرگی سێیەم بەشی دوەم | ك:٣:٢ |
| گۆڤاری نوسەری نوێ ژمارە نۆزدە | ن،ژ:١٩ |
| نارێزمانی | ⋆ |
| دەبێتە | ← |
| یان | / |
| یەکسانە | = |
| یەکسان نییە | ≠ |

# ناوەڕۆک

# ناوەڕۆك


پێشەكی............................................................................ ١-٢

بەشی یەكەم: هەندێك زانیاری پێویست دەربارەی لێكسیكۆلۆجی

چەمك وپێناسەی لێكسیكۆلۆجی.................................................. ٣

جیاكردنەوەی لێكسیكۆلۆجی لە لێكسیكۆگرافی................................... ٤

فەرهەنگ ...................................................................................... ٦

جۆرەكانی فەرهەنگ ........................................................................ ٩

ئەرك وئامانجی دروست كردنی فەرهەنگ........................................ ٩

كێشەكانی لێكسیكۆلۆجی........................................................ ١٠

١. ڕێنوس.................................................................................... ١٠

٢. ریزكردنی لێكسیمەكان............................................................. ١١

ئەلفوبێی فەرهەنگی ........................................................................ ١٢

ئەلفوبێی فەرهەنگی و زمانی.................................................... ١٣

گەردانكردنی فەرهەنگی..................................................................... ١٤

٣. زانیاری زمانەوانی.................................................................... ١٦

زانیاری فۆنۆلۆجی و فۆنەتیكی.............................................................. ١٦

زانیاری مۆرفۆلۆجی............................................................................ ١٧

زانیاری سینتاكسی............................................................................. ١٩

زانیاری سیمانتیكی............................................................................ ٢٠

زانیاری بەكارهێنان (پڕاگماتیكی)......................................................... ٢٢

وشە و لێكسیم و لێما ........................................................................ ٢٣

پەیڕەوەكانی لێكسیكۆلۆجی................................................................. ٢٦

١. فەرهەنگی وشەیی............................................................................ ٢٧

٢.فەرهەنگی واتایی............................................................................ ٣١

مێژوی لێكسیكۆلۆجی لای كورد.............................................................. ٣٤

**بەشی دووەم: وشە و واتا ............................................ ٣٩**
وشە و واتا ............................................ ٣٩
زمان و واتا ............................................ ٣٩
ئیتیمۆلۆجی ............................................ ٤٩
ڕێبازی پێوانەیی ............................................ ٥٥
ڕوانگەی کۆمەلأیەتی بۆ زمان و واتا ............................................ ٦٢
زمان و ژینگە ............................................ ٦٦
زمان و زمانەکان ............................................ ٧٢
وەرگێڕان ............................................ ٨٠

**بەشی سێیەم: لێکدان و خستنە پاڵ لە زمانی کوردی دا ............................................**
چەمکی لێکدان و خستنەپاڵ لە فەرهەنگ دا ............................................ ٨٤
ڕونکردنەوەی زاراوەی لێکدان و خستنەپاڵ لە زمانی کوردی دا ............................................ ٨٤
ئاستی فۆنۆلۆجی و فۆنەتیکی ............................................ ٨٥
ئاستی مۆرفۆلۆجی ............................................ ٨٥
ئاستیسینتاکسی ............................................ ٨٦
لێکدان و لێکدراو ............................................ ٨٨
وشەی لێکدراو لە ڕوی ڕۆنانەوە ............................................ ٩١
تایبەتیەکانی وشەی لێکدراو ............................................ ٩٣
پێناسەی فرێز ............................................ ٩٤
جۆرەکانی فرێز ............................................ ٩٥
جیاوازی نێوان وشەی لێکدراو و فرێز ............................................ ٩٦
جیاکردنەوەی وشەی لێکدراو لە داڕێژراو دا ............................................ ٩٧
پۆلینکردنی لێکدان و خستنەپاڵ ............................................ ٩٩
ئەنجامەکان ............................................ ١٠٠
سەرچاوەکان ............................................ ١٠٢
ملخص البحث ............................................ أ
Abstract ............................................ a

# پێشەکی

# پێشەکی:

## ناونیشانی نامەکە:

ناونیشانی نامەکە ( لێکدان و خستنەپاڵ لە زمانی کوردی دا لێکۆڵینەوەیەکی لێکسیکۆلۆجییە) لێکدان و خستنەپاڵ دو ڕێگەی بەرهەمدار و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانن، لەم نامەیە دا هەوڵدراوە ئەم دو ڕێگەیە لە زمانی کوردی دا بەشێوەیەکی گشتی و پێکهاتەکانیان بە شێوەیەکی تایبەت لە سنوری لێکسیکۆلۆجی دا بخرێتە ڕو ، بەپێی پێویستیش جاروبار چونە ناو ئاستەکانی تری زمان بەدیدەکرێت.

## سنوری نامەکە:

لێکۆڵینەوەکە لێکسیکۆلۆجیە واتە پابەندبون بە چوارچێوەی (فۆڕم و مێژو و واتا) ی وشەوە. لەڕوی زمانەوە زمانی کوردی وەرگیراوە ، بە تایبەتی تاڕادەیەکی زۆر ئەو پێکهاتانە بەکارهاتوە لە نامەکە دا کە بەڕێگەی لێکدان و خستنەپاڵەوە دروست کراون و وەك یەکەیەکی فەرهەنگیش ، لە فەرهەنگە کوردییەکان دا تۆمارکراون.

## هۆی هەڵبژاردن:

نەبونی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ لە سەر لێکسیکۆلۆجی بەتایبەتیش لەسەر ئەم دو ڕێگەیە و پێکهاتەکانی لە فەرهەنگ دا.

## ئامانج:

دەرخستنی لایەنی هاوبەش و جیاوازی ئەم دو ڕێگەیە لە سنوری لێکسیکۆلۆجی دا و مامەڵەکردنی فەرهەنگە کوردییەکان لە گەڵیان دا.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە:

لەبەر ئەوەی لێکسیکۆلۆجی زانستێکە پەیوەندی بە ئێستا و ڕابردوی زمانەوە هەیە وهەروەها پەیوەندی زمانێك بە زمانەکانی ترەوە دەردەخات..... لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوەکە وادەخوازێ ، هەندێك جار پابەندی ڕێبازی مێژویی یا بەراوردکاری یا وەسفی.... بێ ، بە پێی پێویست.

**کەرستەی نامەکە:**

زیادتر ئەو وشە لێکدراو و ئەو فرێزە خستنەپاڵانە یا یەکە فەرهەنگیانە بەکارهاتوون کە لە زمانی نوسین دا یاخود لە فەرهەنگە کوردییەکان دا تۆمارکراون.

**گرفتی نامەکە:**

- کەمی ئەو سەرچاوانەی کە لە زمانی کوردی دا لەسەر لێکسیکۆلۆجی دواون.
- تێکەڵ کردنی لێکسیکۆلۆجی لەگەڵ لێکسیکۆگرافی لە بەشێك لە سەرچاوەکان دا.
- زۆری ئەو سەرچاوە و کتێبانەی کە لەسەر لێکدان و خستنەپاڵیان نوسیوە لەگەڵ زۆری ئەو فەرهەنگ و فەرهەنگۆکە زاراوەییانەی کە زۆر لە کەرستەی ئەم دو ڕێگەیەیان تێدایە، هەڵاوێرکردنی ئەم هەموە سەرچاوە و کەرستەیە گرفت و کێشەی زۆری دروستکرد.

**بەشەکانی نامەکە:**

نامەکە لە سێ بەش پێکهاتوە:

- **بەشی یەکەم :** باس لە چەمك و سنور و ئامانج و کێشە و پەیڕەوکانی لێکسیکۆلۆجی دەکات لەگەڵ مێژوەکەی بەتایبەتی لە کەیەوە لە زمانی کوردی دا دەستی پێکردوە.
- **بەشی دووەم :** لە لێکسیکۆلۆجی دا وشە و واتا چۆن دەگۆڕێن بەپێی (مێژو، ژینگە، کۆمەڵ، زمانانی تر و وەرگێران....) بەتایبەتی ڕەنگدانەوەی ئەم لایەنە لە فەرهەنگ و فەرهەنگۆکە زاراوەییە کوردییەکان دا.
- **بەشی سێیەم :** بەشی سێیەمی نامەکە بەسەرداچونەوە وخستنەڕوی چەمك و جۆر و تایبەتیەتی و لێکچون و جیاوازی لێکدان وخستنەپاڵە لە زمانی کوردی دا.

لە کۆتایی دا ئەو ئەنجامانەی کە لێکۆڵینەوەکە پێیگەیشتوە و ئەو سەرچاوانەی سودی لێوەرگیراوە لە نامەکەدا و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕو.

# بەشی یەکەم

# هەندێك زانیاری پێویست دەربارەی لێکسیکۆلۆجی

## چەمك و پێناسەی لێكسیكۆلۆجی:

زاراوەی لێكسیكۆلۆجی لە دو وشە پێكهاتوە ، بەشی یەكەمی كە (لێكسیك)ە لە وشەی (فەرهەنگ: Lexicon) وەرگیراوە ، بەشەكەی تری (لۆجی: Logy) بە واتای زانست یا لێكۆڵینەوە دێت؛ كەواتە لێكسیكۆلۆجی لێكۆڵینەوەیە لە وشەی فەرهەنگی یاخود لێكسیكۆلۆجی زانستێكە لە یەكە فەرهەنگییەكانی زمان دەكۆڵێتەوە.

لە ڕاستی دا ئەو نوسەرە باسی لێكسیكۆلۆجیان كردوە بە شێوەیەكی گشتی و لای كوردیش بەتایبەتی ژمارەیان زۆر كەمە، كە لێرەولەوێ لە هەندێك كتێب و گۆڤار دا ئاماژەیان بە هەندێك لایەنی ئەم زانستە داوە.

لێكسیكۆلۆجی لە وشەكانی زمان دەكۆڵێتەوە لەبارەی : واتایان وشوێنیان لە یاسای گشتی زمان دا پەیدا بوونیان و بەكارهێنانیان و دەرفەتی جێكردنەوەیانەوە لە ئاخاوتن دا و جۆری دەربڕین و شێوەی چەسپاندنیان لە ڕەوانبێژی دا، هەروەها بەشێكیشە لە زمانەوانی و لە بارەی باری ئێستا و ڕابردوی وشەوە دەدوێ. كە شێوەی پەیدا بوون و پێشكەوتن و گەشەكردنی زمان و پەیوەندی لەگەڵ مێژویی گەلانمان بۆ دەردەخات و ڕون دەكاتەوە. هەروەها لێكسیكۆلۆجی زانستێك نیە كە لە بارەی وشەی جیاجیاوە بدوێ، بەڵكو زانستێكە دەربارەی سیستێم و دەستوری تێكڕایی وشەكانی زمان دەدوێ.(ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٤:ك٢:٢: ٨١ ـ ٨٥)

بۆ زیاتر ڕونكردنەوەی چەمكی لێكسیكۆلۆجی چەند پێناسە وسەرنجێك دەخەینە ڕو:

- (( لێكۆڵینەوەیە لە فەرهەنگ )). (Halliday:2007:107)
- (لێكسیكۆلۆجی بە واتای ئامادەكردن و نووسینەوەی وشەنامە دێت. )(محەمەد مەحوی،ن، ژ:١٩: ١٤٤)
- (زانستی فەرهەنگە، لە پێكهاتەی واتایی وشەكان دەكۆڵێتەوە.)(حكمت كشلی:٢٠٠٢ : ٥)
- ( لێكۆڵینەوەیە لە فۆڕم و مێژو و واتای وشەكان. ) (Thompson:1998:465)
- لێكۆڵینەوەیە لە یەكەكانی زمان لە لایەنەكانی دەنگسازی وشەسازی واتاسازی و مێژویی و داڕشتنەكانی.(محمد علی خولی:١٩٨٦: ٦٨)

هەریەكە لەم پێناسە و بۆچونانە لایەنێك یا چەند لایەنێكی ئەم زانستە دەخەنە ڕو، بەڵام بە گشتی بریتییە لە تیۆر و پلاندانان بۆ كاری فەرهەنگنوسی ، بە تایبەتیش بایەخدان بەلایەنی واتا لەتەوەرەكانی تری نامەكەدا ئەمە زیاتر ڕون دەكرێتەوە.

## جیاكردنەوەی لێكسیكۆلۆجی لە لێكسیكۆگرافی:

كاری دانانی فەرهەنگێك پێویستی بە دو زانست هەیە. سەرەتا شارەزایی بوون لە لایەنی تیۆری زانستی فەرهەنگ (لێكسیكۆلۆجی) دواتر شارەزایی یاخود پەیڕەوكردنی لایەنی كارەكی یا پڕاكتیكی شێوەی فەرهەنگ (لێكسیكۆگرافی).

تا ئێستا لە گەلێك سەرچاوەی كوردی بۆ هەریەك لەم دو چەمكە جیاوازە هەمان زاراوە بەكاردەهێنرێ، هەروەك (فەرهەنگنوسی ، فەرهەنگسازی ، فەرهەنگزانی).

تەنانەت لە كاتی پێناسەكردنیشی دا بە جیا پێناسەیان نەكردون، وەك:

فەرهەنگزانی: بریتییە لە پلاندانان و دانانی فەرهەنگی تاك زمان و فەرهەنگە دوو ـــ زمانی و هەموو كارێكی تری هاوشێوەی فەرهەنگ. ( هیمداد عەبدولقەهار محەمەد: ٢٠٠٨: ١٣٩).

كە ئەم پێناسەیە بەشێكی پەیوەندی بە لێكسیكۆلۆجییە كە دەڵێ بریتییە لە (پلاندانان) و بەشەكەی تری پێناسەكە پەیوەندی لێكسیكۆگرافییەوە هەیە.

تەنانەت لە سەرچاوەكانی زمانانی تری وەك : عەرەبی و ئینگلیزی و فەرەنسی ... هتد. ئەم دو زاراوەیە هەندێك جار لەیەكتر جیا ناكەنەوە. بۆ نمونە لە بەشێك لە سەرچاوە و فەرهەنگە ئینگلیزییەكان بە تایبەتی لێكسیكۆگرافی بەكاردێت بۆ هەردو زانست. كەوا پێناسەی لێكسیكۆگرافی دەكەن كە تێور و كردەی دروستكردنی فەرهەنگە.(A P Cowie:1989:717)

لەوانەیە ئەمە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە كە ئەم دو زاراوەیە لە ڕواڵەت دا بەیەك دەچن و لە لایەكی تریشەوە هەردوكیان پەیوەندیان بە كاری فەرهەنگنوسیەوە هەیە. بەڵام هەریەكێكیان ڕوێكی هەمان بابەتن. زاراوەی (لێكسیكۆگرافی) بەهەمان شێوە لێكسیك: وشەی فەرهەنگی یاخود فەرهەنگە، گرافی : شێوە ، وێنە یاخود فۆرمە كەواتە لێكسیكۆگرافی شێوە و شێوازی خستنەڕوی وشەكانی فەرهەنگە واتە لایەنە هونەرییەكەی؛ كە زۆر كەس بڕوای وایە كە كاری فەرهەنگنوسی تەنیا هونەرە، لەكاتێك دا **ئەورەحمانی حاجی مارف** دەڵێ: (( لە ساڵی ١٩٤٠ زانای بەناوبانگی ڕووس **ل . ڤ . شێربا** یەكەم وتاری دەربارەی فەرهەنگنوسی بلاْوكردەوە ...... فریاكەوت [بەرلەمردنی] ئەوە بچەسپێنێ كەوا فەرهەنگ نووسیی تەنها كاری پڕاكتیكی دانانی فەرهەنگ نییە و بەڵكو كارێكی زانستی و تیۆریشە. ئەمەش لە نێو قوتابخانەی فەرهەنگ نووسیی سۆڤیەتدا ڕەگی داكوتا. زمانەوانانی سۆڤێت بەدوای . **ڤ . شێربا** دا لەوەوە بۆ مەسەلەكە دەچن : كەوا فەرهەنگ نووسی وەك زانستێك دو دیوی هەیە : تیۆری و پراكتێك. یەكەمیان لەو كێشانە دەكۆڵێتەوە كە لە دانانی هەر فەرهەنگێكدا سەرهەڵدەدەن و لە ڕێگای زانستی یەوە ڕێگاو ڕێبازی ڕاست بۆ چارەسەركردنیان دەدۆزێتەوە. دوەمیش لەسەر

بناغـەی ئـەو تیۆرییـە و لەبـەر رووناکیی ئـەو ڕێگـە و ڕێبـازەی بـۆی دانـراوە کـاری دانـانی فەرهەنـگ بەجێ دەگەیەنێ.)) (ئەورەحمانی حاجی مارف،١٩٨٧: ٣ـ ٤)

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە کاری فەرهەنگنوسی وەك هەر بابەتێکی زانستی دو لایەنی هەیـە: لایــەنی تیــۆری و لایــەنی پراکتیکــی، لایەنــە تیۆرییەکــەی لێکــسیکۆلۆجییە و لایەنــە پراکتیکییەکـەی لێکـسیکۆگرافییە. کەواتـە دانـانی فەرهـەنگ لەسـەر دو بنـەمای سـەرەکی تەواوکەری دادەمەزرێ، کە ئەوانیش لێکسیکۆلۆجی و لێکسیکۆگرافییە.

(لـەژێر تیـشکی شارەزایانی هاوچـەرخ لـە دروسـتکردنی فەرهەنگـەکان دا سروشـتی دانـانی فەرهەنگی سەردەم ڕوندەبێتەوە، بـۆ بـەدیهێنانی پێداویـستیە زۆر بووەکـانی سـەردەم ئاراسـتە جیاوازەکان دەرکەوتن. ئەو ئاراستانە سیماکانی روندەبێتـەوە بـە هـۆی لێکۆڵینـەوەی تیـۆری و کاری کارەکی...... لێرە دا هەندێك ڕێگە و پەیڕە و هەیـە بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە فەرهـەنگ دا کـە بـەش بـە حـاڵی خۆیـان ملکەچـی تیۆرییـە نوێیـەکان دەبـن، ڕەچـاوی یـا چـاودێری ئاسـتی کـارلێکردنی زمانـەکان دەکـەن . ئـەم تیۆرییانـە بناغەیـەکی سـەرەکی لەلایـەن لێکۆڵەرانـەوە پێکـدەهێنن. لێکۆڵینـەوە لـە فەرهەنگـەکان پێویـستی بـەبیرێکی گفتوگۆخوازییـە(جـدلي) کـە لەسەر بناغەی راستیەکی بابەتیانە(موضوعي) وەستابێ .) (حکمت کشلي:٢٠٠٢: ٥)

دەکرێ بەخستنەروی هەندێ لە پێناسەی لێکسیکۆگراڤ زیادتر بابەتەکە رونتربکرێتەوە:

- دانانی یان دروست کردنی فەرهەنگە ( Thompson:1998:465 )
- هونەر و زانستی دروست کردنی فەرهەنگە. ( Halliday:2007:107 )
- هونەر و زانست و دانانی فەرهەنگە بە جۆرە جیاوازەکانیەوە.( محمد علي خولي:١٩٨٦: ٦٨ )
- زانـستی دروسـت کردنـی فەرهەنگـە جۆرەهـا فەرهـەنگ و پێکهاتـەکانیان و ڕێگاکـانی دانانیان لە خۆوە دەگرێ. (حکمت کشلي:٢٠٠٢: ٥)

کەواتە ئەگەر لێکسیکۆلۆجی بابـەتێکی تیـۆری بـێ و لێکۆڵینـەوە بـێ لـە لایـەنی نـاوەوەی فەرهەنگ لەڕوی ئەو زانیارییە پێویستانەی کە هـەر یەکەیـەکی فەرهـەنگی بـەگوێرەی جـۆری فەرهەنگەکـە دەبـێ هـەیبێت ؛ ئـەوا لێکـسیکۆگرافی بابـەتێکی کارەکییـە بایـەخ بـە لایـەنی دەرەوەی فەرهەنگ دەدات لە ڕوی هونەریەوە و شێوە و قەبارە و چاپ و شـێوازی دروسـتکردن و خستنەڕوی یەکەکانی فەرهەنگ.

بەم جۆرە سەرەتا دەبێ فەرهەنگنوسان لە قۆناغی یەکەم دا شارەزاییان لـە (لێکـسیکۆلۆجی) هـەبێت و بـەپێی ئـەم زانـستەوە مامەڵە لەگەڵ ئـەو یەکـە زمانیانـە بکـەن کـە دەبنـە یەکـەی فەرهەنگی ، ئینجا لە قۆناغی دوەم دا زانسی لێکسیکۆگرافی دێتەئارا کە بەشێوەیەکی هونـەری فەرهەنگەکە بەرهەم دێنێ. لێکسیکۆگرافی لە خزمەتی لێکسیکۆلۆجی دایە بەتایبەتی لـە ڕوی

شێوە و قەبارەی ئەو پیتانەی کە پێی چاپکراوە ، یاخود ئەو ژمارە و هێمایانەی تیایدا بەکاردەهێنرێ....هتد ، کە هەر هونەرێك لەم هونەرانە کاریگەری خۆی هەیە لە گەیاندنی زانیارییەکان.

## فەرهەنگ :

زاراوەی فەرهەنگ: ( فەرهەنگ وشەیەکی کوردیی کۆنە و لە " فرەهەنگ " ەوە وەرگیراوە " فرە " لەکوردی دا بەمانای " زۆرو زەبەنگ " دێ . " هەنگ " و " سەنگ " بەمانای " گرانی " و " نرخ " و " برِ " (مقدار ) دێ.) (جەمال نەبەز،٢٠٠١: ن،ژ:١٩: ٦٠)

چەند زاراوەیەکی تر جگە لە فەرهەنگ لە زمانی کوردی دا بەکاردەهێنرێ لەوانە (قاموس، فەرهەنگۆك، وشەنامە) کە هەر نوسەرێك بە بڕوا و بۆچونی خۆی، هەریەك لەم زاراوانە بەکاردەهێنێ ئەمە تەنیا لە زمانی کوردی دا کێشە نییە بەڵکو لە زمانی عەرەبیش دا ، معجم، قاموس و فهرست و لەزمانی ئینگلیزیش دا ( Dictionary, Vocabular, Lexicon…) بەکاردێ.

نوسەرانی کورد تا ئێستا ڕێکنەکەوتون لەسەر بەکارهێنانی یەکێك لەم زاراوانە. هەیە زاراوەی (فەرهەنگ) بەکارهێناوە وەك : مارف خەزنەدار، ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کوردستان موکریانی، تالیب حسێن..... لەوانەش وشەی (قاموس)یان بەلاوە پەسەندە و بەکارهێناوە، وەك: عبدالرحمن زەبیحی(١)، جەمال نەبەز، جەمال ڕەشید، محەمەدی مەلا کەریم ........(٢) بەڵام وشەی (فەرهەنگ) زیادتر پەسندە. لەوانەبێ لەبەر ئەوەبێ کە لە بنچینەدا ئەو وشەیە وشەیەکی هیندۆ ئێرانی بێ، دەنگ و شێوەی وشەکە زیاتر بەلای بیسەر و قسەکەرانی کوردەوە ئاشنابێ، بەڵام ((قاموس) کە لە بنچینەدا بە یۆنانی دادەنرێ و لە زمانی عەرەبیش دا بەکارهاتوە لە بەرامبەر (معجم) دا)(سەرچاوەی پێشو:٦٠)، هەڵکەوت و شێوەی دەنگەکانی ئەم وشەیە زیاتر نامۆیە بە گوێی بیسەر و سەرزاری قسەکەرانی کوردەوە.

((لەبەرئەوەی زمان پەرەدەستێنێ بیرکردنەوە سنوری نیە و کۆتایش نیە بۆ پەرەسەندنەکەی بۆیە وشەکانی زمان زیادیان کردوە و واتاکانیان هەمە جۆر بووە. لەگەڵ داهێنانی نوسین دا مرۆڤ دەستی بە پاراستنی بۆماوەی زمانی و ئەدەبیەکانی کردوە، ......

---

(1 ) عبدالرحمن زەبیحی فەرهەنگێکی هەیە بەناوی (قامووسی زبانی کورد)

(2) بۆ زیادتر زانیاری بڕوانە نوسەری نوێ ژمارە( ١٩) کە تایبەتە بە سیمیناری فەرهەنگی کوردی کە نوسەران هاوڕا نین لە بەکارهێنانی یەکێك لەم دو زاراوەیە. چ لە ناونیشانی وتارەکانیان و چ لە گفتوگۆکانیان دا.

فەرهەنگ بە پێی بەکارهێنانی دەفرێکە کە زمان تیادا دەپارێزرێ، هەروەها بەرپرسیشە لە پاراستنی زمان و پەرەسەندنی)) (ابراهیم صبیح واخرون:٢٠٠٥: ٣٤ ).

(هەندێ جار هەندێ بەیەکداچوون ڕودەدات لە نێوان فەرهەنگ و مەوسوعە لە لایەنی ئەرك و ئاراستە و ناونانی دا. وای لێ دێ فەرهەنگ زیاتر بە مەوسوعە بچێ. لەو کاتانەی کە زانیاری یا وشەی شارستانیەتی لەخۆوە دەگرێ کە لە دەرەوەی ئەو بوارەیە کە گرنگی پێ دەدات کە کرۆکی زمانە. یا لەکاتی فراوانبوونی لە شرۆڤەکردن بەرەو درێژدادرِی دەچێت لەوکاتەی کە پێویستی بە کورتبرییە لق و پۆپ هاویشتن لەکاتی باسی تایبەت دا کە دەتوانرێ لە کتێبێکی تردا باسیبکرێ...... پێویستە جیاوازی بکرێ لە نێوان مەوسوعە و فەرهەنگی زمانی کە تەنیا تایبەت کراوە بە لێکدانەوەی یەکە زمانیەکان. ئەگەر پێویستیش بێ دەتوانرێ چەند لاپەڕەیەکی کۆتایی فەرهەنگە زمانیەکە تایبەت بکرێ بۆ ئەو زانیارییە گرنگانە.باشتروایە ئەو زانیارییە مەوسوعیانە بۆ مەوسوعە تایبەتمەندەکان بەجێ بهێڵدرێ، تەنیا ئەو شتانەی کە پەیوەندیان بە دارِشتن یا واتاوە هەیە و بەندن بەکەرەسەی زمانی، باسبکرێن) (احمد محمد معتوق، ٢٠٠٨::١٨-١٩).

لە خوارەوەدا چەند پێناسەیەکی فەرهەنگ نیشاندەدەین:

- فەرهەنگ یاخود گەنجینەی زمان، هەموو کاتێك وەك سیستەمی فەرهەنگی یاخود وەك بەشێك لە ڕێزمانی فەرهەنگی سەیردەکرێ. (Halliday:2007:107)
- سەرچاوەیەکی زمانییە کە دەروازە و شرۆڤەی تێدایە. لەوانەیە مێژوویی یا وەسفی یا پێوانەیی بێ، یەك زمانی یا دوو زمانی یا چەند زمانی بێ. (محمد علی خولی:١٩٨٦: ٣٢)
- کتێبێکە لە دو توێیدا کۆمەلێك وشە لە خۆوە دەگرێ کە ڕێکخراون بە شێوازێکی دیاریکراو بە جۆرێك ڕاڤە کراون کە لێلییەکەی لەسەر لادەچێت، سەرەڕای ئەمە زانیاری گونجاوی وای تێدایە کە یارمەتی لێکۆڵەر یا خوێنەر دەدات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی.(محمد عبدالحفیظ العریان:١٩٨٤: ١٤)
- فەرهەنگەکان گەنجینەی زمانن و کۆگای دەستپاکی وشەکانن شورای پۆلاینن، مرۆڤ بۆی دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی زمان لەسەرچاوە بێگەردەکەی دا وەربگرێ بە جۆرێك دارِشتەو پێکهاتەی وای تێیدا بەدی دەکات کە ناتوانێ لە شتی تردا بیبینێ یا بیانناسێ ئاشنایان بێ.(احمد محمد المعتوق: ١٩٩٦: ٣١٦)
- فەرهەنگ ـ ئەوکتێبەیە، کەوا وشەی تێدا تۆمارکراوە. جگە لە ڕیزکردنی وشە..... لێی کۆلراوەتەوە و واتای رونکراوەتەوە و لێکدراوەتەوەو شیکراوەتەوە و زانیاری

دەربارەی چۆنیەتی نوسینیان و درکاندنیان و پەیدا بوونیان...دراوە.(ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ٢٠٠٤: ٢٦١)

- ((فەرهەنگ جۆرێکە لە جۆرەکانی سەرچاوەی بنەڕەتی، واتە ئەو سەرچاوەیە یان کتێبەیە، کە زانیاری تایبەتی دەربارەی وشەکانی زمان و واتاکانیان تیادا تۆماردەکرێت. بابەتەکانی بەگوێرەی ئەلفوبێی زمانەکە ڕێك دەخرێت، بۆ ئەوەی ئەو زانیارییانەی کە تێیدا تۆمارکراون بەئاسانی دەست بکەون.))(تالیب حوسێن،٢٠٠١:ن، ژ: ١٩: ١٨٣)
- (ئەو کتێبەیە کە وشەکانی زمان یا بەشێکی دەگرێتەخۆ، بەشێوەیەکی تایبەت ڕیزکراوە کە هەر وشەیەکی هاوواتاکەی یا لێکدانەوە و شرۆڤەی واتاکەی لەگەڵ دا هاتووە. ئینجا بنچینەکەی یا داڕشتنەکانی یا بەکارهێنانەکانی دەردەخات . دوای ئەمە چۆنیەتی درکاندنی روندەکاتەوە و باسی هاوشانەکانی دەکات......یاخود:

تۆمارگەیەکە، بۆ پاراستنی وشەکانی زمان لە فەوتان و لەناوچون سەرچاوە و کانگای وشەیە و کەرستەی زمانی زمانێکی دیاریکراوی تێدایە، کە بە شێوەیەکی تایبەتی ڕێکخراون لەگەڵ پێناسە یا ڕونکردنەوەی هەر وشەیەك و دەرخستنی پەیوەندییە واتاکەی لە هەمان زمان دا، یاخود لە زمانێکی تر دا. لەگەڵ ڕونکردنەوەی ئەو وشانەی کە لێوەی وەردەگرین و بەکارهێنانی و واتا جیاجیاکانی و هەروەها دەرخستنی لایەنی مێژویی وشەکان و چۆنیەتی گۆکردنیان.)(احمد محمدالمعتوق،٢٠٠٨: ١٧٠ - ١٧١)

- فەرهەنگ زانیاریەکانی وەك ڕێکخستن و سیستەمی کارو جۆری دەربڕینی وشەکان ڕێزمان و ئەرکەکانی ڕێزمان لە داڕشتنی وشە دا و ڕونکردنەوەی شێوە بنەڕەتیەکانی وشە و جۆری پەیدابوونیان لە زمانێك دا بە خۆی دەگرێت، کە تەنیا زانستی ئیتیمۆلۆجی دەتوانێت ئەم کارە بە ئەنجام بگەیەنێت و هەروەها دەبێت تایبەتیەتی سینتاکسی وشەکان و ریزکردنی پیتەکان و کورتکردنەوەیان و دۆزینەوەی هەمان هاوواتاکانیان و پێچەوانەی واتاکانی لە فەرهەنگ دا ڕون بکرێتەوە، بەلاَم ئەمرۆ فەرهەنگ دەبێت بنەڕەتی وشە لێکبداتەوە و شێوەکۆنەکانی ڕون بکاتەوە.)(جەمال رەشید،٢٠٠١: ن،ژ:١٩، ١٥١- ١٥٢)

کەواتە: فەرهەنگ گەنجینە و کۆگای زمانە کە یەکە واتاییەکانی زمانی تیادا دەپارێزرێ بەگوێرەی ئەلفوبێی فەرهەنگی زمانەکە ڕیزدەکرێن. زانیاری زمانەوانی وەك: دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی ... و مێژویی و کۆمەلاَیەتی ئەو یەکە واتاییانەی تیادا تۆماردەکرێ .

## جۆرەكانی فەرهەنگ :

جۆرەكـانی فەرهـەنگ ناچـنە نـاو بـواری لێكـسیكۆلۆجیەوە بـەڵكو پەیوەنـدی بـە لێكسیكۆگرافیەوە هەیـە، چونكە بـواری لێكسیكۆلۆجی لایـەنی زانـستی وشـەكانی فەرهـەنگی دەردەخات و هەڵیدەسـەنگێنێ، بەلایـەوە گـرنگ نییـە جۆری ئـەم فەرهەنگە لایـەنی هونـەری چۆنە یاخود چ جۆرێكە ؛ بەڵكو ئەوەی بەلایەوە گرنگە بـەچ شـێوەیەك یـا پـەیڕەوێك مامەڵـە لەگەڵ وشەكانی ناو فەرهەنگەكە كراوە لە واتای وشەكانی كۆڵدراوەتەوە.

جۆری فەرهەنگەكان دەگەڕێتەوە بۆ ئـەو كەرسـتە زمانیانـەی بـە شـێوەیەكی گشتی یـا لـە بوارێكی تایبەت دا كۆكراوەتەوە یاخود بەرامبەر كراوە لەگەڵ زمانێك یا چەند زمانێكی تـردا بە شێوازێكی تایبەت، واتا و پێناسە و زانیاری پێویستی یەكەكان بە پێی جۆری فەرهەنگەكان دەگۆڕێ. لەوانە وەك (فەرهەنگی: وەرگێران، زمانی، بابەتی، مەوسوعی، تایبەتی)(ابراهيم صبيح و اخرون:٢٠٠٥: ٣٤-٣٥).

یاخود نوسەری تر هـەن بڕوایـان تـەنیا بـە دو جـۆرە فەرهـەنگ هەیـە (فەرهـەنگی گـشتی زمان، فەرهەنگی تایبەتی)(احمد محمد معتوق، ٢٠٠٨: ٢٤ ).

## ئەرك و ئاما نجی دروستكردنی فەرهەنگ:

كۆمـەڵێك بـیرو بۆچـونی تاڕادەیـەك جییـاواز لـە سـەر ئـەرك و ئامـانج لـە دروسـتكرنی فەرهەنگ دا هەیە لەوانە :

- بـە بـڕوای هەنـدێك نوسـەر ((ئـەركی فەرهـەنگ تۆمـاركردنی وشـەیە و دانـی واتاكـانێتی.))(محەمـەد معـرووف،٢٠٠١،ن،ژ:١٩: ١٦٩) نوسـەر تـەنیا ئەركەكـەی لـە تۆمـاركردن و واتاپێدانی وشە دەبینێتەوە.
- یاخود (ئەركی سەرەكی فەرهەنگ، یارمەتی دان و ناساندنی وشـە و پێناسـەی وشـەیە بـە كەسێك كە شارەزایی تەواو ئاشنایی لەگەڵ وشە یا زۆر لەوشـەكان نیـە......فەرهـەنگ وەك پـشت و پەنایـەك دەسـتی دەگرێ و داواكـەی بـۆ بـەجێ دەهێنـێ و زانیـاری تـەواو دەدا بـە خوێنەر.)(عەلی نانەوازادە: ٢٠٠٨: ٨) كە بڕوای ئەمیش ئـەركی فەرهـەنگ یارمەتیـدان و ناسـاندن و زانیاریدانە لەسەر وشەكان .
- (یەكێك لـە ئـەرك و كـارە سـەرەكییەكانی لێكسیكۆلۆجی جیاكردنـەوەی ئـەو كەرەسـتانەی زمانە كە بە پێی ڕێسای ئەلفوبێ یەكێكە لەو ڕێسایانەی كە كەرەسەكانی پێ ڕیز دەكرێ، بـەڵام كـارە سـەرەكیەكە لەوەدایـە چـۆن ئـەو كەرەسـتانە هەڵدەبـژێرن، تـا بـە پێـی ئـەم

ئەلفوبێیە ڕیزبکرێن.) (محەمەد مەحوی،٢٠٠١،ن:ژ:١٩: ١٤٤) بە لای ئەم نوسەرەش ئەرکی فەرهەنگ هەڵبژاردنی کەرستە و ڕیزکردنی بەپێی ئەلفوبێیە.

- ((ئامانجی سەرەکی فەرهەنگەکان لابردنی لێڵییە لەسەر وشە))(محمد عبدالحفیظ العریان:١٩٨٤ :١١) بە واتای تەنیا دەرخستن و ڕونکردنەوەی واتای وشەکانی فەرهەنگە.
- (ئامانج لە دروستکردنی هەر فەرهەنگێك، پەیوەندی بە سروشتی ئەو کەسانەوە هەیە کە ئەو کارەیان ئاڕاستەدەکرێ ، هەروەك پەیوەندی بە سروشتی ئەو بابەتەوە هەیە کە بۆی دادەنرێ)(حکمت کشلی:٢٠٠٢ :٤٢٩). بەلای ئەم نوسەرەش ئامانج لە دروستکردنی فەرهەنگ بەندە سروشتی کەسەکان و بابەتی فەرهەنگەکەوە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەرك و ئامانج لە دروستکرنی فەرهەنگ دا بە پلەی یەکەم خۆی لە واتا دا دەبینێتەوە. کە هەم ئەرکەکەی چۆنیەتی خستنەڕوی واتای یەکەکانی زمانە و ئامانجیشی گەیاندنی واتاکانییەتی. بەڵام ئەرك و ئامانجەکانی تر بە زۆری لە خزمەتی لایەنی واتاکە دان.

## کێشەکانی لێکسیکۆلۆجی:

### ١. ڕێنوس:

کێشەی ڕێنوسی تەنیا زمانی کوردی پێوەی گرفتار نەبووە، بەڵکو زمانانی تریش بەش بە حاڵی خۆیان کێشەی ڕێنوسیان هەیە[٣].(هێشتا ڕێنوسی زمانی کوردی قالبێکی تەواوی وەرنەگرتوە، لە نوسینی پیتی ( و- ی ) کە یەکی سێ دەنگیان هەیە، هەروەها ( ر - ل ) کە یەکێ دو دەنگیان هەیە... هەروەها وای لێنەهاتوە کە هەمو نوسەران لەسەریەك شێوە نوسینەکانیان بنوسن، ئایا ئەو وشانەی لە یەك کەرت زیادترن ، بەسەر یەکەوە بنوسرێن یا هەر کەرتە بەجیا بێت)(فازل نیزامەدین،٢٠٠١،ن:ژ:١٩: ٥١ ). ئەمە نەك تەنیا لە نوسین دا ڕەنگی داوەتەوە بەڵکو لە فەرهەنگەکانی زمانەکەش دا ئەمە دەبینرێ.

((بۆ نوسینی ناوی شار و وڵاتانی جیهان ، یان ئەو وشانەی کە لە زمانە بیانیەکانەوە دێنە ناو زبانی کوردی، نابێ لە ڕێنوسی عەرەبی کەڵك وەربگیرێ، چونکە لە زبانی عەرەبی دا چوار پیتی ( پ ، چ ، ژ ، گ ) نین و هەر بۆیەش کەڵك وەرگرتن لە عەرەبی لەم بوارەدا دروست نییە ، بۆ وێنە ناوی وڵاتانی ( کۆنگۆ، ئۆگاندا، ژاپۆن، چین...نیپاڵ و زۆر شتی دیکە

(3 ) هەروەك زمانی عەڕبی یاخود ئینگلیزی.

**لەو بابەتە، دەبێ بە پیتی كوردی بنوسرێن لە بەكاربردنی یابان و سین و... نیبال و ... هتد. خۆبپارێزن، چونكە كاتێك ئەو چوار پیتەمان لەزمانی كوردی دا هەیە، ئیدی پێویست ناكا خۆ بە زمانێكی دیكە ببەستینەوە.))**(فەتاحی كاویان ،٢٠٠١، ن،ژ:١٩: ٤٢) **هەربۆیە دەبێ لە فەرهەنگی زمانەكەمان دا لەم ڕووەوە زیادتر ئاگاداری ڕێنوسەكە بین.**

## ٢.ڕیزكردنی لێكسیمەكان:

**لە هەمو زمانانی جیهاندا وشەكانی یا یەكەكانی فەرهەنگ بە پێی سیستەمێكی دیاركراو ڕیزبەند دەكرێن جا چ بە پێی ئەلفوبێی فەرهەنگی زمانەكە بێ یا بە پێی ئەلفوبێی دركاندن بێ یا بابەتی (واتایی)[٤] .... هتد.**

((**دەربارەی ڕیزكردنی وشە لەناو فەرهەنگی كوردی دا پێویستە ......قالبێكی یەكلایی وەربگرێ، بۆ نموونە وەكو تۆفیق وەهبی و ئەدمۆنس لە فەرهەنگی كوردی ئینگلیزی دا ئەو وشانەی كە ( نا ) ی پێشگریان چۆتە سەر بە جیا ڕیزكراون، وەكو: ناتەواو، ناشرین، ناوەخت، نابوت. ئەمانە لەژێر وشەی تریش وەكو: ناتر، ناردن، ناسك، لە جێگەی تردا ریز كراون، بەلام لە فەرهەنگە كوردیەكانی تر دا هەموو وشەیەك كە بە ( نا ) دەستپێدەكات، هەریەكە سەربەخۆیی خۆی هەیە و تەنیا ڕەچاوی ریزكردنی ئەلفوبێی تێداكراوە.))**(فازیل نیزامەدین،٢٠٠١، ن،ژ:١٩ :٥٣-٥٤) ، **بەلام لەهەردو فەرهەنگی عبدالرحمن زەبیحی و عەلی نانەوا زادە تەنیا ڕەچاوی ئەلفوبێی تێدا نەكراوە بەڵكو تاڕادەیەك ڕیزبەندی گەردانیشی تێدا ڕەچاوكراوە ــ كە لە تەوەرەكانی تری نامەكە ئەمە زیادتر دەردەكەوێ ــ .**

---

(4 )ڕیزبەندی دركاندن: ئەوەیە وشەكان بەپێی یەكەم دەنگی دركاوی وشەكان ڕیزدەكرێن. كە بەتایبەتی هەندێ فەرهەنگی عەرەبی پابەندی ئەم جۆرە ریزكردنەن.

ڕیزبەندی گەردانی : ئەم جۆرە ڕیزكردنە هەمو گەردانەكانی كارێكی دیاریكراو لەژێرییەوە ڕیزبەند دەكرێن وەك لە زمانی عەرەبی دا و یاخود ئەو وشە داڕێژراو و لێكدراوانە لەژێر ئەو وشە سادە یاخود مۆرفیمە ڕیشەیەوە ریز دەكرێن، كە لێیەوە دروستبوون.وەك لەزمانی كوردی دا.

ڕیزبەندی واتایی یا بابەتی: هەمو ئەو وشانەی سەر بەكێڵگەیەكی واتایینە یاخود سەر بە بابەتێكی دیاریكراون پێكەوە تۆماردەكرێن، بەلام بەپێی ڕیزبەندی ئەلف و بێی سەرە بابەتەكان.

## ئەلفوبێی فەرهەنگی:

ئەلفوبێی فەرهەنگی بریتییە لەو ئەلفوبێیەی کە فەرهەنگی هەر زمانێك بە پێی ئەو پیتانەی کە دەتوانن لە سەرەتای وشەکانی زمانەکەیەوە بێن ڕیزدەکرێن ، ئەم ئەلفوبێیە پەیوەندی بە ژمارەی ئەو دەنگانەوە نییە کە لە زمانەکە دا هەیە.

(ڕەچاوکردنی ریزکردنی وشەکانە بەپێی پیتەکانی ئەلفوبێی زمانی کوردی، کە چۆن ڕیز بکرێن، کامە لەدوای کامەوە بێ.) (سەرچاوەی پێشو: ٥١ ). بێجگە لەمە ڕەچاوی ئەلفوبێی ناوەوەی هەر وشەیەك لەگەڵ وشەیەکی تر دا دەکرێ بە پێی پیتی یەکەم ئینجا دوەم ئینجا سێیەم بەم جۆرە وشەکان لەدوای یەك دا تۆماردەکرێن.

لەزمانی کوردی دا ئەوەی تا ئێستا باوە و پەیڕەوکراوە ڕیزبەندی بە پێی ئەلفوبێی فەرهەنگی زمانەکەیە؛ بەلاَم ریزبەندی درکاندن ، گەردانی ، واتایی (بابەتی)، تاڕادەیەکی زۆر فەراموَش کراوە ؛ چونکە (یەکێك لەو کەموکوڕیانەی لە پەیڕەوی ئەلف بێی گۆکراو[ یا درکاندن] دا هەیە ئەوەیە کە نازاندرێ کامە بنچینەیە و کامە لقەکەیە ، بەلاَم لە پەیڕەوی ڕیشەیی [و گەردانی] دا بەئاسانی ئەمە بەردەستە)(احمد محمد معتوق، ٢٠٠٨ :185) ، بەلاَم هەمو کاتێك ئەم ڕیزبەندییە بۆ زمانی کوردی گونجاو نییە .

فەرهەنگەکانمان لە ڕیزبەندی هەندێ لە پیتەکان و تەنانەت ژمارەی پیتەکانیش کێشەیان هەیە وەك ئەوەی لەم خشتەیەدا دەبینرێ :

| ژ | ساڵی چاپ | ناوی فەرهەنگ | ڕیزبەندی ئەلفوبێیە کێشەدارەکان | ژ. پیت |
|---|---|---|---|---|
| ١. | ١٣٦٧ کو (١٩٨٨ز) | قاموسی زبانی کوردی | ئا ص ل ڵ و ۆ وً ه ئە ی ێ یً | ٣٦ |
| ٢. | ١٣٦٩ کو (١٩٩٠ز) | هەنبانە بۆرینە | ئا و وُ ۆ ه ئە ی ێ | ٣١ |
| ٣. | ١٩٩٩ز | فەرهەنگی کوردستان | ئا ئە ل ڵ و ۆ ه ی ێ | ٢٧ |
| ٤. | ١٩٦٠ز چ١ /٢٠٠٥ز چ٢ | فەرهەنگی خاڵ | ئا ل ڵ و ۆ ه ئە ی ێ | ٢٧ |
| ٥. | ٢٠٠٥ز | فەرهەنگی هەرمان | ئا ر ڕ ل ڵ و ئو ئۆ ئوو ه ئە ی ئی ئێ | ٣٥ |
| ٦. | ٢٠٠٧ز | فەرهەنگی هەراشان | ئا ئە ل ڵ و ۆ ه ی ێ | ٢٧ |

**خشتەی ژمارە (١)**

( فەرهەنگنووسانی کورد وێرای ئەوەی هەردوو ئەلفبای تێکەڵ دەکەن، لەسەر ژمارەی پیتەکانیش کۆك نین[5][هەروەك لە خشتەکەی پێشودا کە هەم ڕیزبەندی و هەم جیاوازی لە بەکارهێنانی پیتەکان دا دەردەخات]....... " فەرهەنگی کوردی " دەبێ فەرهەنگی هەموو کورد بێت نەك تەنیا زارێك، ئەمەش زمانی ستاندەر بە هێز دەکات هەر بۆ نموونە فەرهەنگی کوردی – کرمانجی خواروو ( سۆرانی ) لە پیتی ( ڤ ) زۆر هەژارە، بەلاّم کرمانجی سەرو زۆر دەوڵەمەندە لەم پیتەدا، بۆیە بە بەکارهێنانی هەر ئەم دو زارە سەرەکییەی باشووری کوردستان، زۆر وشەی کوردی لە فەوتان ڕزگار دەبێت.)(سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو:٢٠٠٩: ٣٥ـ ٣٧)

## ئەلفوبێی فەرهەنگی و زمانی:

هەندێك پیت نابنە ئەلفوبێی فەرهەنگی لەوانە پیتە بزوێنەکان ( ا ، ە ، و ، ۆ ، ێ ) لەگەڵ پیتە نەبزوێنەکانی وەك ( ر ، ڵ )؛ لەبەر ئەم هۆیە وا پێویست دەکات لە فەرهەنگ دا ئەو ( ر ) یانەی دەکەونە سەرەتای وشەوە ئەم نیشانەیان ( ٖ ) بۆ دابنرێ. کە بە بڕوای هەندێ نوسەر پێویست ناکات، چونکە هەمو ( ر ) ێکی سەرەتا قەڵەوە، بەلاّم لەبەرئەوەی لە زمانی کوردی دا وەك زمانی ئینگلیزی زانیاری فۆنەتیکی لە تەك وشەکەوە نیە، لەبەر ئەمە دەبێ بەلایەنی کەم لە ڕێنوسەکەی دا ئەمە دەربکەوێ.

جیاوازی نێوان ئەلفوبێی فەرهەنگی و زمانی لەوەدایە: (کە ئەلفوبێی فەرهەنگی هەموو ئەلفبای زمانی ناگرێتەوە، ئەلفوبێی فەرهەنگی تەنیا ئەم پیتانە دەگرێتەوە کە توانایان هەیە لە سەرەتای وشە دا بێن، ئەمەش هەرتەنها نەبزوێنەکان ناگرێتەوە، بەڵکو پیتە بزوێنەکانیش دەگرێتەوە. بۆ نمونە: ئەگەرچی هەردوو پیتی( ر ) و ( ڵ ) لە زۆر وشەی کوردی دا دەردەکەون، بەلاّم نابنە بەشێك لە ئەلفوبێی فەرهەنگی، چونکە کورد وشەی نییە بە ( رای لاواز ) و ( لامی قەڵەو ) دەست پێ بکات، هەروەها لە کوردی دا هەردوو پیتی ( و ) و ( وو ) دوو دەنگی جودا پێکدێنن، هەردوو وشەی ( کوڕ ) و ( کووڕ ) تەواو لەیەك جودان، بەلاّم لە ئەلفبای فەرهەنگیدا [جگە لەم دو وشەیە] دەبن بە یەك، چونکە وشەی نوێ پێکناهێنن، هیچ گۆڕانێکی واتایی لە نێوان ( وشە ) و ( ووشە ) بە ( وتە ) و ( ووتە ) دا دروست نابێ، بەلاّم لە ئەلفوبێی زمانیی دا [بە بڕوای هەندێ لە نوسەران[6] ] دوو فۆنیمی لەیەك جودان.......)
(سەرچاوەی پێشو:٢٠٠٩: ٣٥)

---

(5 )بۆزانیاری زیادتر بڕوانە : زمانەوانی،٢٠٠٩، سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو،ل: (٣٥ ـ٣٦).

(6 )بڕوانە: وتارێکی عەبدوللاّ حوسێن ڕەسول، بەناوی: چەند پیتێکی کێشەدار لە نوسینی کوردیدا، (٢٠٠٣).

## گەردانكردنی فەرهەنگی:

( پێویستە ڕەچاوی ریزەكانی پیتەكان و پەیوەندی هەر وشەیەك لەگەڵ خۆیدا بكرێت و پاش و پێش نەكرێن، واتا ئەو كۆمەڵە وشانەی كە لە دروست بووندا پەیوەندییان لە نێواندا هەیە پێویستە بە زنجیرەیەك لە بنچینەیەكانەوە تا دوا وشەی بەكارهێنراو ریز بكرێن ، یەك لە دوای یەك بنووسرێن واتایان لێك بدرێتەوە، بەو ڕێگەیە كە دیاری دەكرێت.)(جەلال مەحمود عەلی:٢٠٠١: ن،ژ:١٩ :٦٦ )

لە زمانی كوردی دا هەر وشەیەك چەند مۆرفیمی دارشتنی بۆ زیادكرابێ یا گۆرابێ ئەوا ئەوەندە جارە لە فەرهەنگ دا بە جیا هاتووەتەوە. بەلاَم دەبێ ئەوە لەیادنەكرێ كە فەرهەنگ هەمو گۆڕانێك لە فۆڕم دا تۆمارناكات، تەنیا ئەو وشانە نەبێ كە مۆڕفیمی وشەدارشتن وەرگرن یا یەكەی واتایی نوێ دروست دەكەن. لەوانە ((گیرەكەكان [ بەتایبەتی پێشگرەكان ]وەك وشە رەفتاریان لەگەڵدا بكرێت، وەك وشە دەروازەیان بۆ دابنرێت.)) (محەمەد معرووف،٢٠٠١،ن، ژ:١٩ :١٧٢-١٧٢)لە زمانی كوردی ژمارەی پێشگرەكانی كە بەشداری دەكەن لە دارشتنی وشەكانی زمان دا زۆرە، پێویستە ریزبەندیەكی وا بەكاربهێنرێ ڕەچاوی ئەم لایەنی تێدا بكرێ.... هەروەك لەزمانی عەرەبیدا پەیرەوی ریشەیی بەكاردەهێنرێت و لە زمانی ئینگلیزیدا زیاتر (Base ) یا لە وشە لێكدراوەكان دا زیاتر ڕەچاوی یەكەم وشە دەكرێ - كە (ئەم پەیرەوە بۆ فەرهەنگی زاراوە و بۆ مندالاَن زۆر بەسودە) ( احمد محمد معتوق، ٢٠٠٨ :١٨٢) دەكرێ لە زمانی كوردی دا ئەم پەیرەوە و هەروەها پەیرەوی ریشەیش لە فەرهەنگەكان دا بەكاربهێنرێ بەتایبەتی بۆ ڕەگ یا چاوگ.بەلاَم بۆ وشەی لێكدراو ئەم جۆرە پۆلینە هەردەم سەركەوتو نییە. چونكە مەرج نیە وشەیەك كە بەشداری لە دروست بوونی وشەیەكی لێكدراوە دەكات هەردەم لەیەكەم كەرت دا یا لە دوەم كەرت دا بێتەوە. وەك :

مەرج نیە ئەو وشانەی كە بەوشەی ( ڕەش: **ئاوەڵناو** ) دەست پێدەكەن هەموو بچنە ناو بەشە ئاخاوتنێكەوە بۆ نمونە دەبن بە **ناو** وەك:( ڕەشماڵ، ڕەشەتو، ڕەشەولاَغ، ڕەشەمێ، ڕەشەتا، ڕەشەبا....) لەوانەش بێ **ئاوەڵناو** دروست بكەن وەك :( ڕەش بگیر، ڕەش بین ) یاخود لە ڕوی شوێنەوە لەوانەبێ وشەی ( ڕەش ) بكەوێتە كەرتی دوەم وەك: ( پێ ڕەش، چاو ڕەش، دەست ڕەش، دڵ ڕەش، هەناو ڕەش،.... ) كە ئەوانە دەبنە **ئاوەڵناو** یا لەوانەبێ ببن بە **ناو** وەك: ( تەختە ڕەش، قەلەڕەش.... )

كەچی لە وشە دارێژاوەكان دا بەزۆری ئەو پێشگرەی كە دەچێتە سەركار ناچێتە سەر ناو وەك:

- هەڵ + ڕەگ = هەڵخەڵەتاو : ئاوەڵناو
- هەڵ+ ڕەگ = هەڵكەوت : ناو
- هەڵ+ ڕەگ = هەڵ دان : چاوگ
- ★ (هەڵ + ناو )

ئەگەر چی پێشگری وا هەیە دەچێتە سەر (ڕەگ، چاوگ، ئاوەڵناو )وەك:
- نە + ڕەگ = نەزان : ئاوەڵناو
- نە + ئاوەڵناو = نەخۆش : ئاوەڵناو
- نە + چاوگ = نەبوون : ئاوەڵناو/ ناو
- ★(نە + ناو )

بەڵام دەگمەنە یاخود دەكرێ بوترێ نییە كە شوێنی خۆی بگوازنەوە. بە واتایەكی تر پێشگرەكان و پاشگرەكان پابەندن بە شوێنی خۆیانەوە:
- نەزان ★ زان نە
- نەخۆش ★ خۆش نە

لە هەندێ لەو كارانەی كە بە داڕێژاو دانراون(٧) پێشگرەكان شوێنیان دەگۆڕێ:
- (دەركەوتن كەوتنەدەر
- دەرهاتن هاتنەدەر
- سەرخستن خستنەسەر)(مەسعود محمد:١٩٨٨ :٤٨)
- سەركەوتن كەوتنەسەر
- بەركەوتن كەوتنەبەر

ئەمانە(دەر، سەر، بەر......) لە بنەڕەت دا وشەی سەربەخۆن ــ بە تایبەتی ئاوەڵكارن - ، نەك پێشگر یا پاشگربن. هەر لەبەرئەوەشە وەك وشە ڕەفتار دەكەن، نەك وەك ڕەفتاری پێشگر یا پاشگرەكان كە بەشوێنی خۆیانەوە بەندن.

---

(7 )وەك: مەسعود محمد، (١٩٨٨) ، زاراوەسازی پێوانە . هەروەها ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا،(٢٠٠٦) ، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی كوردی، ل:( ٩٢ـ ٩٣).

## ٣. زانیاری زمانەوانی :

### أ. زانیاری فۆنۆلۆجی و فۆنەتیکی:

گرنگە یەکە فەرهەنگیەکان لە کاتی تۆمارکردنیان لە فەرهەنگ دا زانیاری فۆنۆلۆجی و فۆنەتیکی ڕاست و دروستیان لە سەر بدرێ، کە هەندێ لە نوسەران داوای ئەوە دەکەن ( وشە چۆن لەناو خەڵکدایە، ئاوا تۆمار بکرێت)(جەلال مەحمود عەلی:٢٠٠١،ن،ژ:١٩: ٦٦). لە زمانی کوردی دا تا ئێستا لە فەرهەنگەکان دا بە شێوەیەکی زانستی بایەخ بەو بابەتە نەدراوە، کە لە بەر ئەم هۆیە وشەیەك زیادتر لە جارێك تۆمارکراوەتەوە. وەك:

- **((قوزادە**
- **کوزادە** )) (هەژار:١٣٦٩ :٥٦٢ ، ٦٢٨)
- **((ڕاستوویژ**
- **ڕاسویژ))** (گیوی موکریانی:١٩٩٩:٤٧٨ ، ٤٧٩)
- **((وشترمر**
- **وشترمرغ))** (شێخ محەمەدی خاڵ:٢٠٠٥:چ٢: ٤٩١)

ئەم جوتە وشانە هەرچەندە بە تەواوی لەڕوی دەنگەکانیانەوە هاوتانین، لەگەڵ ئەوەش دا دەکرێ یەك وشەیان پەسندبکرێ وتۆماربکرێ و وشەکانی تری هاوشێوەی بخرێتە پاڵیەوە چونکە بەتەواوی خاوەن هەمان واتان. گۆڕانی دەنگ و جیاوازی لە درکاندنی وشەیەك نابێتە هۆی ئەوەی کە وشەیەك چەندین جار لە فەرهەنگ دا بێتەوە؛ تەنیا جیاوازی واتایی دەبێتە هۆی دوبارە هاتنەوەی یا نوسینەوەی وشەیەك.

(مەبەست لە لایەنی فۆنۆلۆجی وشەکانی زمان لەوەدایە دارشتەی وشەکە لە مێشکدا چۆنە، فۆنەتیکەکە بە واتای ئەوەی لە مێشکدایە لە ڕێی ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە دەبیسترێت جیاوازی نێوان ئەم دوانە ..... تائێستا لای ئێمە نە لە فەرهەنگەکان دا و نە لە پەخشان و نوسراوەکان دا ڕەچاو نەکراوە.)(محەمەد مەحوی:٢٠٠١،ن،ژ:١٩: ١٤٥)

لەگەڵ ئەوەش دا ئەگەر ئەمە بیانویەك بێ بۆ فەرهەنگنوسانی کورد کە خۆیان لە ئاماژەپێدانی گۆڕانی دەنگەکان بە دوربگرن؛ ئەوا دەتوانن ((هیچ نەبێ شوێنی هێزی سەرەکی وشەکان بدەن.......چونکە هێز کارێکی تەواو دەکاتە سەر خوێندنەوە و گۆکردنی وشەکە)) (محەمەد معرووف:٢٠٠١،ن،ژ:١٩: ١٧١) و گۆڕانی واتاکەی. بە هەمان شێوە دەکرێ زانیاری برگەییش

پیشانبدرێت، بڕگەكانی وشەكە دەربخرێ، كە چەندین (سەرچاوە و نامەی ئەكادیمی)[8] هەیە لایەنی زانستی بواری هێز و بڕگە خراوەتەڕو. دەتوانرێ سودییان لێوەربگیرێ بۆ ئەو مەبەستە.

## ب .زانیاری مۆرفۆلۆجی:

(مۆرفۆلۆجی دو جۆرە یاسای تێدەكەوێ، هەندێ یاسای هەیە رێكوپێكن كە دەتوانرێ بخرێتە قالبی یاساوە لە پێشەكی فەرهەنگەكە دا، بەلام ئەوەی كە فەرهەنگ پێی بەناوبانگە تەنیا دەگمەن دەخرێتە ناو فەرهەنگەوە، شتێك ئەگەر ناوێزە نەبێ فەرهەنگی بۆ دروست نابێ، لەڕوی مۆرفۆلۆجییەوە ئەوانەی باون یا لە سەر یاسا ڕۆیشتون، پێویست ناكات لە هەموو وشەیەكدا یاساكان دووبارە ببنەوە، كۆمەڵێك یاسا دروست بكرێ و بكرێت بە پێشەكییەك...بۆیە دەبێ فەرهەنگێكی تایبەت بەكردار هەبێ.) ( سەرچاوەی پێشو: ١٨٠)

((فەرهەنگەكەی م . زەبیحی بە هەر دو بەرگەكەیەوە [بە یەكەم] فەرهەنگی كوردی[ دادەنرێ]كە هەوڵیدابێ لە دەروازەی وشەكانی دا جێ ی بۆ زانیاری مۆرفۆلۆجی كردبێتەوە، بەمەش لەم ڕووەوە بۆتە پێشەنگی فەرهەنگەكانی كوردی.))(سەرچاوەی پێشو:١٧١)

لێرەدا چەند نمونەیەكی دەخەینە ڕو:

- ((ئاردەمشار ـ { ئارد + ە ـ ئە / ١ + مشار } ( نت. ) ووردەی دار و تەختە كە پاش بڕینەوەیان بە مشار ،ئەكەوێتەوە.
- ئاڵەبێژ ـ { ١ ـ ئالا / ١ + بێژ ( دابیشتن ) } ، ( نمص.) ، ( مك. ) كاری دابیشتنی شتی هاڕاوە بە هێڵەگی زۆر وورد ، یا پارچە قوماشێكی تەنكی شاش كە دابدا.
- ئاوشار ـ { ٢ ـ ئاو + شار ( ند . ) }، ( نت.) ١ ـ ئەو شوێنەیە كە ئاوی چەم و روباران ، لەبەرزیرا رژد و بەخۆر دەڕژێنە خوار ، هەڵدێرانی ئاو لە شوێنێكی بەرز و ڕژدەوە . :: ئاو شاری بێخاڵ لە كوردستانە

---

(8) وەك: ئەورەحمانی حاجی مارف ( ١٩٧٦ )، زمانی كوردی لە بەرڕۆشنایی فۆنەتیكدا، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد بەغدا.

ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن. ( ١٩٩١ )، بڕگەو ئاسان بوونی بڕگە لە كوردیدا، نامەی ماستەر، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر.

هەروەها (١٩٩٨)، پەیڕەوی فۆنیمە ناكەرتی یەكان لە كوردیدا، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی پەروەردە ـ ئیبن روشد . زانكۆی بەغداد.

وریا عومەر ئەمین. ( ٢٠٠٣ )، چەند ئاسۆیەكی تری زمانەوانی، بەرگی یەكەم، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر.

شێركۆ بابان. ( ٢٠٠٥ )، دەنگسازی و بڕگە سازی لەرێزمانی كوردی دا چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

. ئاو شاری هەرە گەورەی دنیا ، نیا گاڕایە . ★ ئابشار . بافڵ . ( بک.) تاڤگە . تاف . تاڤگە . قەڵبەزە . تێبـ ــ ئـەم ووشـەیە مـردۆخ نوسـسیوەیە و لـە ( ابـشار) ی فارسـێرا شـێوەی کـوردی دراوەتـێ ، ئـەو هاوتایانەی کە بۆی نوسراوون هەموی بۆ ئەم مەبەستە بەکار دێن کە ئاوشار پێشانی دەدا، بەڵام شەرت نیە ئاو شاری ( نیاگاڕا ) و ( بێخاڵ ) بن.

- **بارچەوت ـ { ٢ـ بار / ١ + چەوت } ، ( صتـ.) ( مجـ.) حاڵی کەسێکی قسەی کەسی بـەگوێ دا نەچێ، کەسێکی کردەوەی پێچەوانەی باو نەرێتی کۆمەڵ بێ .))** ((عەبدورەحمانی زەبیحی:١٣٦٧:ب١: ٢٦١،٦٣،٨٨) [٩]

هەرچی فەرهەنگە کوردییەکانی ترە زیادتر گرنگیان بە : تۆمار کردنـی گـەورەترین ژمـارە لە وشە و کەرەسـتەی زمـانی داوە، واتـا گرنگـی دان بـە قـەبارە نـەك بـە جـۆر، ئـەم تێڕوانینـە هەڵەیە لە لاوازی و هەژاری دەروازە فەرهەنگییەکان دا دەبینرێ.

(( ئەو وشەو زاراوانەی کە لە هەر زبانێکەوە هاتوونەتە نێو زبـانی کـوردی دەبـێ لـە پێـشیان بنووسرێ کە لە چ زمانێك وەرگیراون))(فەتاحی کاویان:٢٠٠١،ن،ژ:١٩: ٤٣) زۆر وشـە هـەن تـا ئێـستاکە بـە تەواوی ساغ نەبووەتەوە کە لە بنـەڕەت دا هـی چ زمـانێکن ، بـەڵام دەکرێـت ئـەو وشـە و زاراوە هاوچـەرخانەی ئێـستا هاتونەتـە نـاو زمـانی کـوردی و سەرچـاوەی زمانەکـەیان دیـارە نـاوی سەرچـاوەکەی ببردرێـت. لـە فەرهـەنگی هەراشـان دا هەرچـەندە فەرهـەنگێکی (کـوردی ـــ کـوردی)یـە، کەچـی کۆمـەڵێکی لـەم زاراوە بـەکارهاتوە بیـانی وجیهانیانـەی تۆمـارکردوە بـێ ئاماژەدان بە سەرچاوەی زمانەکەی، هەر وەك وشەیەکی کوردی مامەڵەی لە گەڵ دا کـردوە، بـۆ نمونە:

((**ئایدز، ئەکۆردیۆن، ئەنفال، ئۆتۆمبێل، ئۆتۆنۆمی، پەرلـەمان، پرەنـسیپ، پـیترۆل، تەسـلیم بوون، تەعەداکردن، تەلیسکۆب، دیکتاتۆر، دیموکراسی، ڕادیۆ، رۆبۆت، سیستەم، عەسر، عەمیم، عیلمانی، غەیبەت، فاشست، فاکتەر، مەلیك، میترۆ، هارپ، هایدرۆجین**))[١٠]

هەرچـەندە ئـەم وشـە و زاراوانـە لـە زمـانی قـسەکەران و ڕۆڤـارە کوردییـەکان دا زۆربـەیان باون، ئەوانە زیادتر لە فەرهەنگێکی زاراوەیی دا تۆماردەکرێن و واتاکانیـان یـا وشـە هاوتاکـانی لەناو زمانی کوردی بەرامبەر دەکرێت، بەڵام دەبێت ئاماژە بە سەرچاوەکەیان بکرێت.

---

(9) واتای کورتەی ئەو زاراوانەی کە لە فەرهەنگنوسی ئەو فەرهەنگە بەکاریهێناوە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئە: ئامراز | نتـ.: ناوی تێکەڵاو | :: : نمونە | نمصـ.: ناوی مصدر |
| مک.: موکریانی | ند .:دەنگە ناو | ★ : هاوتا | بك.: باکوری |
| صتـ.: صفەتی تێکەڵاو | مجـ.: مەجاز | | |

(10) بە چاوپخشانێکی سەرتاسەری ( فەرهەنگی هەرمان ) ئەو وشانە وەرگیراوە.

## جـ. زانیاری سینتاكسی:

بایەخدان بە زانیاری سینتاكی یەكەكانی فەرهەنگ بەتەواوی ئاوڕی لێنەدراوەتەوە. ئەوەی ئێستە لە هەندێ فەرهەنگدا لە روی سینتاكسەوە پەیڕەو دەكرێ دو شتە:

١. ((دیاركردنی بەشی ئاخاوتنی كەرەسەی فەرهەنگی))(محەمەد معرووف:٢٠٠١، ن.ژ:١٩: ١٧٢)كە لە فەرهەنگێكی نوێی وەك: (هەراشان:٢٠٠٧) دا تەنیا گرنگی دراوە بە ئاماژەدان بە بەشەكانی ئاخاوتنی وشەكان وەك: (ئامراز، ئاوەڵكار، ئاوەڵناو، جێناو ، چاوگ، ناو). بۆنمونە:

- ((**چوارچرا** (ن.): گۆڕەپانەكە لە مهاباد: *لە گۆڕەپانی چوارچرادا كۆماری كوردستان جاڕدرا.*

**[ئەمە ناوێكی لێكدراوە لە وشەیەكی پێشەنگی(ژمارە) وەك: چوار، لەگەڵ ناوێكی سادەی وەك: چرا، دروستبووە. بەبێ ئامراز.]**

- **سەردەمی كۆن**(ن.): ڕۆژگاری زوو، دێرین زەمان، سەردەمی ڕابردوو پێش لە دایك بوونی عیسا: لە سەردەمی كۆندا ئادەمیزاد لە نێو ئەشكەوت دەژیا.

**[ئەمە جۆرێكە لە فرێز كە لە دو وشە پێكهاتوە بە هۆی ئامرازی پەیوەندی (ی)]**

- **هەلكرن** (چ.) داگیرسان: *خۆ ژ هەلكرنا ئاگری دویر بێخە.))*[11](هەراشان:٢٠٠٧ :١٢١،٢٠٢،٣١٤)

ئەمە چاوگێكی داڕێژراوە پێكهاتوە لە (پێشگری: هەڵ + چاوگی: كرن)

١. ((لەگەڵ كارەكان دا هەندێ جار تێپەری یان تێنەپەری كارەكە نیشان دەدرێ (سەرچاوەی پێشوتر: ١٧٢). وەك:

(( ـ **ئاوكردن ـ** ( مصت . مت .) ڕشاندنی ئاو لە هەندێ شت ( نان ، توتن ،...) بۆ نەرم بونەوە و خاو بونەوەیان . :: نانەكە ئاوكە و داپۆشە ، توتنە كەیان ئاوكردوە ئیمشەو دایدەگرن .))[12] (عەبدورەحمانی زەبیحی:١٣٦٧:ب١: ٨٩)

بە بڕوای نوسەر چاوگێكی داتاشراوە ؛ بەڵكو چاوگێكی لێكدراوە. هەروەها بە چاوگێكی تێپەڕیشی داناوە.

---

(11) ن. : ناو      چ: چاوگ

(12) مصت .: مەصدەری تێكەڵاو      مت .:متعدی

دەبێ تێبینی ئەوەش بکرێ کە چوار چێوەی سینتاکسی جیاواز بۆ کاری لێکدراو پێویستە، چونکە بەلای کەمەوە لە لێکدانی کاردا ئاگاداری چەمکی ترازان و نەترازان بین...... لەناو نمونەی ڕستەکان دا. لە بەر ئەم چەندین گرفتانەی کە کەکارەکان هەیانە؛ بۆیە دەبێ فەرهەنگێکی تایبەت بەکردار هەبێ....... زۆربەی ئاوەڵناوی کوردی پێویستی بەگرێیەکی ناوییە کەرۆڵی بکەر ببینێ لەرێزماندا، بەلاّم هەندێ ئاوەڵناوی وەك ( دڵنیا ) یان ( راست ) بەکارهێنانێکی ئالۆزتریشیان هەیە جگە لە بەکارهێنانە ئاساییەکە. ) تۆمارکردنی ئەم لایەنانە لە فەرهەنگەکان دا هەم سودبەخشە و هەم پێویستیشە لە هەمان کات دا. هەروەها فەرهەنگنوسەکان دەتوانن سود لە دوا پێشکەوتەکانی لایەنی سینتاکسی وەربگرن)(محەمەد معرووف:٢٠٠١، ن.ژ:١٩: ١٧٣-١٧٦). چ لە دەرەوەی یا ناوەوەی زمانی کوردی دا هەیە.

## د . زانیاری سیمانتیکی :

لە زۆربەی فەرهەنگ و فەرهەنگۆکە کوردییەکان دا بە شێوەیەکی گشتی بەلایەنی کەم هەر وشەیەك وشەیەکی هاوواتای بۆ ڕونکردنەوەی چەمکەکەی بۆ هێنراوەتەوە، یاخود پێناسەکراوە، هەندێ جاریش (......جیاکردنەوەی وشە فرەواتاکان لە هاوبێژەکان یان هاو دەنگەکان هەرکاتێك یەك تاکە واتە دوو یان چەند واتایەکی لێ کەوتبێتەوە، ئەوا بە وشەیەکی فرەواتا دانراوە)(سەرچاوەی پێشو: ١٧٥). وەك: وشەی **ئاواکردن** لێرەدا دەتوانرێ چەند واتای نزیك لەیەك بەهۆی ڕستەکانەوە جیابکرێنەوە، بەلاّم لەبەر ئەوەی واتاکان لەیەك وشە کەوتوونەتەوە دەبێ لەناو یەك دەروازەدا بن و بەژمارە جیابکرێنەوە بەم جۆرەی خوارەوە :

- **((ئاواکردن ـ { ٣ ـ ئاوا + کردن }، ( مصت. مت.) ١ ـ لەبەر چاوان وونکردن. ٢ ـ تێپەڕاندن ( کەسێك لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ) ٣ـ بردنە سەر، رابواردن ( وەخت ) ٤ـ بردنەخوار :: هەڵیان بڕین و لێیان نەبۆنەوە تا ئاوای ئەو دیویانە کردن. رۆژەکەمان بە خۆرایی ئاواکرد. هێشتا پارۆیکی لە گەروی ئاوا نەکردوە یەکی تر دادەگرێ .))** (عەبدورەحمانی زەبیحی:١٣٦٧:بـ١: ٧٩)

((لە هاوبێژی یان هاودەنگی دا فەرهەنگساز ڕەفتار لەگەڵ دوو وشە یان زیاتر دەکات کە بەرێکەوت لە نووسین یان گۆکردن یان هەردوکیان دا کتومت وەك یەکن، بەلاّم واتاکانیان جیاوازن و لەیەك سەرچاوەوە هەڵ نەقولاّون. لەبەر ئەوە دەبێ هەریەکە لەم وشانە دەروازەی جیایان هەبێت))( سەرچاوەی پێشوتر:١٧٥) ، وەك:

**هاوبێژی تەواو:**

- ((١ ـ **ئاوكردن ــ** ( مصت. مت.) ڕشاندنی ئاو لە هەندێ شت ( نان ، توتن ،...) بۆ نەرم بونەوە و خاو بونەوەیان. :: نانەکە ئاوکە و داپۆشە ، توتنە کەیان ئاوکردوە ئیمشەو دایدەگرن.
- ٢ ـ **ئاوكردن ــ** ( مصت . لا . ) ١ــ پەیدابونی زنچکاو لە کوان و برینانـدا . ٢ ــ فرمێسك کردنی چاو لەبەر نەخۆشی یا هۆی تر ، بە جۆرێ کە هەر لە چاوا قەتیس بمێنێ و وەك فرمێسکی گریان بە ڕومەتا نەیەتە خوار))[13] (عەبدورەحمانی زەبیحی:١٣٦٧:ب١ :٨٩)

**هاوبێژی هاوپیت:**

- ((١- **ئیشکەڕۆ ــ** { ئیشکە + ڕۆ ( ڕۆیین ) }، ( صتـ.) وولاغی بەرزە کە خێرا نەڕوا، گران بڕوا و دەست و قاچی خراپ باوێژێ.// خۆشڕۆ.
- ٢- **ئیشکەڕۆ ــ** { ئیشکە + ڕۆ = ڕۆبار }، ( صتـ.) حاڵی ڕۆبارێکی هەندێ وەخت ئاوی پێدادێ و کاتێکیش و شکێ دەکا.))[14] (سەرچاوەی پێشو:٢١٣)

بەلأم (ساموئیل جۆنسۆن دەڵێ: (( دۆزینەوەی وشە بەس نیە، بەڵکو دەبێ پەیوەندی کردبێ بە هی تر، بۆ ئەوەی واتاکەی لە کڕۆکی ڕستە و مەبەستەکەی ڕون بێتەوە )) ئەنجامی ئەم پەیوەندی کردنە و هاوڕێیەتیە دەبێ لەناو دەقێکی دەربڕاوی تایبەت بێ، کە وەك زاراوە پێی دەوترێ بەڵگەی ڕونکەرەوە.)( احمد محمد معتوق، ٢٠٠٨ :١٩٢) کەواتە دەق لایەنێکی تری واتای یەکە فەرهەنگییەکان دەردەخات. کە ئەو فەرهەنگە کوردییانەی ڕستە یا دەق بەکاردێنن ، ژمارەییان زۆر کەمە.

(فەرهەنگساز دەتوانێ کەڵکی زۆر لەمە زیاتر لەواتاسازی و داهێنانە نوێیەکانی ببینێ. بۆ نموونە بەکارهێنانی بنەمای ڕۆڵی واتایی و کۆتی واتایی شوڕشێك لە فەرهەنگسازیدا بەرپا دەکات کەخزمەتێکی زۆر نەك هەر بە بەکارهێنی فەرهەنگ، بەڵکو بەفێرخوازی زمانی فەرهەنگەکە دەگەیەنێت. ئەوەی ئاشکرایە گرێی ناوی لەهەر شوێنێکی ڕستەدا بێت ڕۆڵێکی واتایی دەبینێ. ژمارەی ئەم ڕۆلە واتاییانە لە لێکۆڵینەوەیەکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ، بەلأم کەمجار لە ١٠-١٥ ڕۆڵ تێپەڕ دەکات......

**هەنگاوی یەکەم: ڕۆڵی واتایی.**

**گرنگترین ئەم ڕۆڵانە ئەمانەیە:**

١. **کارا** (ئەو کەسەیە کە کارێك بە مەبەست یان بە ڕێکەوت ئەنجام دەدات).

---

(13) مصتـ .: مەصدەری تێکەڵاو — متـ .:متعدی — لا . : لازم

(14) صتـ. : صفەتی تێکەڵاو — // : دژ

٢. **باس** (ئەو شتە یا ئەو کەسەی کاری فەرمانەکەی دەکەوێتە سەر).

٣. **ئامێر** ( ئەو ئامرازەی کارێکی پێ ئەنجام دەدرێ).

٤. **وەرگر** (ئەو کەسەی کە کارەکەی ئاڕاستە دەکرێ، کارەکە سوودی پێ بگەیەنێ یا زیانی لێ بدا ).

[دەکرێ بەم شێوەیە کارێکی وەك **شکا** لە فەرهەنگ دا تۆماربکرێ]:

**شکا: کار** < **گ ن** ___ >

**باس**

واتە کاری شکا پێویستی بە گرێیەکی ناوییە، بە مەرجێ گرێکە (باس) بێت (کەسێك یا شتێك باجی کارەکە بدات)

**هەنگاوی دوەم: کۆتی هەڵبژاردن.**

....ئەوەیە کە کۆتەکانی هەڵبژاردن دیاری بکرێ، ئەمەش بەهۆی چەند سیمایەکەوە گشتی و چەند سیمایەکی تایبەتیەوە دەکرێ:

١. سیمای گشتی: سیما گشتییەکان ئەوانەن، کە لە هەموو زمانێکدا هەن.

٢. سیمای تایبەتی: سیمایە تایبەتییەکانیش، پەیوەندی بەهەڵکەوتی کارەکە خۆیەوە هەیە.

ـ ئاوەکە شکا.

سیماکانی **شکان** : + بەرجەستە – شلە + بشکێت (وردبێت)

سیماکانی **باس** : + بەرجەستە – شلە + بشکێت (وردبێت)

ئەم جۆرە واتایە واتای پیتی وشەکانە، بۆی هەیە هەندێك جار ئەو (**باس**)ەی هاورێیەتی ئەم کارە دەکات، سیماکانی تەواو هاوتا نەبێ لە گەڵ کارەکە دا بەم جۆرە ڕستەیەکی ناپەسەند دروست بێ کە واتایەکی خوازەیی بدات.) (محەمەد معرووف:٢٠٠١، ن،ژ:١٩: ١٧٦-١٧٧ )

## هـ. زانیاری بەکارهێنان ( پراگماتیك ):

((ئەوەی تا ئێستا کەم و کوڕیەکی زەقە لە فەرهەنگە کوردییەکاندا نەبوونی زانیارییە لەبارەی ئاستی کۆمەڵایەتی وشەو زاراوەکان، وشە لەم ڕووەوە وەك کەسەکانی کۆمەڵێکە چۆن هەر کەسە لە کۆمەڵێکدا پلەو پایەی تایبەتی خۆی هەیە بە دیدەی خەڵکی ترەوە، وشەکانی زمانیش بەهەمان شێوە بەیەك چاو سەیر ناکرێن هەندێ هێندە نزمن فەرهەنگەکان لێیان دور دەکەونەوە، هەندێ تەنیا لە ناوچەیەك بەکاردێن، هەندێ بەرزن لەبەر ئەوەی لەهەموو کۆمەڵێك و لەهەموو ئاستێکدا دێن یا هەندێ تەنیا بۆ ژن دەشێن .. هتد....نەبوونی ئەم جۆرە زانیارییە لە فەرهەنگدا تێڕوانێکی هەڵە زانیارییە لێ دروست دەکات، چونکە وا دەزانێ

هـەمو ئـەو وشـانەی لەفەرهەنگێکـدا هـەن هـەمویان لـەرووی کۆمەڵایەتیـەوە لەیـەك ئاسـت و پایەدان، ئەمیش دوای ئەو ڕادەیە رەنگە بەهەڵە بەکاریان بهێنێ بێ گوێ دانـە شـوێن و بۆنـەو باری بەکارهێنان.......شێواز بەسەر سێ ڕەهەند دابەش دەکرێت:

١ . سـیما هەمیـشەییەکان (نـەگۆڕەکان ): زاری ناوچـەیی / سـتاندەرد: زمـانی یـەکێك لەسەدەکان.

٢ . سیماکانی گوتن: زمانی گوتن و زمانی نووسین: مۆنۆلۆگ و دایەلۆگ.

٣ . سیما کاتییەکان:

- بوار: زمانی یاسا، زانست .. هتد
- پلەو پایە ( بەرز، نزم (بازاڕی) ،ئاسایی ) بۆنەی رەسمی / نارەسمی
- تاکێتی ( زمانی نووسەرێك )
- مۆدالیتی ( زمانی واتە، گاڵتە جاری، زمانی یاداشت)

مەرج نییە فەرهەنگناسی کورد وشەکانی بەو پێیەی سـەرەوە دابـەش بکـات، بـەڵام ئـەوەی جێ ی تاوتوێ نییە ئەوەیە کە جیاکردنەوەی وشە بە پێی پلەو پایەی کۆمەڵایـەتی و نووسـین گوتن و زاری ناوچەیی و ستاندەرد لەم قۆناغەی کوردیدا کارێکی زۆر پێویستە.))(سەرچاوەی پێشو: ١٧٧- ١٧٨ )

یاخود دەتوانرێ بە شێوەیەکی سادە پراگماتیـك پیـادە بکـرێ، بەلایـەنی کـەم بتـوانرێ لـە نێوان وشەیەك کە لە زمانی فەرمی بەکاردێ و وشەیەك کە بازاڕییە جیاوازی بکرێ.

## وشە و لێکسیم و لێما:

(زمان لە وشە پێك دێ) (Hallidy:2007:1). وشە ئەو یەکە زمانییەیە کە لە قسەکردن و نوسـین دا بەکاردەهێنرێ ، سەر بە ئاستی مۆرفۆلۆجییە ، لە مۆرفیمێك یـا زیـادتر پێکـدێت. هـەروەها (دو جۆری لێ دەستنیشانکراوە یەکێکیان وشەی سەربەخۆ کە واتایەکی تەواوی هەیـە، دوەمیـان وشـەی ناسـەربەخۆ (ناتـەواو) کـە واتـاو بـونی سـەربەخۆی نییـە)(نەسـرین فـەخری، کوردسـتانی موکریانی:١٩٨٢ :٦٥). بۆ نمونە:

وشەی سەربەخۆ: ( سەر ، سەرو، سەرۆك ، سەردان ، سەرکەوتن، سەربەسەر.....)

وشەی ناسەربەخۆ: ( لە، بە ، بۆ، هەڵ، دوە، ێنە ......)

هەرچی لێکسیمە ئـەوا ئـەو یەکـە زمانییانەیـە کـە لـەناو فەرهەنگـەکان دا تۆمـاردەکرێن . دەشێ سەر بە ئاستی مۆرفۆلۆجی بن، لە شـێوەی وشـەی سـادە یـا ناسـادە: داڕێـژراو یـا لێکـدراو خۆیان بنوێنن.

یاخود سەر بە ئاستی سینتاکس بن لە شێوەی فرێز یاخود ڕستە دا بێن بە تایبەتی ئەو فرێز و ڕستە ئامادانەی کە (ئیدیۆم ، خوازە ، پەند......)ن کە هەردەم ئەم جۆرە یەکانە خاوەن واتایەکی تایبەتن . بۆ نمونە:

١. کەڵەشێری ناوەختە.

٢. دەمکوتی کرد.

٣. ئاخوڕی بەرز.

هەروەك چۆن وشە وەك یەکەیەکی زمانی نەیتوانی بەتەنیا یا بەتەواوی لەزۆر بواری ڕێزمانی و فەرهەنگی دا وەڵامی زۆر پرسیار بداتەوە هەر لەبەر ئەمەش بوو (زمانەوانان ڕویان کردە یەکەیەکی گشتگیر تر و وردتر کە مۆرفیمە) (محەمەد معرووف: ١٩٩٠: ٨٠) و فەرهەنگنوسانیش یەکەیەکی گشتگیرتریان بەکارهێنا کە ئەویش ( لێکسیم و لێکسیك)ە کە جیاوازی نێوانیان وەك: (مۆڕفیم و مۆڕف)ە.

لێکسیم : بردن

لێکسیك : بریتییە لە شێوە جیاوازەکانی لێکسیم، وەك: برد ، بردرا ، دەبرد، بردوە ......

لەوانەیە زۆر لە وشەکان لێکسیم بن، بەتایبەتی وشە سەربەخۆکان؛ بەڵام مەرج نیە هەمو لێکسیمێك وشە بێ، لەوانەیە فرێز یا ڕستە بن، وەك: (پایزەبرا، ئاردی ناو دڕکان، بۆی نەماوە....)، ((هەندێکجار چەند وشەیەك بە یەك لێکسیم دەنوێنرێ [تۆماردەکرێ لە فەرهەنگ دا]؛ ئەگەر واتایان یەك بێ.[ وەك:

وشە: (ڕۆیشتن، دەڕوات، دەڕۆیشت، ڕۆیشت، ڕۆیشتوە، ڕۆیشتبو، بڕۆ....)

لێکسیم : ڕۆیشتن]

لەوانەش بێ چەند لێکسمێك بە یەك وشە بنوێنرێ؛ چونکە واتاییان جیاوازە. (محمد محمد یونس علی،٢٠٠٧: ٣٦٥))) ، وەك : وشەی {ئاوڕەنگ} کە وەك دو لێکسیم تۆماردەکرێ لە فەرهەنگ دا:

لێکسیم: ((**ئاوڕەنگ**[1] (ئان . ل)[ ئاو٣ + ڕەنگ] ١ـ هەر دوو یا چەند شت و کەسێك کە لە یەك ڕەنگن . هاوڕەنگ ٢ـ دوو یا چەند کەس یا شتێك لە یەك شێوەن ، هاوتا ، هاورەگەز. ))[(١٥)] (عەلی نانەوا زادە:٢٠٠٥: ١٦١)

---

(15) ئان . ل: ئاوەڵناوی لێکدراو

ئاو ٣: :پێشگرێکە بە واتای (هاو / ئاوەڵ) دێت.

لێکسیم: ((**ئاوڕەنگ**[2] (نا . ل)[ ئاو١ + ڕەنگ]١. **هەرچی رەنگی وەك رەنگی ئاو بێ، لە رەنگی ئاو ، ئاویی ، عابی ، ئابی. ٢. شێوەیەکە لە نەققاشی کە بە ئاو دەگەڵ رەنگ دەکردرێ.))**[(١٦)] (سەرچاوەی پێشو: ١٦١)

**لێرەدا چەند پێناسەیەکی لێکسیم دەخەینەڕو:**

- **لێکسیم : ئەو یەکە زمانییەیە کە فەرهەنگ تۆماری دەکات و بە لێکدانەوە و شرۆڤەکردن و تاوتوێ کردنی هەڵدەستێ، بە یەکەیەکی فەرهەنگی دادەنرێ.** (احمد محمد معتوق: ٢٠٠٨: ٢٠)
- **لێکسیکەڵ تێرم یا زاراوەی لێکسیکەڵ: کە لە ژێریەوە تاکە وشەیەك یا بچوکترین وشەی سەربەخۆیە کە بەتەنیا واتایەك دەبەخشێ لە زمان دا** (سەرچاوەی پێشو: ٢٠٠٨: ٢٠). **وەك (سەر، دڵ....) یا وشەی ناسادە (سەرمایە...) هەروەها ئەو دەستەواژانەش دەگرێتەوە کە بۆ دەڕبرینی تایبەت بەکاردێن وەك: ( جەرگ سۆز، دڵ سوتاو...)**
- **لێکسیکەڵ تێرم : یەکەی فەرهەنگی ئەو وشەیە کە وەك یەکەیەکی واتایی تێیدەگەین و زیادتر لە فۆرمێکی نوسراو یا قسەکراوی هەیە.** ( Halliday:2007 : 107)
- **لێکسیکەڵ تێرم : بچوکترین یەکەی سەربەخۆیە کە خاوەن واتایە لە زمان دا.**( محمد علی خولی:١٩٨٦ : ٦٨ )
- **لێکسیکەڵ: لە ( زانستی زمان) فەرهەنگۆکی زمان دا:یەکەی فەرهەنگی(لێکسیکەڵی)؛ بریتیە لە وشە و فرێزەکان ـ دەستەواژەکان ـ** (A P Cowie:1989:717)
- **لێکسیم: یەکەی زمانیە کە خاوەن واتایەکی فەرهەنگییە. بۆیە کەرستەی ئەم جۆرە واتایە، لێکسیم جیاوازە لە وشە بە هۆی ئەو شێوە ئەبستراکتەی کە هەیەتی.** ( محمد محمد یونس علي:٢٠٠٧: ٣٦٥)

**کەواتە لێکسیم یەکەیەکی واتاییە لەناو زمان دا کە ڕەنگە وشەیەك بێ یاخود لە وشەیەك گەورەتر بێ وەك : فرێز و ڕستە و لە فەرهەنگەکان دا تۆماردەکرێن.**

**بەڵام زاراوەیەکی تر هەیە لە فەرهەنگەکان کە دەبێتە دەروازەی فەرهەنگی ئەویش لێمایە، کە بەم شێوەیە پێناسەکراوە:**

- **لێما : هەروشەیەك بگری ئەوەی کە پێیدەڵێن ( لێما ) کاتی خۆی دروست بووە و... ناوەرۆکی هەیە ، ناوەرۆکەکە واتای هەیە، ئەو ناوەرۆکە دو جۆر واتای هەیە یەکێکیان پێی دەڵێن ( کرۆکە واتا ) تائێستا پێی وتراوە واتای سەرەکی ئینجا واتا لاوەکییەکانی هەیە ، لەسەرەتا کرۆکە واتای ئەو وشەیە دەنووسرێ، ئینجا چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو**

---

(16 )نا . ل : ناوی لێکدراو ، ئاو ١:بە واتای ئاو ئەو شلەیەی بێ ڕەنگ و بێ تام و بێ بۆنە یاخود هەرشتێك لەپێکهاتەکەی ئاوی تێدابێ. یا لە ئاو بچێ.

وشەیە لەرستەدا چونکە ئەو وشەیەی کە ئێمە بەکاریدەهێنین هەندێك جار بەکرۆکە واتا بە جۆرێك بەکاردێت لەمانەبووینەوە ئینجا تۆکلە واتاکەی ئینجا بەچەند جۆر واتاوە بەکاردێت ئەمانە رستەیان بۆ دەهێنرێتەوە ...لەبیرمان نەچێت لەتەك ئەمانەوە دیارە هاو واتاکەی دژواتاکەی ئەگەر هەبن، ئینجا لەسەروی ئەمانەشەوە چەند پێناسەیەکی وشەکە دەکرێت ئینجا ئەو بەکارهێنان و رستانەی بۆ دێتەوە)(محەمەد مەحوی،٢٠٠١: ن، ژ:١٩: ١٤٦)

بەڕای ئەم نوسەرە لێما ئەو وشە تەواوانەی ناو فەرهەنگ دەگرێتەوە، کە خاوەن واتایەکی سەرەکی و چەند واتایەکی لاوەکینە(سێبەری واتایی).

- ((لێما : ئەو وشەیە کە لە سەرەتایی دەروازە فەرهەنگیەکان دا نواندنێکی ئەبستراکی هەیە هەمو ئەو گۆرانە فەرهەنگیە شێوازبەندەکان کە دەکرێ جێبەجێ بکرێ. پیشان دەدات))(شیلان عومەر حسەین:٢٠٠٧: ١١١)

بەڕای ئەم نوسەرەش لێما وشەیە بەلاَم مەرج نییە لێما وشە بێ لەوانەیە مۆرفیم بێ، وەك: (مۆرفیمی بەندی دارِشتن ـ بەتایبەتی پێشگرەکان ـ ، مۆرفیمی بەندی ڕەگی کار)، کە ئەم دوانە نواندنێکی ئەبستراکیان هەیە؛ بەلاَم بە شێوەیەکی گشتی لێما وشە سادەکان دەگرێتەوە. ئەو لێمایانە دەبن بە دەروازە و سەرەتایەك بۆ ئەو دارِشتانەی بەدوای دادێن و ئەو لێمایە بەشێکە لە پێکهاتەکەی.

بۆ نمونە : لێمای (هەڵ) کە پێشگرێکە دەبێتە دەروازە بۆ چەندین لێکسیمێکی وەك: (هەڵئاوسان ، هەڵبواردن، هەڵچون ، هەڵخەڵەتاندن ، هەڵکردن ، هەڵوەشان، .....)

لە زمانی کوردی دا بە شێوەیەکی گشتی چاوگی سادە دەکرێتە دەروازە بۆ ئەو دارِشتنانەی تر کە بەشێکی بەشدارە لە پێکهاتەکەی ، لە زمانانی وەك ( ئینگلیزی ــ عەرەبی .... ) سادەترین فۆرمی گەردانەکانی کار دەکرێن بە دەروازە وەك لە زمانی ئینگلیزی دا (Base ) و لە زمانی عەرەبیدا ( فعل ماضی ) .

## پەیرەوەکانی لێکسیکۆلۆجی:

(فەرهەنگی زمان گرنگی بە لێکدانەوەی واتای وشەکانی زمان دەدات ، کە تیایدا دو ڕەگەزی سەرەکی تێدایە. یەکەمیان وشەیە و دوەمیان واتایە. )(محمد احمد ابو الفرج :١٩٦٦: ٩ )

( دو پەیرِەوی سەرەکی هەیە بۆ کۆکردنەوەی وشەکان ــ یەکە فەرهەنگییەکان ــ لەگەڵ ئەمەش دا ئەم دوانە دەتوانرێت یەکبخرێن هەر وەك یەك پەیرِەو. پەیرِەوی یەکەم: نوسینی فەرهەنگی وشەیی (dictionary)، پەیرِەوی دوەم: نوسینی فەرهەنگی واتاییە(thesaurus).)( Halliday:2007:5)

لە فەرهەنگ دا وشەکان بە ساناترین شێوە ڕیزدەکرێن کە بە ئاسانی بدۆزرێنەوە (بە شێوازی ئەلفوبێی زمانی کوردی) ڕیزبەندی دەبینرێ، وەك :

(( **پور**

**پورە هەنگ**

**پوزەڵ**

**پوش))**[17]

**یا وشەیەك کە دەکەوێتە نێوان دو وشە.وەك: (بلۆك) دەکەوێتە نێوان (بلۆق...بلۆمە)**

((**بلۆق**

**بلۆك**

**بلۆمە))**[18]

## ١.فەرهەنگی وشەیی:

(فەرهەنگی وشەیی : ئەو فەرهەنگەیە کە کەرستەکانی ڕێکخراون بەڕیزکردنێکی ئەلف و بێیی.....ئەم جۆرە فەرهەنگە لە یەکەکان دەکۆڵێتەوە و ڕێکیان دەخات، بنچینەکەی و دارشتەکانی دەردەخات و واتاکەی شرۆڤە دەکات و پەیڕەوێکی تایبەت دەگرێتە بەر بۆ ڕێکخستنی بێژەکان و بە پشتبەستن بەڕێکخستنی ئەلفوبێیی. هەرچونێك بێت ئەم ڕێکخستنە و بوارەکەی بە شێوەی ( ئەبجەدی / ئەلفوبێی ) باو دەبێت، هەروەك زۆربەی فەرهەنگەکان لەسەری دەڕۆن ...... (محمد عبدالحفیظ العریان:١٩٨٤: ٣٢))

سەرەڕای ڕیزبەندکردنی دەروازەکان بە پێی ئەلفوبێی فەرهەنگی؛ هەندێك جۆری دەروازە هەیە لە فەرهەنگی کوردی دا، کە دەشێ فۆڕمێك بە هۆی جیاوازی ڕێزمانی چەند دەروازەیەکی هەبێ، یاخود بەهۆی جیاوازی واتاییەوە چەند دەروازەیەکی هەبێ، یا لە هەر دو جۆر دا دەروازەی هەبێ:

١. دەروازەی ڕێزمانی: بریتیە لەهەمان فۆڕمی یەکەیەکی فەرهەنگی بە پێی جیاوازی بەشەئاخاوتنەکەیانەوە چەند جارێك تۆمارکراونەتەوە.

- ((**بەرە**$^1$(نا.).... ١. ڕەگەز، ڕەچەڵەك.... ٢. تیرە ، تایفە..... ٣. بەر، بەرهەم.....
- **بەرە**$^2$(ئاك.ل).... بەر بە، بەرەو، بۆ لای ..... ))[19] (عەلی نانەوازادە:٢٠٠٥: ٤١٩)

---

(17) سود وەرگیراوە لە: کۆمەڵە نوسەرێك:( ٢٠٠٧)،فەرهەنگی هەراشان، کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر.

(18 ) سود وەرگیراوە لە: عەلی نانەوازادە:( ٢٠٠٥)،فەرهەنگی هەرمان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

- [**بەرە**[3](كار.): ببە، بۆ نمونە: تۆ ئەو شتە بەرە. ]

٢. دەروازەی واتایی: ئەمیش بەهۆی دوری واتاکانی دو یەکە یا زیادتری هەمان یەکەی فەرهەنگی کە هەرچەندە هەمان فۆڕمییان هەیە، چەند بارە دەبنەوە.

- ((**ئارموش**[1](نا.) ... : ئاوریشم......
- **ئارموش**[2](نا.)... : **خرت و خاڵی ترێ دوای کوشین، تلْتەی ترێ، پرووش....**)) (سەرچاوەی پێشو: ٥٩)

( پێکهاتەی ئەو دەروازە فەرهەنگیانە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕێکخراون:

١. **لێما**: یاخود سەروشە ، هەمو کاتێك بەشێوەیەکی تۆختر یا بە هەندێ پیتی تایبەتی دەناسرێتەوە. [**یاخود بە ڕەنگێکی جیاوازترە لە شرۆڤەکەی، وەك: ڕەنگی سور. بۆنمونە هەروەك لە فەرهەنگی هەراشان دا پەیڕەوکراوە.**]

لێما ڕەگ (بنکە)ی فۆڕمە کە وشە بووەتە دەروازە و شوێنی دیارکراوە: بە تایبەتی ڕەگ یا ساناترین فۆڕم (ناوی تاك، چاوگ، هتد) فۆڕمی تری نابێتە دەروازە ئەگەر هاتو پێشبینیبکرێن گەردانەکانی کار لەوێدا نادرێ کە پێویستە لە پێشەکی فەرهەنگ دا ئەم یاسایە گشتیانەی سەبارەت بە گەردانەکانی کار، کۆکردنەوە، ناساندن، پلەی ئاوەڵناوی.... دەربخرێ تەنیا دەگمەن و لەیاسا دەرچوەکان دێنە ناو کرۆکی فەرهەنگ [**هەروەك لە زمانی ( فارسی، ئینگلیزی....) پەیرەوکراوە.**] کە تەنیا فۆڕمی ڕابردوی نائاساییت پێشاندەدات (نائاسایی بەو واتایەی کە ئەو پەیڕەوی ئەو ڕێسایە ناکات کە بۆ ڕابردو دانراوە ed-) ئاماژەیەك هەیە لە ژێر وشەی cut کە دەبێ t دو جار بنوسرێ لە فۆڕمی گەردانەکانی ئەم کارەدا بەم شێوەیە cutting. فۆڕمی نائاسایی دەکرێ وەکو لێمایەك بە جیا لە پاشکۆکە دا بە دیار دەکەوێ. ئەم فەرهەنگە چەند دەڕوازەیەکی هەیە بۆ وشەی borne کە p.p کاری bear ە. لە زمانان دا هەر وەك لە روسی دا کاتێك ڕەگ وشەیەك دروست بکات بە تەنیا پێکیناهێنێ، فۆڕمێکی تایبەتی جیاواز هەڵدەبژێردێت وەکو لێما: فۆڕمی ناوی تاك بۆ ناو، فۆڕمی چاوگیش بۆ کار لە زمانی ئینگلیزی دا.

٢. **ڕیزبەندی**: هەندێ لەو فۆڕمانەی کەڕیزکراون بە شێوازی گۆگرکردن ئەلفوبێ ئەبجەدی ڕیزکراون. لە زۆربەی فەرهەنگە گەورە و نوێیەکان دا گۆکردن ئاماژەی پێکراوە بە

---

(19)( نا.): ناو (ئاك. ل): ئاوەڵکاری لێکدراو

ئەلفوبێی جیهانی (I PA) بە هۆی دو هێڵی لار//بەشێوەیەکی فراوان زیاتر ئاماژەیان بە نوسینی دەنگ (فۆنەتیکی) داوە.

[**بەڵام لە زمانی کوردی دا بایەخ بەم لایەنە نەدراوە** ] لە زمانی ئینگلیزی دا سیستەمی وشەی سەرەکی ــ کلیلی ــ بەکاردێنن بۆ نمونە: i لە machine ، i لە hit , u لە hut ،هەندێك فەرهەنگیش کە بۆ منداڵان بەکاردێت ڕێنوسێکی ئاسان و نافەرمی بەکاردەهێنێت، بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزی دا:(emphasis، EM-fas-is) یا (empirical: ep-PIR-ik-uhl)

**[ کە بەهۆی تەقەڵ (ــ) بڕگەکانی وشەکان جیاکراوەتەوە و بڕگەی پیتە گەورەکانیش نیشانەی ئەوەیە ئەو بڕگەیە هێزی سەرەکی دەکەوێتەسەر.]**

٣. **پۆلی وشە**: سەرەکیترین پۆلەکانی وشە [**لە زمانی کوردی دا هەردەم: ( ناو، ئاوەڵناو، کار،ئاوەڵکار، ڕاناو، ئامرازی پەیوەندی....) لە سیفەتەکانی ئەم پۆلە ئەوەیە کە لەوانەیە هەندێك لقیان لێبێتەوە. بۆ نمونە: ناوی گشتی و ناوی تایبەتی، کاری تێپەڕ و کاری تێنەپەڕ. چەمکەکانی کار کە لێرە ئاماژەی پێدراوە، بۆ نمونە، ناسراون وەکو فرمانی تێپەڕ.**] هەندێك لە فەرهەنگەکان زمانی ئینگلیزی بە تایبەتی ئەوانەی کەدانراون بۆ فێرخوازانی کۆمەڵێك زانیاری زیادتر پیشاندەدرێ، بۆنمونە، پەیوەندی ئەرکی ئەو کارانەی لە ناو دەروازە دان.

٤. **مێژوی وشە** (etymology): کە دارشتە مێژوییەکەیان پیشاندەدات. بە زۆری تەنیا وەك ئاماژەدان بە ڕەچەڵەکەکەی کە لە بنچینە دا لە چ زمانێکەوە وەرگیراوە دەبینرێ؛ لێرەدا ئیتیمۆلۆجی تەنیا فۆڕمە ناسراوەکانی پێشو نییە لەو زمانانەی تییان دا رویداوە، بەڵکو لێکچونی فۆڕمەکانیشە لە ناو هەندێك لە زمانەکان دا هەیە. [**لە زمانی کوردی دا بەزۆری زانیاری ئیتیمۆلۆجی خودی زمانی کوردی زۆر دەگمەنە، بەڵام لەگەڵ زمانەکانی تردا زیادترە ئەمیش لە هەندێك فەرهەنگ دا تەنیا ناوی زمانەکە و لە هەندێکی تر ناو و وشەی زمانەکەی تر ، بەڵام لە هەندێکی تریان کۆمەڵێك فۆرمی هی زمانەکان ڕیزکراوە**[٢٠]. لە بەشی دوەم دا ]

٥. **پێناسە**: بۆ پێناسەی هەر فۆڕمێك وەسف و هاوواتای وەردەگیرێت. وەسف پێویستی بەو وشە زۆر گرانانەیە ( زۆر کەم بەکاردێن ) دوایی لە لێماکردنی وشە دا. هەندێك لە

(20) وەك لە فەرهەنگی هەرمانی عەلی نانەوازادە،( ٢٠٠٥)

فەرهەنگـەکان، وەك فەرهـەنگی (Longman) ی هاوچـەرخی ئینگلیـزی (یەکـەم چـاپی ساڵی ١٩٧٨)ە ، ئەو زاراوانەی سنوردارکرد کە بۆ وەسفکردن بەکاردێن. لەگـەڵ هاوواتـاش دا، وشـەیەك یـا دەسـتەیەکی بـچوکی وشــە واتـای هاوشـێوەیان هەیـە، هــەردەم واتایـەکی دیارکراوتر دەبەخشن. هەمو پێناسەکان بە دەوری دا دەخولێنەوە: بەلاّم دانەرەکان هـەوڵی خۆدورخـستنەوە دەدەن لەبازنـەی زۆر بـچوك، هـەر وەك لـە پێناسـە کردنـی sad بـە sorrowful، دواتر sorrowful بە sad

[هەروەك لە فەرهەنگێکی کوردی دا بەم شێوەیە واتایەکی وەك ئەمە لێکدراوەتەوە :

- ***خەمبار:*** خەفەتبار، دڵپر، تەمبار، تەمین ـ ی: خەفتباری، دڵپری (گیوی موکریانی:١٩٩٩: ٣٦٢).]

٦. ***ئامــاژە:*** ئاماژەپێـدان لـەوێ دا کۆمـەڵ کـراوە بـە یەکـەوە لـە ژێـر ژمارەکـان ئامـاژە بـە پێناسـە یـا واتاکـە دەدات، ئـەوە پیـشاندەدات کـە چـۆن وشـە لـە دەق دا بـەکاردەهێنرێ. رونکردنەوەیەکی نمونەیی بەکارهێنانی وشەکان دەخاتەڕو یاخود دەقی ئەدەبی بەناوبانگ بەکاردەهێنێ، یـا لـە فەرهـەنگی زمـانی تـر. دواتـرین تۆمـاری نمونـەی بـەکارهێنانی وشـە. هەروەها لەوانەیە دەربڕینی جێگر و جۆراوجۆر هەبێ (وەکو ئیدیۆم و کلێشە) [بۆ نمونە: ((بـاڵ بەسەرکێـشان، چـونەبن بـاڵ، خـستنە ژێربـاڵ، شـەققەی بـاڵ دان )) (عەبـدورەحمانی زەبیحی:١٣٦٧:ب١: ٢٨٧)]

هـەردەم فەرهەنگـەکانی زمـانی ئینگلیـزی ژمارەیـەك لـە کـورتکراوە بـەکاردێنن بـۆ ئـەوەی ئامـاژە بـە دەقـی تایبـەت بکـەن یـا سیفاتی تایبـەت بـۆ نمونـە:

Astron.('Astronomy')
fig. ('figurative')

لـە گـەڵ وشـەی گـشتی وەك bear یـان cut لـە چوارچـێوەی دەروازە بـە چـەند شـێوەیەك دەبینرێ، واتای جیاواز لە وشە دا پیشاندەدات.)(Halliday:2007:8-10 )

لەو فەرهەنگانەی پەیڕەوی ئەلفوبێ دەکەن بۆ وشەی لێکدراو زۆرتر گونجاوە کە بـە پێـی بەشی یەکەمی وشە لێکدراوەکە وشە لێکدراوەکان ریزدەکرێن وەك:

(ئاو شکان، ئاوشکاندن، ئاوفرۆش، ئاوکردن، ئاوکێش)(سەرچاوەی پێشوتر: ٨٩ )

هەندێك فەرهەنگیش بۆ نموونـە بـە پێـی پێـشگرەکانی داڕشـتن وشـەکان ڕیزدەکات، بۆیـە وشە داڕێژاوەکان بەم جۆرە ریزکراون:

(بڕین، دابڕین، تێبڕین ، هەڵبڕین، بڕینەوە)( سەرچاوەی پێشوتر : ٣٢٤ )

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد.

لە فەرهەنگەکانی زمانی کوردی بەشێکی زۆر کەمیان پەیڕەوی ئەو پێکهاتە گشتییە دەکەن ، لەگەڵ جیاوازیش لە ڕیزبەندی کردنیان بەدیدەکرێ. بۆ نمونە: زانیاری مێژوی وشە لەوانەیە لە کۆتایی دەروازەی وشەکان بێ نەوەك لە سەرەتای.

## ٢. فەرهەنگی واتایی:

(فەرهەنگی واتایی بە ئەلف و بێی پۆلین کراوە ، کەرستەکانی یا یەکەکانی پۆلینکراوە بە گوێرەی واتا و بابەت و ئامانجی ئەم جۆرە فەرهەنگانە، کۆکردنەوەی ئەو وشانەی کە دەکەونە یەك کێڵگەی واتایی )(محمد عبدالحفیظ العریان:١٩٨٤: ٣١ ـ٣٢)

(لە فەرهەنگی واتایی دا، بە پێچەوانەوە هەر وشەیەك بە جیا نەبووەتە دەروازە. وشە وەك بەشێك لە لیستێك دەردەکەوێ. ئەوە شوێنی وشەکەیە لە ناو هەمو پێکهاتەی کتێبەکە دا کە پێت دەڵێ ئەو وشەیە واتای چییە.

بەم شێوەیە ئەگەر ئێمە بە دوای وشەی **__cut__** بگەڕێین لە فەرهەنگی واتایی ڕۆجێت(Roget) بۆ وشە و فرێزی ئینگلیزی ئەو وشەیە (لە ناو شوێنی تر دا) دەدۆزینەوە لە ناوەڕاستی پەرەگرافێکی وەك خوارەوە:

**v. cultivate**: till (the soil): farm, garden:
sow, plant: reap, mow, <u>cut</u>: manure, dress the ground, dig, delve, dipple, hoe,.........

[دەکرێ لە زمانی کوردی دا بەم شێوەیە ڕێکبخرێ :

**(چاندن: کێڵگە، باخچە: زەوی، شەتڵ: کێڵان، تۆکردن، ئاودان، پەین کردن، بژارکردن، بڕین، بڕینەوە، لێکردنەوە، دروێنە، موتوربەکردن،..... )]**

ئەمە لەوە ناچێت ڕێکخستنێکی باشبێت لە ڕوی ناوەڕۆکەوە. بەڵام لە ڕاستی دا دوا قۆناغی دروستی پۆلینکردنی فەرهەنگییە.

زانستی پۆلکردنی فەرهەنگی ڕێکخستنی وشەکانە بۆ پۆل و پۆلی بچوکتر و پۆلی زۆر بچوکتر هتد. نەك لە سەر بنەمای فۆرم بەڵکو لە سەر بنەمای واتا (ئەمانە پۆلی ڕێزمانی نینە بەڵکو پۆلی واتایینە). پەیوەندی سەرەکی واتایی کە تێیدا بەشدارە داپۆشینە (هایپۆنیم)......(X هایپۆنیمی y واتای ئەوەیەکە X جۆرێکە لە y بۆ نمونە شوتی هایپۆنیمی میوەیە) لێرەدا جۆرێکی تر لە پەیوەندی هەیە کە بەش لە گشت (میرۆنۆمییە)......، کە بۆ پۆلینکردن بەکاردێت. هەندێك لەو پۆلینکردنانە شتێکی نامۆ نیە لە زمانی ژیانی ڕۆژانە دا، کە بە نائاسایی وجۆراوجۆری بەگوێرەی کەسەکان بەکاردێت. هەندێك لە ئێمە لەوانەیە

بازاڕکردنەکەی بە گوێرەی پۆلینکردنێك ڕێکخستبێ بۆ نمونە: میوە لەو پۆلینەی بۆی کراوە بێگومان بە گوێرەی ئەوەیە کە لە بازاڕەکان دا ڕێکخراون ......

پۆلینکردن بۆ شتە زیندوەکان دانراوە کە زیندەوەرزانی لەسەدەی هەژدەم دۆزراوەتەوە سیستەمێکی تێکەڵی هەمان بنەمایە: پێنج جۆر (پۆل)ە بڕبڕەدارەکان کە ماسییەکان، شیردەرەکان، باڵندەکان، وشکاوییەکان، خشۆکەکان: هەشت جۆرە شیردەرەکان...... هەر جۆرە پلەیەك لە پۆلینکردن ناوێکی تایبەتی دەدرێتێ: پاشایەتی، خێزان، توخم، جۆر ......

لە فەرهەنگی واتایی دا هەمو ئەو یەکە فەرهەنگیانە وەردەگرێ کە هەڵدەستێت بە ڕێکخستن و گرتنەخۆی تاکە گشتییە پۆلینیەکان. فەرهەنگی واتایی ڕۆجێت (Roget) ی سەرچاوەیەکە بە زیادتر لە چل ساڵ(١٨١٠ -١٨٥٠) دانراوە،

لێرە دا ئەم ڕێگایە بەرەو یەکێك لە دەروازەکانمان دەبات. بە دەستپێکردن لە بابەتێکەوە، ئەم ڕێگایە بەرەو بابەتێکی تر دەچێت: لە زیندویی گشتییەوە بەرەو زیندویی تایبەت ..... : لێرەدا لە کشتوکاڵەوە بۆ فرمانی چاندن لەویشەوە بۆ پەڕەگرافی لقدار کە پێکدێت لە سێ وشە (بڕین، دروێنە، لێکردنەوە) کە هیچ یەکێکیان سەرەیەکی سەربەخۆ نیە . بەم شێوەیە لێرەدا هەشت پلە لە ناو پۆلینکردن دا هەیە، دواترینیان یەکەی فەرهەنگی خۆیەتی. کە چۆن وشەی cut لە فەرهەنگی واتایی دا بەدیارکەوتوە ؛ بەڵکو ئێمە دەتوانین بەپێی ئەم ڕێگایە دروستیبکەین بەم شێوەیەی کە فەرهەنگی واتایی ڕێکیخستوە بەش و تەوەرە و پەڕەگراف. ئەم نمونەیە پەیوەندیدارە بە واتایەکی تایبەتی وشەی cut ، بە تایبەتی cutting لە دەقی ڕستەی باخچەوانی و جوتیاری دا. بەڵام لێرەدا سنورێك نیە کە چەند جار هەمان وشە دوبارە بووەتەوە: هاوواتاکانی:

**[بڕین : دروێنە، چینەکردن، قرتاندن، لێکردنەوە، بڕینەوە.]**

وشەی cut لەوانەیە لە (٢٦) شوێنی جیاواز دا بدۆزرێتەوە ، هەر یەکێکیان بە جیاواز دەگەڕێتەوە بۆ دەقێکی بەکارهاتو. بێجگە لەوە لەم سەرچاوەیە دا پاشکۆیەکی ئەلفوبێیی هەیە کە ئاماژە بەوە دەکات لە کوێ هەر وشەیەك دەدۆزیتەوە.

بەم شێوەیە لە فەرهەنگی واتایی دا زانیاری سەبارەت بە وشە بەڕێگایەکی جیاوازتر لە فەرهەنگی وشەیی پێشکەشدەکرێ. بەڵام لە گەڵ ئەوەش دا پێناسەی وشە بەدەستەوەنادات؛ بەڵکو ئەگەرێکی ترمان دەداتێ بۆ دۆزینەوەی واتای نەزانراوی هەر وشەیەك، بۆ نمونە، وادابنێ واتای وشەیەکی وەك: کشتوکاڵ (cicuration) نازانرێ. بەم شێوەیە ڕێژەیەك لەم وشانە دەدۆزیتەوە:

**میوە : ئاژەڵ**

**ڕوكناسی : ئاژەڵناسی**

**كشتوكاڵ كردن : ئاژەڵداری**

ئەم ڕێژەیە ئەوە پیشاندەدات كە cicuration بە واتای بەخێوكردنی ئاژەڵ دێت.

هەمو كاتێك ناتوانرێ ئەم ڕێژەیە دروستبكرێ. بەڵام ڕاستیەكەی ئەوەیە كە دەروازە دەكرێت وەك یەك وشە لە نێوان كۆمەڵێكی بچوكی وشەی پەیوەندیدار هەروەها زۆر شتمان دەربارەی واتاكانیان پێدەڵێت. لەوانەیە ئەم كۆمەڵە وشەیە لە نزیكەوە هاوواتای یەكتر بن، وەك: (**بڕینەوە، دروێنە، لێكردنەوە، چنینەوە**) كە ئەوانە زۆر پێویست نیە كە (هەمان ــ داپۆشین) بن یاخود (هەمان ـ بەش لە گشت) بن، بۆ هەندێك زاراوەی بێ سەر. (بڕینەوە، دروێنە، لێكردنەوە)(بڕینەوە بەو واتایە تایبەتیە) ئەوانە (هەمان ــ داپۆشین) ن بۆ بڕینەوە بە واتا گشتیەكەی: ئەو یەكەیەی لەو پەرەگرافە لقیەی ئێستاكە دێت (manure, زەوی دادەپۆشێ، دادەچێنێ) هەمو ئەوانە نوێنەرایەتی هەنگاوەكانی پرۆسەی چاندن(cultivation) دەكەن ـ ئەمانە (co-meronomy) وشەی (cultivate) ن.

كاتێك فەرهەنگی واتایی بەكاردێت بۆ بە دوا گەڕان لە هاوواتا كە وەكو یارمەتیدەرێك بۆ نوسینەكان ئەوەی كە بەڕاستی بە دوای ئەو وشەیە دا دەگەڕێن كە هاوبەشیەتی امتیاز - چاكی - ڕوداوە گشتیەكە دەكەن بە شێوازێكی ئاسایی هەمان واتا نابەخشێ، بەڵام هاوبەشی لە هەمان ناونیشان دەكات، وەك لێرەدا، لە چوارچێوەی سیمانتیكی گشتی دا دەبێت.

ڕێگایەكی تری بیركردنەوە سەبارەت بە ڕودانی تایبەتیەتی هاوبەش و كۆكردنەوەی وشەكان لە پەرەگرافێكدا لە ناو فەرهەنگی واتایی دا كە دەبڕی هاوڕێیەتییە. هاوڕێیەتی ئامانجی ئەوەیە كە وشەكان بەیەكەوە لەگەڵ یەكدا كۆبكاتەوە: چەنگاڵ لە گەڵ چەقۆ دێت، پارە لە گەڵ بەخشین دێت، شانۆ لە گەڵ نمایش دێت. بێگومان ئەگەر وشەكان بەم شێوەیە ڕێكبخرێن دەبێت چاوەڕوانی پەیوەندی سیمانتیكی بكرێ لە نێوانیان دا، بەڵام ئەمە تاڕادەیەك ئاڵۆز و ناڕاستەوخۆیە. هاوڕێیەتی بە شێوەیەكی سادە پەیوەندی فەرهەنگییە بەیەكەوەهاتنی وشەیەكە لەگەڵ یەكێكی تردا، بەچاوپۆشین لەوەی كەواتایان چییە. دەتوانرێت بە شێوازێكی چەندییەتی پێناسەبكرێت، كاتێك كە ڕێژەی ئەگەری وشەی y زیادبكات بەبونی وشەی x ئەگەر توشی وشەی [ (**بریندار، برین: زامدار بوون، خوێن بەربوون، هەوكردن، كولانەوە، ئاوتێزان، زوخاو، ئازار چەشتن.....)ببین دەبێ چاوەڕوانی دۆزینەوەی وشەی (ئازار) بكرێ كە بونی وشەی (بریندار)مان دەداتێ**] ، ئەگەریەتی وشەی (ئازار) زیاتر دەبێت بە شێوەیەكی گشتی لە ناو زمانەكە دا. ئەو وشانەی پۆل دەكرێن لە

هـەمان پـەڕەگراف لـە فەرهـەنگی واتـایی دا ئەمانـە بـە شـێوازێکی تایبـەتی ئـەو وشـانەن کـە پەیوەندیەکی هاوڕێیەتی بەهێزیان هەیە لەگەڵ یەکتر بە شێوازێکی بەهێزتر هەریەك لەگـەڵ ئـەوی تـر دا لەگـەڵ لایـەنی سـێیەم هەنـدێك هاوڕێیـەتی تـۆڕێکی گـشتی لەگـەڵ هـەمویان دا پێکدێنێ.)( Halliday:2007:11-15)

## جیاوازی نێوان فەرهەنگی وشەیی و فەرهەنگی واتـایی :

١. فەرهەنگی وشەیی ئەو کاتە ڕوی تێدەکرێ کاتێك واتای وشەیەك دیار نەبێ، یا لێڵ بـێ ، لـە کاتێك دا ئەو کاتە پشت بە فەرهەنگی واتایی یا بابەتی دەبەسترێ بۆ دۆزینەوەی ئـەو وشـانەی کە پەیوەندیان بە بیرۆکەی ئەو وشەوە هەیە لە هزر دا (محمد عبدالحفیظ العریان:١٩٨٤: ٣٢).

٢. لـە فەرهـەنگی وشـەیی دا یەکـە فەرهەنگییـەکانی زمانەکـە تـەنیا بـە پێـی ڕیزبەنـدی ئەلفوبێی تۆماردەکرێن. بەڵام لە فەرهـەنگی واتـایی دا ئـەو وشـانەی کـە لـە واتـاوە دا لـە یـەك نزیکن پێکـەوە کۆدەکرێنـەوە[ئینجا ڕەچاوی ڕیزبەنـدی ، بـۆ نمونـە: هـەمو ئـەو وشـانەی کـە پەیوەندیان بـە جۆرەکانی ماسیەوە هەیـە یـا ئـەو وشـانەی کـە پەیوەنـدیان بـە دروسـتکردنی خانوەوە هەیە. (Halliday:5:2007)

بە ساناترین شێوەکانی کۆکردنەوە دادەمەزرێ کـە شـتێکی ئاساییە، کـە پێویـستی و تـرس لـە لەناوچونی زمان هێناوەتیە کایەوە، ئەوە بەئاسانی بەشێوەیەك تـەنیا پێویـستی بـە پاراسـتنە، لە خۆوەگرتنی لایەنەکانی بابەتەکە، بۆ ئـەوەی لەسـەر بـەش و ناونـراوەکانی دا بوەسـتێ. لـە کاتێکدا فەرهـەنگی وشـەیی لەسـەر پـەیرەوێکی تـەواو بـە پێـچەوانەی ئەمـەوە دەڕوات، ئـەو ، لێرەدا سەختی کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوە بە هەمان شێوە لەناو ئاخنی دایە.(سەرچاوەی پێشوتر: ٣٢ )

## مێژوی لێکسیکۆلۆجی لای کورد :

((لە.....فەرهەنـگ نووسین و فەرهەنگسازی ...... لە ناو ئێمـەی کوردیـشا درێخـی نـەکراوە لەم بوارەدا ، چەند فەرهەنگێکی بەنرخ پێك هێنـراون و هاتوونەتـە کایـەوە، بـەڵام بەداخـەوە درەنـگ دەسـتکرا بـەم کـارە. ئـەو درەنگیـەش بـووە هـۆی فـەوتان و ون بـوونی وشـەیەکی زۆر. هەروەك مامۆستا هەژار موکریانی لە پێشەکی فەرهەنگە بەنرخەکەیدا ( هەنبانـە بۆرینـە ) نووسییوویەتی:....... ئێمە لەبەر بـێ فەرهـەنگی هـەزاران زاراوەو وشـەی ڕەنگـین و بەنرخ و خۆش و سەنگینمان لەگەڵ گۆرانی زەمانە لەدەسـت داوە چونکە بۆمـان نەنووسـراوە. )) (فازل نیزامەدین: ٢٠٠١:ن،ژ:١٩: ٥٠ )

له زمانی کوردیدا ژمارەیەکی زۆر لە فەرهەنگ و فەرهەنگۆك دانراون چ لەلایەن کورد خۆیەوە یا بێگانانەوە ـ بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتناسەکان؛ بەڵام لە سەرەتاکانی دانانی فەرهەنگی کوردی ئەوەندە بایەخ بە خودی زمانی کوردی نەدراوە ئەوەندەی دانەران لە خەمی ئەوەدا بوونە کە بەرامبەر وشە کوردییەکان چ وشەیەك بەکاردێ لە زمانانی تر یا بە پێچەوانەوە وشەی زمانانی تر چ وشەیەك لە زمانی کوردی دا لە بەرامبەری دا دەوەستێت. بۆیە: (لە فەرهەنگی دو زمانیەوە لای کورد دەستی پێکرد دواتر بۆ فەرهەنگی یەك زمانی) (ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٨٧: ٨ )

ئەو نوسەرانەی کەناوی فەرهەنگ و فەرهەنگۆکە کوردییەکانیان تۆمارکردووە لەوانە:

١.(**ئەورەحمانی حاجی مارف**: لە **وشەی زمانی کوردی**، ١٩٧٥:لا ٧١ ــ ٩٩ )نزیکەی (( ٥٠ )) فەرهەنگ و فەرهەنگۆکی تۆمارکردوە.

٢.**حوسێن محمد عزیز**: لە ( **سەلیقەی زمانەوانی**، ٢٠٠٥: لا ٤٩١ ــ ٤٩٥)(( ٧٢ ))دانە فەرهەنگی ژماردوە .

٣.**وەسفی حەسەن**: لە (**بیبلۆگرافیا فەرهەنگێت لە نوسەری نوێ** :ژ١٩: ( لا١٨٩ ــ ٢٠٠ ) (( ١١٤)) فەرهەنگی کوردی ژماردوە.

ئەو فەرهەنگە گشتی و تایبەتیانە زۆربەیان ناکەونەبەر پەیڕەوەکانی لێکسیکۆلۆجی، ڕاستە بە ژمارە فەرهەنگ و فەرهەنگۆکی زمانی کوردی لەوانەیە ڕێژەیان زۆربێ، بەڵام زۆریان پابەندی پەیڕەوی زانستی نوسینی فەرهەنگ نینە.

ئەوەی گرنگە ئەوەیە تاچەند ئەم فەرهەنگانەی کە ئەو نوسەرانە ڕێزیان کردوون زانستین یا خود گرنگن لە لێکیسیکۆلۆجی دا لەوانە تاکە فەرهەنگێك تا ئێستا تاڕادەیێکی زۆر جێگەی متمانە بێیت پەیڕەوەی زانستی نوسینی فەرهەنگی کردبێت فەرهەنگەکەی عەبدورەحمان زەبیحی و عەلی نانەوازادەیە. هەرچەندە هەندێك لە فەرهەنگە کوردیەکانی تریش بایەخیان بە پێکهاتە یا واتا یا مێژوی وشەکانی ناو فەرهەنگەکان داوە. بەڵام بە تەواوی پابەندی هەمو لایەنەکانی لێکسیکۆلۆجی نەبوون.

**دەکرێ قۆناغەکانی مێژوی پەرەسەندنی لێکسیکۆلۆجی لە زمانی کوردی دا بەم شێوەیە دابەش بێ:**

**١. قۆناغی یەکەم: بەشێوەی شیعر.**

سەرەتای کاری فەرهەنگنوسی لای کورد بەشێوەی شیعر دەستی پێکردوە. لەبەر کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی کە شیعر هەیەتی .لەڕاستی دا تا ئێستا فەرهەنگەکەی **نەوبەهاری ئەحمەدی خانی** ١٦٨٢ـ١٦٨٣ کە بەشێوەی شیعرە (عەرەبی ـ کوردی)یە بە یەکەم هەوڵی فەرهەنگنوسی دادەنرێ لای کورد خۆیەوە و بۆ ئەوسا شتێکی گرنگ بووە وەك فەرهەنگێك پەنای بۆبراوە بۆ کاتی ئێستاش بە یەکەمین بیرۆکە یا بەردی بناغەی فەرهەنگ لای کورد دادەنرێ. دوای ئەویش یە یوسف ضیاءدین کە لە ساڵی ١٨٩٣ **الهدیة فی اللغة الكردیة** و شێخ مارفی نودێ (١٨٩٥) **ئەحمەدی** .

**٢. قۆناغی دوەم: بەشێوەی فەرهەنگۆك، یا نامیلکە.**

ئەم کارە سەرەتا لای ڕۆژهەڵاتناسان و دواتر لای کورد خۆیەوە دەستی پێکرد، لەم قۆناغەدا هەوڵدرا وشە و واتاکەی لە فەرهەنگۆك و نامیلکە بەشێوەیەکی سادە ڕیز بکرێن وشە بەرامبەر وشە بێ ، بەشێوەی کتێبی قەبارە بچوك یا نامیلکە، یاخود وەك پاشکۆ لە کۆتایی کتێبەکان دا بە شێوەی فەرهەنگۆك ، کە ئەمانەش زیادتر دوزمانی بوون، وەك: (ئیتالی :کوردی، کوردی : ڕووسی، ڕووسی : کوردی، کوردی : فەرەنسی، کوردی : ئەڵمانی، کوردی : ئینگلیزی... هتد )[٢١]

**٣. قۆناغی سێیەم: بەشێوەی فەرهەنگ و فەرهەنگۆکی هاوواتایی.**

لەم قۆناغەدا زیادتر ڕیزبەندی ئەلفوبێی پەیڕەو دەکرا. هەروەها هاواتاکانی وشەکانی فەرهەنگ بەڕێژەیەکی زۆر ڕیزدەکران. لەڕوی قەبارەوە فەرهەنگەکانی ئەو قۆناغە گەورەترن؛ بەلأم زانیاری بە ڕێژەیەکی کەم دەربارەی وشەکان دەبینرێ، ئەو زانیاریانەی تریش کە دراون، وەك: (نمونەی بەکارهێنانی وشەکان لە ڕستە دا ، وشەکە سەر بە چ ناوچەیەکی کوردستانە، ڕەچەڵەکی وشەکە بۆ چ زمانێك دەگەڕێتەوە......) جاروبارێك لە هەندێك شوێن دا بەرچاودەکەوێ.

لە فەرهەنگە زمانییە دیارەکانی ئەم قۆناغە:

١. (فەرهەنگی خاڵ )ی شێخ محەمەدی خاڵە،( کوردی: کوردی) یە دو بەرگە ساڵی ( ١٩٦٠، ١٩٦٤ )دەرچووە. لە ساڵی( ٢٠٠٥) لە چاپ دراوەتەوە.

---

(21 ) بۆ زیادتر زانیاری بڕوانە: ئەورەحمانی حاجی مارف. (١٩٧٥) ، وشەی زمانی کوردی،ل:( ٧١ ــ ٩٩ )

٢. (هەنبانە بۆرینە)ی هەژار، (کوردی:کوردی: فارسی) ، ( ١٣٦٩) چاپ کراوە.

٣. (فەرهەنگی کوردستان)ی گیوی موکریانی، (کوردی: کوردی) ، (١٩٩٩) چاپ کراوە.

٤. (فەرهەنگی هەراشان) کە کۆمەڵێك مامۆستا دایانناوە ، (کوردی: کوردی) یە لە(٢٠٠٧) دا چاپ کراوە.

هەر لەم قۆناغە دا بووە کە بێجگە لە فەرهەنگی دوزمانی فەرهەنگی یەك زمانی دەرکەوتوە؛ کە فەرهەنگی (( خاڵ )) ە، کە بە یەکەمین فەرهەنگی کوردی ــــ کوردی دادەنرێ، کەسانێکیش لەو باوڕەدان: (فەرهەنگی کوردی ـــ کوردی کە زۆربەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی گرتبێتە خۆی فەرهەنگی کوردستانە...

......کۆڕی زانیاری کورد (( زاراوەی کارگێڕی )) و (( زاراوەی زانستیان )) بلاْوکردوە. لە نێوان ساڵانی ١٩٧٤ _ ١٩٨٣ دا کەمال جەلال غەریب سێ فەرهەنگی زانیاری عەرەبی _ ئینگلیزی _ کوردی چاپکردوە (**مارف خەزنەدار** ) لەگەڵ دیوانی نالیدا، فەرهەنگێکی تایبەتی بۆ نالی داناوە )(ڕۆژان نووری عەبدوڵلا:٢٠٠٦: ٢١٧).

لە فەرهەنگی واتاییش دا فەرهەنگەکەی. **شەوکەتی مەلا ئیسماعیل**، (٢٠٠٩) فەرهەنگی مامۆستایە، لە فەرهەنگی ڕەچەڵەکی مێژویی( ئیتیمۆلۆجی) فەرهەنگەکەی **جەمال نەبەز**. (٢٠٠٨)، وشەنامەکی ئیتیمۆلۆژیای زمانی کوردی،

**٤. قۆناغی چوارەم: بەشێوەی فەرهەنگی وشەیی ـ پابەند بە پەیڕەوەکانی لێکسیکۆلۆجی ـ**

باشترین فەرهەنگ کە تا ئەم ساڵانەش بەدی دەکرا فەرهەنگەکەی مامۆستا عەبدورەحمانی زەبیحی(کوردی: کوردی) بوو تا ئەو کاتەی لە ساڵی 2005 عەلی نانەوازادە فەرهەنگەکەی **هەرمانی**(کوردی: کوردی) بلاْوکردەوە. هەندێ لە کەم و کوڕییەکانی فەرهەنگەکەی زەبیحی پڕکردەوە. بەڵام ئەویش دوبارە لە هەندێ شتدا کەم و کوری تێدا بەر چاو دەکەوێ. لەوانە: دەروازەی وشەکانی بە پێی پۆلینی بەشەکانی ئاخاوتن بەتەواوی جیانەکردەتەوە، بەڵکو بە تێکەڵی نەك هەر بەشە ئاخاوتنەی بە جیا واتا نزیك و دورەکانی دەربخات.

زمانی کوردی لە جۆرەکانی تری فەرهەنگ هەژارە دەکرێ لە قۆناغی سەرەتایی دا ئەگەر بەشێوەی لاسایش بێ کار بۆ دروست کردنی ئەم فەرهەنگانە بکرێ. بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی هەرە زۆری ئەو فەرهەنگانەی کە هەنە بەشێوەیەکی زانستی دانەڕێژراون.

زانایان و فەرهەنگ دانەرانی کورد _ تاڕادەیەك هەوڵی دانانی فەرهەنگیان بە پێی بابەت داوە، بۆ وێنە ساڵی (١٩٦٠ ) د. جەمال نەبەز بەناوی (( هەندێ زاراوەی زانستی )) فەرهەنگێکی عەرەبی ـ کوردی لە هەولێر داناوە.

تەنانەت ئەو فەرهەنگانەش لە زمانی کوردی دا کەتایبەت بە بوارێکن بە تەواوی لەڕوی ناوەڕۆکەوە واتا وشەکانەوە پابەند نابن بە بوارەکەیان. وەك: لە فەرهەنگی کشتوکال دو بەرگی: ١٩٧٢ و ١٩٧٣ هەرچەندە ( زۆر وشە لە فەرهەنگەکەدا هەیە دوورو نزیك پێوەندییان بە ( کشت وکاڵ ) نیە...... [زیادتر لە بەرئەوەیە] ئەو فەرهەنگە فۆلکلۆرییە : زیاتر لەوەی زانستی بێت و نووسەرەکەی دوای ماندووبوونێکی زۆر توانیویەتی چەند هەزار وشەیەکی کوردی لە نەمان بپارێزێت ....... یا خود نوسەر لە پاش نوسینی هەندێك وشە، کە تایبەتن بە ناوچەیەکی دیاریکراو، پێش ئەوەی مانای وشەکە لێکیداتەوە، هێمایەکی لەسەر داناوە بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێ وشەکە زیاتر سەر بە چ ناوچەیەکە.) (حەمە سالح فەرهادی: ٢٠٠١:ن،ژ:١٩ : ٧٦ -٧٧)

ئەوەی جێگای سەرنجە گەورەترین رێژەی دەرچوونی فەرهەنگەکان لە زمانی کوردی دا زیادتر فەرهەنگی دو زمانی و فەرهەنگی زاراوەی بوارەکانی زانستی و ئەدەبی بڕەوی هەیە.

# بەشی دووەم

# وشە و واتا

## وشە و واتا :

ئەم بەشە زیادتر لە چوارچێوەی (وشە و واتا) یە ، کە چۆن مامەڵەیان لە گەڵ دا کراوە لە لایەن زمانەوانەکانەوە بە درێژایی مێژو، چۆن گۆڕاون و دەگۆڕێن بە پێی سەردەم و ژینگە و زمانان و وەرگێڕان دا.

فەرهەنگەکان گرنگی بە واتای وشەکان دەدەن، وشە بە سەرەکیترین کەرستەی واتاسازی دادەنرێ، لەگەڵ ئەمەش دا وشە زۆر کێشەی هەیە.(ف. بالمر:؟:ت:١٩٨٥:٤٠) ـ هەروەك لە بەشی یەکەم دا ڕونکرایەوە ـ .

هەندێ جار خەڵك یاری بە وشە دەکات . هەروەها خەڵك ژمارەیەکی زۆر لە وشەی گوێلێدەبێ و لە هزریدا تۆماریدەکات ـ بۆ نمونە، کاتێك کە یەکێك بیەوێ وشەی زمانێکی تر فێربێ یا خود زاراوەیکی تەکنیکی بەبیر خۆی بهێنێتەوە. یا هەندێك جار کە بەدوای وشەکان دادەگەرێ بە شێوازێکی ڕەمەکی، کە ئەمانە چالاکیەکی خۆش یا سود بەخشن، بەلآم ئەوانە بەکارهێنانە نمونەییەکانی وشەکان نینە. بەشێوەیەکی نمونەیی، مرۆڤ وشەکان بۆ واتاکان بەکاردێنێ، لە دەوروبەر دا، وەك بەشێك بۆ لێکتێگەیشتن لە گفتوگۆدا. فەرهەنگ وەکو بەشێك لە ڕێزمانی فەرهەنگی سەیردەکرێ، ڕێزمانی فەرهەنگی خۆی دەنوێنی بە هەڵبژاردەکان کە بەکارهێنەرانی زمان دروستی دەکەن، ڕێزمان و فەرهەنگ نواندنی تواناکانمانە بۆ واتا. لە کۆتایی دا زمان دەربڕی واتایە. کاری سەرەکی زمان ـــ لێرەدا بەکارهێنانی وشە لە زمان دا بۆ ـ واتا بەخشینە . (Halliday:2007:23-24 )

## زمان و واتا :

زمان بەندە بە واتاوە . ئەگەر زمان بە توێکڵێك دابنرێ ئەوا واتا کرۆکەکەیە ، هەر لە بەر ئەمەشە هەمو زمانانی جیهان لەم ڕوانگەیەوە بە یەك چاو سەیردەکرێن، چونکە گشتیان لە ژێرخان دا یا لە چەمکەکانیان دا یەکن ، بەلآم لە سەرخان دا یا لە گەیاندنی چەمکەکانیان دا جیاوازن.

فەرهەنگ پەرتوکێکی ڕون و ئاشکرایە بۆ دۆزینەوەی تۆماری واتای وشەکان. لە زۆر بەشی جیهان دا کە بە ئینگلیزی دەدوێن، فەرهەنگەکانی زمانی ئینگلیزی شکۆیەکی ئاوایان بە دەست هێناوە کە خەڵك دەتوانی ئاماژە بە فەرهەنگ بدات وەك سەرچاوەیەکی زانیاری، تا ڕادەیەك هەروەك ئاماژە بە: شکسپیر یا تەوراتت دەکەن بەهەمان شێوە. ئەم جۆرە پێگەیە واتای ئەوەیە فەرهەنگی لە چاپدراو دەکرێ بە ئاسانی تەماشای بکرێ وەك واتایەکی

نمونەیی وشە. هەر فەرهەنگێك كە لە شێوەی پەرتوكە نمونەی وشەی گونجاو ونزیكەكانە وەك توخمێكی سەرەكی زمان یا خود وەك واتای وشە كۆكراوەتەوە وەك گەنجینەیەك لە مێشكی مرۆڤ دا، لە ڕاستی دا فەرهەنگ سەرچاوەیەكی زۆر بچوكە. بۆ ئەنجام دانی كاركردنی زۆر یا كەم و پێشكەش كردنی وشەكان لە لیستێكی بەردەست و ئاسان دا، فەرهەنگ وشە دور دەخاتەوە لە بەكارهێنانە گشتیەكەی لە چوار چێوەی ئاشناوباوەكەی دا. لە كاتێك دا ئەمە كارێكی باشە لە زۆر ڕووەوە، لیست كردنی وشە وەك كۆمەڵێك یەكەی دابڕاو بە شێوازێكی بەرچاو گومڕاكەرە ئەگەر هاتو وەكو بنەمایەكی بە تێوری كردنی بەكار هات سەبارەت بەوەی كە وشە و واتاكانی چیە....... فەرهەنگسازەكان بە تەواوی هەموو بەكارهێنانەكانی وشە نازانن لە نێو كۆمەڵگایەكی گەورەدا، هەروەها گرنگی بەتاكەكان دەدەن یاخود تێڕوانین و بۆچونی تایبەتی كەسێك بۆ ئەم كارە(Ibid:24-25 ).

بۆچونی تاكەكەسی باڵیكێشاوە لەفەرهەنگە كوردییەكان دا. لێرەدا نمونەی فەرهەنگنوسێكی وەك زەبیحی دەخەینە ڕو:

- **((ئاڵە تاج ـ** { ؟ + ٣ ـ ئە/ ٢ + تاج } ، ( نتـ ) مراوێكی سپی خاڵخاڵی كێوییە ، پەڵەییكی سەوزی سێ سوچی لە تۆ قەسەریە . تێبـ بەقسەی ڕاوكەران چاكترین جسنی مراویانە و ئەو پەڵە سەوزەی بۆ بە تانج حیساب دەكەن ★ هەڵەتانج .
- **ئاڵە كۆك ـ** ( نتـ ) گیایەكی بەهارییە ، هەر زو لە پەنا ڕنوە بەفران سەر دەردێنێ ، لە شنگ دەچێ ، بەڵام گەڵای پانترە و توكن ، بستێك بەرز دەبێتەوە ، گوڵێكی زەردی هەیە ، ڕەگی كەم لە زەوی دەچێتە خوار ، بنێكی خۆی هەیە دەخورێ . تێبـ ـ لە فۆلكۆڕی كوردیدا لە زمان بەفرەوە ئاوا بە ئاڵەكۆك كوتراوە : (( ئاڵەكۆكە پرچنە ، چۆڕ چۆڕەم كەوتە بنە ، چبكەم لەو ماڵ و ژنە. )) ★ ئاڵەقۆق ، هەڵەكۆك.
- **ئاوی بابەقەتار ـ** (نتـ ) ، ( مكـ) ئاوی كانییەكە لە موكریان، خەڵك لایان وایە خواردنەوەی كۆخە و كۆخەرەشە چاك دەكاتەوە و لە هەمۆ لاییكەوە بۆی دەچن و دەیهێن . تێبـ ـ بابەقەتار خۆی (چاك ) ێكە لە دێی ( خوراسانە) ٢٠ / ٣٠ كیلۆمەتر دوڕ دەكەوێتەوە ڕۆژهەلاتی ( مەهابات ) و كانیاوەكە نێزێكی ئەم ( شەخس ) دیە.))[٢٢](عەبدوررەحمانی زەبیحی:١٣٦٧: ٦٣، ٦٤ ، ٧٤)

تەنانەت فەرهەنگنوسانی كورد لە سەر چەمك و پێناسەی وشەكانیش كۆك نین، لێرەدا نمونەی چەند فەرهەنگێك دەخەینە ڕو كە وشەی (وەرز) ی تیادا تۆماركراوە :

---

(22 )ئە: ئامراز ★: هاوتا(مرادف) نت:ناوی تێكەلاو مك:موكریانی تێب: تێبینی

- ((**وەرز: ــ کردنەوە: گەڕانەوەی جووتی، ساڵ، کاتی بەروبووم هەڵگرتن. ( باک. ) شیناوەردی، بەرووبۆ، ڕەوار.** (گیوی موکریانی:١٩٩٩: ٨٩٢)
- **وەرز: ساڵ.** (معروف قەرەداغی مەردۆخی:١٩٧٢ :١٣٤)
- **وەرز:١)بەرز،بلند؛ ٢)دەم و کاتی چاندن و بەهرەهەڵگرتن؛ ٣)بریتی لە ساڵ؛ ٤)بێستانەدێم؛ ٥)وەرجا،بەرلەف١) بلّند؛ ٢) موسم کشت و برادشت محصول؛ ٣)کنایە ازسال؛ ٤) پالیزدیمی؛ ٥) قبل از.** (هەژار: ١٣٦٩: ٩١٩)
- **وەرز:زەمینێکە کە کێڵرابێ و تۆوی پێوەکرابێ. بریتییە لە ساڵێك: دوو ( وەرز ) ە ڕەنجبەرم، واتە دوو ساڵە. زەوییە کە کە کرابێ بەکاڵەك و ترۆزی دێم ( ز ).** (شێخ محەمەدی خاڵ:٢٠٠٥: ٤٩٤)
- **وەرز:(ن.) کەژ، چارێکی ساڵ: من وەرزی پایزم پێ جوانە، ئەی تۆ؟))**[٢٣] (کۆمەڵێك مامۆستا:٢٠٠٧ :٣٢٢)

بەتایبەتی فەرهەنگسازە نوێیەکانی زمانی ئینگلیزی ئامانجیان خۆ دورخستنەوەیە لە تاکڕەوی. بێگومان ئەمڕۆ گرنگیدان بە پێشخستنی فەرهەنگ وەك فەرهەنگێکی بەسوود و باوەڕپێکراو نەك وەك فەرهەنگێکی کەسی یا تاکڕەوی. سەرەڕای ئەم ڕەنگدانەوە ئاشکرایەی کە تێڕوانینی یەك نوسەر دەنوێنێ بۆ جیهان، جێگەی داخە کە بەکارهێنەرانی فەرهەنگ هەر لە زووەوە ئاگادارنەکراونەتەوە کە پێناسەی فەرهەنگ بەرێژەیی پالأوتراوە لە باسەکەوە، هەردەم بابەتەکان مایەی کێشەو گۆڕانن. هەر چۆنێك بێت فەرهەنگسازەکان هەرگیز مافی تەواو و دروستی تۆماری وشەیان نەداوە، کۆمەڵێك فەرهەنگسازی زانا بە هۆی زۆری تەمەن و تاقیکردنەوەیان گرنگی دەدەن بە چاودێری کردنی دوا گۆڕانکارییەکانی واتاکان؛ یاخود لەوانەیە گرنگی بدەن بە نوسینی پێناسەکانی کە زۆر باشن لەوانەی کە سادەن یاخود وردن؛ یاخود لەوانەیە بەدوای باوی یا نەریتی پێناسەکە بچن کە تەنها نەریتێکی فەرهەنگسازییە نەوەك بنەمای واتاسازی.(Halliday:2007: 25-26)

هەرچەندە لە زمانی کوردی دا داواکاری ئەوە هەیە کە فەرهەنگەکان بە هۆی کاری بە کۆمەڵەوە دروستبکرێن، بەم جۆرە ئەمە هۆکارێکی یارمەتیدەر دەبێ بۆ دورکەوتنەوە لە بیروڕای کەسییەتی، هەروەها پێدانی چەمك و زانیاری گشتی بۆ هەر وشەیەك.

بە شێوەیەکی گشتی، واتا مەزندە ناکرێ بەپێی ئەو واتایەی کە لە دەروازەکانی فەرهەنگ دا دەدۆزرێتەوە یا لە پێناسەکردن یاخود لە شرۆڤەکردن دا وشە بەرامبەرەکان دەدرێ. پێناسەی فەرهەنگی دەتوانرێ و دەکرێش زانیاری بەخش و یارمەتدەر بێ، هەروەها کاتێك بە جوانی نوسرابێ، کە دووبارە دارشتنەوە یا لێکدانەوەی دەبێتە هۆی زیادبونی واتا. بەڵام واتا زۆر بە پێی پێویست نییە یا بەتەواوەتی نەدۆزراوەتەوە لەم پێناسەیە دا. لێرەدا ناتوانین

---

(23 ) **باک.**: باکوری ز: **ن.**: ناو

بڵێن واتاکە نادیارە یا ڕون نیە. لە چوار چێوەی دابونەریتی زمانێکی تایبەت دا، واتاکان دەگۆڕێن لەگەڵ یەکتر بە ڕێگایەکی ورد. قسەکەرەکانی هەمان زمان دەتوانن واتا بگوازنەوە بۆ یەکتر بە شێوازێکی ورد. وشە ئەو واتایەی نیە هەردەم چیمان بوێت ئەم واتایە ببەخشێت، بەڵکو بەپێی دابونەریتی کۆمەڵایەتی بڕیاری لەسەر دەدرێت. ناتوانین بەبێ گونجان ئەوە بسەپێنین کە داڕشتنی پێناسەی فەرهەنگ خستنەڕوێکی نمونەییە کە وشە واتای چ دەگەیەنێ.

بۆ زیادتر ڕونکردنەوەی ئەو خاڵە، بە شێوازێکی ئاسایی واتاکان بەکاردەهێنرێن و کاردانەوەیان دەبێ لە دەوروبەر دا. وەك بەکارهێنەرانی زمان، نمونەی ئیدیۆمی:

- [((با گوڵە بێتەوە لە کانی.
- بەهەزار شەیتان میچێکی لێ نابرێتەوە.
- بەرزە بڵێسە.))[٢٤]

ئاشکرایە کە واتاکە وەرگیراوە لە هەموو دەربڕینەکە، نەك لە تێگەیشتن لە وشە لەدوای وشە ((پارەپەرست، کلاّوی سەخری جنی لە سەردایە.))[٢٥] یا (کلاّوی سەخرە جنە، کلاّوی بابردو) ]

هەر فەرهەنگێکی باش ئەمانە دەناسێتەوە بە هۆی ستراتیجیەکانی وەك ریزکردنی واتا جیاوازەکانی وشە، نموونەی بەکارهێنانیشی دەدات، و مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵێك وشەی پێکەوە لکاو دەکات (هەروەك ئیدیەم) وەك یەکەیەکی فەرهەنگی. بەلاّم گرنگە بۆ ناسینەوەی واتای دەوروبەر لە سروشتی زمان دا و لادانەکانیشیان نەگونجاو نیە لە هەڵوێستە نموونەییەکان دا کە هەموو وشەیەکی زمان هەموو کاتێك بەشداری هەمان واتاسازی تەواو دەکات لەهەر وتارێك یا گفتوگۆیەك دا(Ibid:26-27)

- زۆرجار (ئاوەڵناو و قەدی کار...) بەکاردێن وەك ناوی کەسی: (جوان، ڕوخۆش، دلگەش، دڵپاك، دڵسۆز ..... دڵشاد، سەرکەوت، هەڵکەوت، دەرکەوت،....)بەلاّم ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی دو دەروازەی بۆ بکرێتەوە بەڵکو هەر لە هەمان دەروازە دا وەك تێبینییەك ئاماژەی پێ دەکرێ:

---

(24) نمونەکان وەرگیراون لە: جەلال مەحمود علی. (١٩٨٢ )، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، بڵاوکراوەی حسام، بغداد.ل: (٦٩،٨٦،٧٥،١٧٦، ٥٧)

(25)نمونەکان وەرگیراون لە هەمان سەرچاوەی پێشو، ل:( ١٠٣، ٢٣٧ )

- (( **دڵسۆز** (ئان.) ١ـ خەمخۆر، مشورخۆر، دڵسۆز: جەماوەر بۆ نیشتمان دڵسۆزە. ٢ـ خاوەن بەزەیی: دایکم میهرەبانە. ٣ـ ناوە بۆ هەردوو توخم.
- **دڵپاك** (ئان.) ١ـ بێ فرتوفێل ، بێ گرێ ، دڵسۆز : مامۆستاکەمان نموونەی مرۆڤی دڵپاکە . ٢ ـ ناوە بۆ هەردوو توخم. ))[٢٦] (کۆمەڵێك مامۆستا:٢٠٠٧: ١٥٨)

- بە گوێرەی ڕێکخستنی مێژوویی دەرۆن یەکەمجار کۆنترین تۆمارکردنی واتا دەدەن ( هەتا ئەگەر ئەمانە ئێستاکە بە تەواوەتی و بە شێوازێکی فراوان نەزانراوبن):
- (( **بەرماڵ** (نا.ل) [ بەر٣ + ماڵ ] ١ـ دوو تەختە کوێنی گەورەیە کە بە بەر ڕەشماڵ و تاوڵیوە دەگرن هەتا بەری با و باران بگرێ. ٢ـ جاجمێکی گەورەیە کە پێخەفی تێوە دەپێچن. ٣ـ تەنراوێکی هەندێك چووکە کە پاك و خاوێن رادەگیرێ و نوێژی لە سەر دەکەن، دوگرد، جانماز. ))[٢٧] (عەلی نانەوازادە:٢٠٠٥: ٤١٤)

- یا دەبێ دروستکردنی پێناسەکانیان ئاسانتر و زۆر وردتر بێت (کە لەوانەیە یارمەتدەربێت بۆ خوێنەر:
- (( **بارهەلگر** ـ { ١ـ بار / ١ + هەلگر ( هەلگرتن) } ، ( صت.) ١ـ حاڵی وولاغێکی بار قبوڵ کایا وەختی ئەوەی هاتبێ باری لێ بنێن . ٢ ــ ( مجـ.) کەسێکی ناڕەحەتی و زەحمەتی بۆ قبوڵ بکرێ ، دەناڕەحەتیدا هەڵ بکا .// بارنەبەر. )) (عەبدوررەحمانی زەبیحی:١٣٦٧ :٢٦٥)

- لەگەڵ ئەمەش دا هیچ مەبەستی سەرەکی لە یەکەم واتای وشە دا کە لیست کراوە نیە ) وەك:
- (( **ئاواکردن** ـ { ٣ ـ ئاوا + کردن } ، ( مصت. مت.) ١ ـ لەبەر چاوان وونکردن . ٢ ـ تێپەڕاندن ( کەسێك لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ) ٣ـ بردنە سەر ، رابواردن ( وەخت ) ٤ـ بردنەخوار : : هەڵیان بڕین و لێیان نەبۆنەوە تا ئاوای ئەو دیویانە کردن . رۆژەکەمان بە خۆرایی ئاواکرد . هێشتا پارێکی لە گەروی ئاوا نەکردوە یەکی تر دادەگرێ . )) (سەرچاوەی پێشو :٧٩ )

یا بۆ نموونە دوای وشەی *وەرز* لە چەند وشەیەکی لێکدراو دا بەم شێوەیە ڕیزکراون لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، وەك:

((**وەرزقورێف**: جەنگەی رنینی تەرزەکاری.

---

(26 ) ئان. : ئاوەڵناو

(27)نا.ل : ناوی لێکدراو

**وەرزەبا:** بای شیاوی وەرزی ساڵ.

**وەرزەباران:** بارانی شیاوی وەرزی ساڵ.

**وەرزەنایش:** ١) بەرزکردنەوە، هەڵهێنان؛ ٢) راست چەقاندن؛ ٣) لەخەو ڕاکردن)) (هەژار، ١٣٦٩: ٩١٩)

(ئەم بەکارهێنانـە پێکـەوە وەرگـیراوە کـە خـەڵك چۆن بیردەکەنـەوە لـە واتـا سـەرەکیەکەی وەرز "وەك یەك لە چوار وەرزەکـان"، "زسـتان بـەهار هـاوین پـایز". ((بـەلأم فەرهەنگسازەکان بەژیرانە حوکم لەسەر دەروازەی واتایی دەکەن "چوار وەرزی ساڵەکە"، نەك لەبەر ئـەوەی کـە لەوانەیـە زۆر لـە خوێنـەران مەزنـدەی بکـەن، بـەڵکو لەبـەر ئەوەیـە کـە پێناسـەی وەرز :"ئـەو مـاوەی سـاڵە کۆمـەڵێك بـارودۆخی دیـاریکراوی هەیـە" یـاخود "ئـەو مـاوەیی سـاڵ چالاکیەکی تایبەتی تێدا روو دەدات" هیتر، لەوە دەچێت ئاسانتر تێی بگەی ئەگەر واتایەکی بنـچینەیی لـە پێشی بێت.))

- ریزبەندی هەنـدێ واتـا بـە ڕەمـەکی نیـە کـە لـە دەروازەیـەك دا دەنوسـرێتەوە وەکـو یـەك دەروازە؛ چونکە واتای دووەمی، بەکارهێنانی وشـەی "هاوشـێوە" و "پەیوەنـدار" دادەنێـت، کە خوێنـەر پێناسـەی یەکـەمی خوێندوەتـەوە/ تێگەیـشتووە; واتـای سـێیەم لـە پێـشنیازی یەکەم و دووەم دەکات.... هتد. ) (Halliday:2007:28) بۆ نمونە:

(( **باڵاکردن ـ ( مصتـ . لا .) ، ( مکـ.) ١ـ زیادبونی درێژایی ئادەمیزاد بەژنی درێژایی بەژنی ئادەمیزاد . ٢ـ (کنـ.) گەورە بونی مەعنەوی :: زۆرم پی خۆش بو تەشریفتان هێنا ، باوەڕ فەرمون گەز گەز باڵام کرد . ٣ـ بەرزبونەوەی گژوگیا ، هەڵچون وگەشەکردنی شیناوەرد.** ))(عەبدوررەحمانی زەبیحی:١٣٦٧ : ٢٨٨)

هەر وشەیەك بە شێوەیەکی ئاسایی لە دەروازەیەك دا تۆماردەکرێت. بەلأم هەنـدێك وشـەی هەن لە دو دەروازە یا زیادتر دا تۆمار دەکرێن چونکە سـەر بـە دو یـا زیـادتر بەشـە ئاخـاوتنی جیاوازن وەك لە زمانی ئینگلیزی دا:(bear, rose…) کە جارێك وەك نـاو تۆمـار دەکـرێن و جارێکی تریش وەك کار..... ئەمە ئەوە دەردەخات کە فەرهەنگەکان ناچاربوون بۆ رێکخستنی یەکەکان بەسەر زیاتر لە ئاستێکدا.(Ibid:29 )

لە زمانی کوردیش دا بە هەمان شێوە تۆمارکراوە:

**(( ١ـ ئاوان ــ ( صـ.) ، ( سنـ.) تەـ : ئاوەدان . (( یاجەگونای من کەرەم ئاوان تەر ))((ڕەحمەت جە تاوان من فراوان تەر )) ( مەولەوی : مکبـ ـ ٥٣٦ ) .**

**٢ـ ئاوان ـ ( نا. ) . ١ . ـ ( سنـ . ) تمـ : ٢ـ ئاوونگ ٢ـ قاپ و قاچاغی ناو ماڵ ( تمـ : خا. جـ١ ـ٦١ )**
**هس: ٢ـ ئامان .**
**٣ـ ئاوان ـ { ١ـ ئاو/ ١ + ئان ( = ئانه / ٢ ) } ، ( نتـ . ، ( مکـ.) ئەو هەقەی ئاشەوان لەباتێ هاڕینی دەغڵ له ئاشێری دەستێنێ ، خۆی له ١٥ یەك و ٢٠ یەك دەدا ، بۆ گەنمە شام و هەرزن و جۆ ، له گەنم زۆر ترە . ★ ئاواناش . ))** [٢٨] (سەرچاوەی پێشوتر:٨٠)

هەندێك جار ڕیز بەندی هەندێك له واتاکانی سەرەتا پێدەچێت زۆر لاسایی بێ. پێناسەی وشەی هەبون/ بون هەموو کاتێك دەست پێ دەکات بە واتای "هەیی"یا "خاوەنداریەتی"یا "دەوڵەمەندی"، له ڕاستی دا زۆر خەڵکیش وا بیردەدەکەنەوە لەمە وەکو یەکەم واتای سەرەکی ئەو وشەیە بێ. لە ڕاستی دا زۆر کەرستەی زمانی بەڵگەنە بۆ ئاماژە بە بەکارهێنانەکانی [هەبون/ بون (وەك له کاری داڕژاو " **پێبو، پێوەبو، لێبو، لێبونەوە، هەڵبو، تێبو**،..."یا کاری لێکدراو " **زیندوبونەوە، ڕزگاربون، سوڕبون، شینبون، لاربون، منالبون**،..." هەروەها وەك کاری یارمەتیدەر له پێکهاتەی وشەی وەك:**هاتبو، هاتبێ، هاتبا، خواردبو، خواردبێ، خواردبا**...] ئەمانە زیادتر بەکاردێن لە وشەی وەك "ئەوان دوو سەیارەیان هەیە "یان "ئێمەخانوێکی بچوکمان هەیە"

بیرۆکەی ئەوەی کە واتای سەرەکی وشە چییە ڕەچاودەکرێ و بەردەوام دەبێ بە جۆرەها شێوە، بیروباوەری گشتی دەگرێتە خۆ سەبارەت بە وشە (کە لەوانەیە یا لەوانە نیە کە هەماهەنگ بێ لەگەڵ بەکارهێنانی ڕاستەقینە) لەگەڵ نەریتی فەرهەنگسازی. هەندێك جار ئەم تێبینیانە بە فەرمی دانیپێدادەنرێ. بۆ نمونە مەبەست لە واتای هۆشەکی هەموو جۆرەکانی واتادەگرێتەوە. سەبارەت بە جۆرەکانی واتا . ئەوهاوبەشیەی کە کۆکەرەوەیە لە نێوان ئەم واتایانەدا ئەوا لە واتای ڕاگەیاندنی جیای دەکاتەوە: شتێکی گشتیە کە جیاوازی بکرێ لە نێوان واتای ئاشکرا واتای شاراوە. ئەگەر وەربگیرێت وەك سیمانتیکیەکی شکۆدار یا داوایەکی فەلسەفی، جیاوازیەکە بەرەوجیاکردنەوەی ئەو وشەیە کە ئاماژە دەکات بە هاوڕێیەتی وشە کە وشەیەکی ترت بە بیر دێنێتەوە. زۆر بەربلاوی، هەندێك جار بە شێوەیەکی ئاسان، دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی کرۆکی واتاکە لە ڕوکەشی یا دەوروبەری واتاکە ئاڵۆزبووە بەو ڕاستیەی کە وشە ئاماژە بە چی دەکات لە دەوروبەرێکی دیارکراودا (کاتێك کە قسەم بۆ کردی ئاماژەم بە "پشیلەکەی تۆ"دا ) هەرگیز مەبەستی چەمکی واتا نیە (زیاتر هاوشێوەی "هەرچ پشیلەیەك"، یا "پۆلی پشیلەکان").بیرۆکەی چەمکی واتا لەناو پۆلێك شت دا مەترسی دیارکردنی واتا دەگوازێتەوە ، وەکو بڵیی واتاکە لە جیهانی شتی مادی جێگربێت

---

(28 ) **( صـ.): صفەت ( سنـ.): سنەیی تمـ : تەماشاکە ( نا.):ناو هس: هەڵی سەنگێنە**

یا بچەقێت. ئەمە بە شێوازێکی سادە زۆر یارمەتدەر نیە لە باری زۆر لە وشەکان، هەروەك ناوی مەعنەوی بە گشتی یاخود کاری وەك: باوەرکردن، خەونبینین، بیرکردنەوە، یا ئاوەڵناوی وەك: چاك، باش، هەژار، بەدبەخت، بەدنمەك، بەد بین، خوێن تاڵ، خوێن سارد، . کاتێك چەمکی واتا دیارکرا بە گونجاوی، ئەمە شتێکی ئاشکرا نیە کە ئەمە ڕێگایەکی گونجاوە بۆ جیاکردنەوەی واتاکە. زاراوەی چەمکی واتا بەرەو هەڵدێر دەچێ لە نێوان شتێکی وەك واتای دەرەکی، واتای سۆزەکی و پەیوەندی کەسیەتی. بیرۆکەی واتای دەوروبەر ئەم پرسیارە دێنێتە پێش کە واتای کرۆکی وشە چیە و بۆچی دەبێ وابێ. لەم نموونانەی کە پێش ئێستا دراوە ئاشکرایە کە وشە بە واتایەکی زۆر بەکارهاتوە هەموو کاتێك ئەوە نیە کە زۆرێك لە خەڵك وەك کرۆکی واتا دەیپێکێت. زۆر ئاشکرایە کە واتا کۆنترەکانی وشە کە لە ئێستاکە دا زۆر بەکارنایەن، هەروەها بە هیچ پێوانەیەکی هەست پێکراو زۆر بنچینەیی نینە. بە دڵنیایی "واتای سۆزەکی" کە پێدەچێت هەڵبژاردەیەکی باش بێت بۆ واتای پەراوێز/ لاوەکی، هەموو کاتێك ئەوا بە واتای دەرەکی دادەنرێت(Halliday:2007:29-30 ) وەك:

- [((بەد بەختی کلافە دەکات.
- خەوی پێوە دەبینێت.
- دەڵێی ئاو لای داوە.
- دەڵێی پاپۆڕەکەی نوقوم بووە.
- شەیتان بازاڕە.)) [29]

وشەی (شەیتان، خەو بینین، بەد بەختی....)] بەدڵنیاییەوە دەبێت سۆزەکی بن: ئەم وشانە نابنە هۆکارێك بۆ ڕونکردنەوەی واتای ڕستە لە ڕستەیەکی ڕاگەیاندن و زانیاری دا ، بەڵکو دەیانەوێت هەست و سۆز دروست بکەن و بیجولێنن کە مەبەست پێشکەش کردن و سەرنج ڕاکێشانە تا گرنگی بدرێ بەمانە. هەمان شت دەتوانرێت بوترێت سەبارەت بە بەکارهێنانی ئاوەڵناوی وەك: بەبەخت، نارێك، کە بە شێوەیەکی گشتی خزمەتی بیروبۆچوونی قسەکەر دەکات ، سەبارەت بە فرمانی بیرکردنەوە کاتێك کە بەکاردێت لە قسەکردن وەك "وابزانم کۆبوونەوەکە نێوەرۆ دەست پێ دەکات" (کە وشەکە "وابزانم" خزمەتی ئەوە پەیامە دەکات کە کەمتر دەسەلاتدارە یا بیروباوەرییە) یاخود؛ "وابزانم ئەم کلیلانە هی تۆنە"، (وەك

(29) نمونەکان وەرگیراون لە: جەلال مەحمود علی. (١٩٨٢)، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، بلاوکراوەی حسام، بغداد.ل: (٦٩- ٣٣٧)

شێوازێکی ڕێزە بۆ ئەوەی بە یەکێك ڕابگەیەنی کە خەریکە بڕوات و کلیلەکەی لە دوای خۆی بەجێبهێلێ) بەم شێوەیە ئەوەی کە پێ دەوترێت "واتای سۆزەکی" یا "واتای هەڵوێستی" هەندێك جار دەبێت بە بەشێکی یەکگرتوی گفتوگۆیەکە. لەلایەکی ترەوە ئەگەر، "پەیوەندی" شتێکی کەسی یا تایبەتی بێت، کەواتە زۆر زەحمەتە وەك واتا لە ناو هەمویان دا ئامادە بکرێت ، ئێستا ناتوانن لە گۆڕینەوەی واتاداری ڕێکخراو بەشداری بکەن. ئەگەر وادابنێن، بۆ نموونە، کەسێك خولیای جۆرێکی تایبەتی گولێکی وەك: گوڵەنێرگز، بێت. بێگومان لەبەر ئەوەی هەندێك یادگاری بە نرخی منداڵی تێدایە یاخود هەندێك تاقیکردنەوەی کەسی. ئەمە هەندێك دەرئەنجامی لە هەڵس و کەوت و گفتوگۆکانی دا دەبێت: [لەوانەیە کەسێك هەردەم گوڵەنێرگز بکڕێ، لە کاتێك دا کەسێکی تر هەرگیز وا نەکات، یا ئاماژە بە گوڵەنێرگز دەدا زیاتر لەو. بەڵام ئایا بەدوای هەریەك لەمانە دا ئەم دوکەسە هەریەکە مەبەستێکی جیاوازیان سەبارەت بە وشەی گوڵەنێرگز هەیە؟ هەردووکیان، ئەگەر بە کوردی قسەبکەن، تێدەگەن کەچی دەگەیەنێت کاتێك یەکێك دەڵێت:

- گوڵەنێرگز گوڵێکی جوانە.
- گوڵەنێرگز گوڵێکی بۆن خۆشە.
- فرۆشتنی گوڵەنێرگز لە بەهاران دا باوە.
- زۆر لە خەڵك حەزیان لە گوڵەنێرگزە.]

(ئەگەرهاتو ئێمە ڕازیبین لەسەر ڕاستی ئەم داوایانە یان نا. لەڕاستی دا نارازین لەگەڵ ئەم ئاماژانەی کە پێویستی بە تێگەیشتن هەیە کە واتایان چیە، تەنها ئەوەندە لەگەڵیان کۆکین کە واتای هەیە.

هەندێك ناوی تایبەتی کە لەناو کۆمەڵگا دا بڵاودەبنەوە و دەنگدەدەنەوە بەخاسیەت و ڕەوشتێکی تایبەت  لە سنوری کەسی دەردەچن بە واتای ئەوەی  دەبنە یەکەیەکی فەرهەنگی بنچینەیی کە وەسفی خەڵکی جۆراوجۆر دەکەن. لە فەرهەنگ دا دەبێ وەك ئاوەڵناو یا وەك هەر وشەیەکی ئاسایی مامەڵەیان لە گەڵ دابکرێ (Ibid:31-32)،[لە فەرهەنگەکانی زمانی کوردی دا ئاوڕ لەم لایەنە نەدراوەتەوە، ئەگەر ناوێکی تایبەتیش تۆمارکرابێ ئەوا هەروەك یەکەیەکی فەرهەنگی مەوسوعی مامەڵەی لە گەڵ دا کراوە ــ زانیاری گشتی لەسەر کەسایەتیەکە تۆمارکراوە وەك: ساڵی لە دایك بون و مردن پلەوپایەی ، بیروباوەری، کارەکانی.....هتد ـ

- (( **بارزانی(ن)** (١٩٠٣ـ ١٩٧٩) سەرکردەیەکی نەتەوەیی و بەناوبانگی کوردە...... )) (کۆمەڵێك مامۆستا:٢٠٠٧ :٣٧ـ٣٨)

هەرچەندە ئەم ناوە لەناو کۆمەڵی کورد دا بەناوبانگ و ناسراوە، بەلاّم نەبوەتە یەکەیەکی فەرهەنگی ـ بە شێوەیەکی بەربلاّو بۆ وەسف کردن بەکاربێت ـ کەچی هەندێك ناوی تایبەتی هەیە کە بونەتە وەسف و بە فراوانی بەکاردێن لە سەرزاری خەڵکەوە، وەك: کەسایەتی مێژویی کە پڕن لەواتای شاراوە. وەك:

(( **محمد، عیسا، موسا، ئەیوب، حەزرەتی خدر یا خدری زیندە ، عومەر، حاتەمی تەی، هەمزاغا ، حەماغا ، شاعەباس، لەیلاو مەجنون ، مەم و زین، بەکرمەرگەوەر، پاشا کۆرە، حوکمی قەرەقوش، حەمە قدۆی موسڵ.......هتد.**))

کە ئەمانە هەریەکێکیان لەجیاتی وەسفێك یا ئاوەڵناوێك بەکاردێن. ]

جیاوازی لە تاقیکردنەوە و بەیەکبەستنەوە لەیەك کۆمەڵگا هەیە کە دەرئەنجامێکی زمانەوانی واتاسازی دەبێت بۆ نموونە ئەگەر هەندێ قسەکەری زمانی کوردی حەزیان لە هەندێ گیانلەبەری ماڵی بێت لەوانە: مریشك یا پشیلە یا کۆتر یا سەگ بێت لەکاتێك دا خەڵکێکی تر ڕقی لێبێتەوە ئەمە وەکو پەراوێزێکی باش دەمێنێتەوە بۆ یاساو ڕێساکانی زمانەوانی. بەلاّم جیاوازیەکی بچووکی زمانەوانی ڕێك و پێك لە نێوان قسەکەرەکان هەبێت بەلاّم ئەمە لەوانەیە لێرەدا بچوك بێت، بۆ نموونە: هەندێك قسەکەری ئینگلیزی ئاماژەی بە پشیلەی دەکەن وەك he یا she لەکاتێکدا هەندێکی تر ئاماژە بەپشیلە دەکەن بە it ، هەندێك خەڵك پشیلە بەکاردێنن وەك ئەکتەرێکی پرۆسەکان وەك پێگوتن و بیرکردنەوە ( هەروەکو **پشیلەکە پێم دەڵێ: کە کاتی خەوتنە. یاخود پشیلە کە وا مەزندە دەکات ئەمە باشترین ژورە لەم نهۆمە.**) لە کاتێك دا کەسانی تر هەرگیز ئەم جۆرە راڤانە بەکارناهێنن . تا ئەوڕادەیەی کە ئێمە لەوانەیە یاسایەکی زمانەوانی کەمێك جیامان هەبێت، هەندێك دەڵێن گیانلەبەرانە تارادەیەك لە مرۆڤ دەچن بە پێچەوانەوە هەندێکی تر ڕەتی دەکەنەوە دەڵێن : وەکو مرۆڤ نیە. لەم بارەدا شتێکی دروستە بۆ ناسینەوەی دو شت کە پشیلە دو واتای جیاوازی هەیە. و دو گەردانیفەرهەنگیی لاوەکی جیاوازن.بەلاّم لە زمانی کوردی دا زیادتر ناوی ئاژەڵەکان بەگشتی جگە لە واتای سەرەکییان، هەڵگری واتای ڕەنگدانەوەن، بە جۆرێك لە هەندێك هەڵوێستی تایبەتی دا ـ تەوس و تانە و جنێو. دەتوانن چاڵی ئاوەڵناوەکان پڕبکەنەوە

- [((**پشیلە لەماڵ نییە مشککان تلیلیلی یانە: بێ گەورەیی و بەرەڵایی.**
- **دەڵێی پشیلەی کەللەخانەیە: قەڵەوە**

- **ڕێوی بەپیریەوە هاتووە: بەبەختە))**[(٣٠)]
- **ڕێوییە: فێڵبازە.**
- **پشیلەیە: سپڵەیە]**

**سەبارەت بە واتا بە شێوەیەکی کۆتایی دادەڕێژرێ و بڕیاری لەسەر دەدرێ لەلایەن بەکارهێنانی هاوبەشەوە. پێناسەی فەرهەنگ بۆ واتای وشە ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتداریەتی تاڕادەیەك زۆر دوری ئەو ڕێگایە یە بۆ ئەوانەی کە وشەی زمانی بەکارهێنان لە نێو پەیوەندیەکی ڕەسەن دا قسەی پێدەکەن و پێیدەنوسن. بەم واتایەی واتا سیفەتێکی کۆمەڵایەتی هەیە، لەکاتێك دا هەندێك جار گونجاوە بۆ بیرکردنەوە لە واتای وشە وەك بیرۆکە، وەك شتێك هەڵگیرابێت لە مێشکی مرۆڤ، ئەمەش شتێکی ڕاستە تاڕادەیەك کە بیرۆکەکە وەك شتێکی مەعنەوی دەبینرێت لە دەرەوەی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی.)** (Halliday:2007:32-33)

## ئیتیمۆلۆجی:

**ئیتیمۆلۆجی زانستێکە لە پەیوەندی مێژویی وشەکان و ڕەچەڵەکیان دەکۆڵێتەوە یاخود ((ئەو بەشەیە لە زانستی وشە ، کە لە پەیدابوون و وەرگرتن و گەشە کردنی وشە و ئەو دەورانەی پێیدا تێپەریوە دەدوێ.)) ( ئەورەحمانی حاجی مارف،،ك:٣:٢: ٢٠٧ )**

**یا ((بنچینە و مێژوی وشەیەکی تایبەت، یا لقێکە لە زانستی زمان کە لەمە دەکۆڵێتەوە. هەمو زمانێك فەرهەنگی زمانی خۆی هەیە پێك دێت لە هەزارەها وشە، و هەریەك لەم وشانە مێژو و بنچینەی خۆی هەیە ئەمەش ئیتمۆلۆجی خۆیەتی.** (Trask:2007:87 ) **))**

**(لەم تەوەرەدا بە کورتی چاوێك بە پێشکەوتنە مێژوییە پەیوەندیدارەکان دەخشێنین. گۆران لە زمان ـ بە تایبەتی گۆران لە واتا ـ شتێکە هەر ڕودەدات، بەڵام هەندێك جار بە توندی ڕەخنەی لێ دەگیرێ، وەکو بڵێی دەبێت زمان چەسپاو بێت لە هەموو کاتێك دا. لە ڕاستی دا هەوڵەکان بۆ چەسپاندنی واتا یاخود بەستنەوەی وشە بە واتای سەرەکی، ئەو ڕاستیە کۆمەڵایەتیەی بەکارهێنانی زمان ڕەتدەکاتەوە.)** (Halliday:2007:33)

**لە زمانی کوردی دا ئەگەر زانیاریەکی مێژویی واتای وشەمان هەبێ، ئەوە ڕۆڵەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فەرهەنگ و فەرهەنگۆکانەی کاتی خۆی وشەکانی زمانی کوردییان**

---

(30)**نمونەکان وەرگیراون لە: جەلال مەحمود علی. (١٩٨٢)، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، بڵاوکراوەی حسام، بغداد.ل:( ١١٤ ـ ٢٩٠)**

تۆمارکردوه و ئەگەر بەتاکە وشەیەکیش بوبێ، یاخود بەرامبەرەکەی وشەیەکی بیانیش بوبێت، دەکرێ بە تایبەتی بۆ لایەنی مێژوی گۆڕانی واتا سودمەند بن و وەك بەڵگەنامە سەیر بکرێن.

- (( **باڵافڕ** ـ { باڵا / ٢ + فڕ ( فڕین)} ( نتـ.) ، (بکـ.) فڕۆکە ، تەیارە . تێب ـ ئەم ووشەیە لە جەنگەی شەڕی دوەمدا ، کە ڕادیۆی ( بیڕۆت) دەنگ وباسی بە زمانی کوردی بڵاودەکردەوە ، داتاشراوە. [٣١]))(عەبدورڕەحمانی زەبیحی:١٣٦٧: ٢٨٨)

تەنانەت دەکرێ تاڕادەیەك فەرهەنگە کوردییەکان یارمەتی دەربن بۆ دەستنیشانکردنی گۆڕانی واتا. بەڵام بەکارهێنانی واتای کۆن وەك بەڵگە و ساغکردنەوەی شتێك بۆ کاتی ئێستا و پشتتێکردن لە بەکارهێنان و واتا نوێیەکەی کارێکی ناپەسەندە.

(هەندێك جار واتای کۆنی وشە لە دەوروبەرێکی سنوردار دا زیندو دەبێتەوە، لە کاتێکدا زۆر لە واتاکان گۆڕاون)(Ibid:34). بۆ نمونە:وشەی **(نان)** لە زمانی کوردی کۆن دا لەوەدەچێت بە واتایەکی فراوانتر بەکارهاتبێت کەچی ئێستاکە زیادتر لە ناو پەند و ئیدیۆم و دەستەواژەکان دا ئەو واتایانە ڕەنگدەدەنەوە. وەك: **(نانکۆر، نانە جۆ، نان و پیاز، نان و ئاو، نان وسك، نان بدە، نان بڕاو، نان سوێر، نانی سوارە، نانی نانی.....)** لای قسەکەرانی زمانی کوردی ئێستاکە کاتێ گوێبیستی وشەی (نان) دەبن بیر و خەیاڵیان تەنیا بۆ یەك شت دەچێت کە ئەویش بە شێوەیەکی گشتی بە واتای ئەو (نانەی کە لە ئارد و ئاو و خوێ... پێکدێ و بە جۆرەها شێوە و شێواز دروست دەکرێ)

لە ڕاستیدا واتا کۆنەکان بەرەبەرە لە بەرچاو دا وندەبن، و فرێز و پەندی پێشینان سەرلەنوێ لێکدەدرێتەوە بۆ خۆگونجاندن لە گەڵ واتای نوێ وەك وشەی :**(خۆش)**:

((قسە خۆش، پێم خۆشە ، بۆنی خۆش، مامەڵەی خۆشە، شوێنێکی خۆشە.....هتد. ))

کە جگە لەم واتایەی لەم ڕستانەی پێشوتر هەیەتی هەر فەرهەنگنوسێکی کورد کۆمەڵێ واتای تری لێ تۆماردەکات لەوانە:

- خواردنەکە **خۆش بو**: بەتام
- ـ چایەکە ـ **خۆشە** : شیرین
- ئاگر خۆش کردن: زیادکردن
- پێستە **خۆش**کردن: چاکردن، گرواندن

---

(31 ) ( نتـ.) ، (بکـ.)

- کەش و هەوای **خۆش**بووە: سەرماوسۆڵە نەماوە ـ بەتایبەتی بەهاران وادەوترێ ـ
- ڕۆژ **خۆشە**: هەتاوە
- **خۆش**ڕەو : خێرا
- لەشم **خۆشە** :ساغە/ چاکە
- لێ**خۆش**بون: بوردن
- بۆخۆتان **خۆش** بن: دڵنەوایی/ سەرەخۆشی
- **خۆش**باوەڕ: ساویلکەیی

بەدەگمەن لە فەرهەنگەکانی زمانی کوردی زانیاری مێژویی وشەیان تێدایە وەك لە ***قاموسی زبانی کورد*** کە بە ڕێژەیەکی کەم ئاماژە بە پەیوەندی مێژویی وشەیەك بەوشەی زمانێکی ترەوە دەکات، کە ئەویش زیادتر زمانی ئاڤێستا و پەهلەوییە. بەلاّم لە ***فەرهەنگی هەرمان*** دا زۆر زیادتر بایەخ بە لایەنی ئیتیمۆلۆجی دراوە، لەو وشە کوردیانەی کە پەیوەندی مێژوییان هەیە بە زمانی (ئاڤێستا و پەهلەوی و هیندی کۆن و سانسکریت و هەخامشنی.....) ئاماژە بە شێوەی وشە و زمانەکە کراوە. وەك فەرهەنگێکی سەربەخۆ کە سەبارەت بە ئیتیمۆلۆجی بێ، ئەوەی جەمال نەبەزە کە بە ناوی ***وشەنامەکی ئیتیمۆلۆژیای زمانی کوردی*** لە ٢٠٠٨ دا کە زیادتر لە ڕەچەڵەکی هەزار وشەی کوردی بەکارهاتوی کۆڵیوەتەوە؛ بەلاّم لە سەرجەم فەرهەنگەکانی تری زمانی کوردی ئاوڕ لەم لایەنە نەدراوەتەوە. ئەمەش لەوانەیە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە تائێستا ئەو لێکۆڵینەوە ئیتیمۆلۆجیانەی بۆ زمانی کوردی ئەنجامدراوە نەبونەتە جێی متمانە یا جێی متمانە نینە، یاخود کەموکوڕییەکە لە خودی فەرهەنگنوسانی کوردە کە هەوڵوکۆششی خۆیان بەگەڕنەخستوە بۆ بەدواداچون و ساغکردنەوە و بەکارهێنانی ئەم لایەنە. هەندێك لەو کارە ئیتیمۆلۆجیانەی لێرەولەوێ ئەنجام دراوە لەوانەیە بۆچونی نوسەر بوبن یا لە سەرچاوەی متمانەدار وەرنەگیرابن. هەندێ جاریش ئەو سەرچاوەی لێیان هەڵێنجراوە دەست نیشان نەکراوە.

بەگشتی لە ئەوروپای کۆن دا سەبارەت بە ڕەچەڵەکی وشە تاوەکو پێشکەوتنی زمانەوانی مێژویی لە سەدەی ١٩، ئیتیمۆلۆجییەکان زۆربەیان بۆچون بون، و هەردەم نادروست بون بۆچون و خەملاندنی گومڕا بۆنمونە لەکارەکانی *ڤارۆ* ڕێزماناسی ڕۆمانی لە سەدەی یەکی پ.ز ـ کتێبی گرین ١٩٩٦ ـ دەدۆزرێتەوە، ئەم کارکردنەی هەوڵێکە بۆ بەستنەوەی وشەیەکی زۆر بەیەکتری بە ژمارەیەك بناغەی وشەییەکەوە بە شێوازێکی ڕێژەیی کارێکی ئاسایی بو تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی ١٩. *گرین* ئاماژەدەدات بە نمونەی کلاسیکی کە کۆتایی سەدەی ١٨ کە هەمو وشەکانی ئینگلیزی ڕێکخستوە کە لە وشەیەك داڕشتراوە. bar :جۆرێکە لە بەرگری

لەخۆکردن یا خۆ بەهێزکردن ، هەروەها وشەی barn: بەرگێکی داپۆشراوە بۆ پاراستنی یا بەرگری لێکردنی لەوەی کە داکراوە.barge بەلەمێکی بەهێز، bark خشەخشی دار بۆ خۆپاراستنە یا حەپەحەپی سەگ واتای بەرگری لەخۆکردنە( هەروەها لە کتێبی گرین ۱۹۹٦ ل:۳۵۳). لە ڕاستی دا لێکۆڵینەوەی مێژوویی ئاماژە بەوە دەکات کە وشەی bar هەروەك bars لە پەرژین یاخود ئەو دیوی پەنجەرە هاتوەتە ناو زمانی *ئینگلیزی* لە *فەرەنسی کۆن*، لە کاتێك دا وشەی barn کە وشەیەکی لێکدراوی *ئینگلیزی کۆنە* واتای کۆگای جۆ barley store دەدات. وشەی barge پەیوەندی بە زمانی *فەرەنسی* کۆنەوە هەیە جۆرێکە لە بەلەم. barkی دار وشەیەکی زمانی *ئەسکەندەنافییە*. وشەی bark ی سەگ دەگەڕێتەوە بۆ کارێکی *ئینگلیزی کۆن* کە پێیدەوترێ beorcan بە واتای حەپین دێ کە پەیوەندی بە bark ەکانی ترەوە نییە.ئەم وشە هەمە جۆرانە سەرچاوەیان هەمە جۆرە هیچ بەڵگەیەکیش نیە کە هەمویان سەرچاوەدەگرن لە وشەی bar ، ئەم بیرۆکەیە هەمویان کۆدەکاتەوە لە دەوری چەمکی بەرگریکردن. کە خەملاندنێکی بێگەردە(Halliday:2007:35 ).

لە زمانی کوردی دا کۆمەڵێ وشەی واتا نزیك لە وشەی bar هەیە وەك: (بار، بەر، ئەمبەر، بەرگ، بەرگە، بەرگری..) ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زمانێکە لە گەڵ زمانانی هیندو ئەوروپی لە ڕەچەڵەك دا هاوبەشە.

هەروەها لە لایەن زانایە عەرەبەکانیش هەوڵی گەڕانەوەی چەندین وشە بۆ تاکە وشە ـ واتایەك دراوە کە بە (فقه اللغة) ناسراوە.(مصطفی مندور:۱۹۷٤ :٥٩ ـ٧٥)

هەندێك جار سەرچاوەی نادروست پاشەکەوتکراوە لە زمان دا بەهۆی کردەی ئیتیمۆلۆجی میللی کە گۆکردن یا ڕێنوسی وشە بە لێکچونێکی هەڵە باسی لێکراوە. هەوڵدەدرێت بە هەمان کردە شتی دەگمەن لەوەبکات ئاشنابێت هەندێك کاتێك لە سەر ئەو وشانەی کە وەرگیراون لە زمانەکانی تر بەکاردەهێنرێت. (Ibid:36)

بۆ نمونە وشەی (ئەمەریکا) گۆکردنەکەی نزیکە لە وشەی (ئەمەڕێگا)یە لە زمانی کوردی دا؛ بۆیە لەوانەیە کەسانێك وای بۆ بچن کە سەرچاوەکەیان یەك بێ یا یەکێکیان لەوی ترەوە وەرگیرابێ؛ بەڵام ئەمە گونجێندراوە وەکو بڵێی وادەکات.

(مێژوییەکی دورودرێژی هاوبەشی ئیتیمۆلۆجی هەیە،"ئەم وشانە لە کوێوە هاتون "، ئەمە شتێکی هەڵە نییە کە ببێتە مایەی خۆشحاڵی کە لە کوێوە ئەو وشەیە هاتوە، زۆر لەوانەی کە فەرهەنگی نوێ بەکاردێنن، چاوەڕوانی زانیاری مێژویی یاخود ئیتیمۆلۆجی دەکەن کە تێیدابێ...... فەرهەنگنوسە نوێیەکان پێویستە بە توندی هەوڵی دورخستنەوەی کاری

خەملاندن و بۆچونی بدەن لە کارەکانیان دا و زانیاریش لەسەر بنچینەی لێکۆڵینەوەی باش بدەن.)( Halliday:2007:36-37)

**مسعود محمد**، لە ***زاراوەسازی پێوانە*** دا بڕوای وابووە لەم جوتە وشانە دا وشەی دوەم لە وشەی یەکەمەوە وەرگیراوە یاخود داڕێژاوە، چونکە هەڵگری واتایەکی نزیکە لەوەوە، وەك: **( گنج ـ گرنج، لانە ـ لانك، شەق ـ شەبەق....)**، کە ئەمانە و چەندین بیروبۆچونی تر کە زادەی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی نوسەرن، بەلام هەندێك جار ڕەچەڵەکی وشەی کوردی بە هۆی بەراودکردنەوە لەگەڵ وشەی فارسی و ئاڤێستایی تەنانەت عەرەبیش دەرخستوە.

(لە ڕاستی دا خۆشە شتێك سەبارەت بە مێژوی وشە بزانی لە گەڵ داڕشتنەکانی لە زمانەکانی تر دا، زۆر لە فەرهەنگە نوێیەکان تائێستاش زانیاری ئیتیمۆلۆجیان تێدایە. لە زمانی ئینگلیزی دا بەشێکی لە گەڵ زۆربەی زمانە ئەوروپییەکان و بەڵگەنامە باشەکانی بیرمەندانی کەلەپوری هیندوئەوروپی ڕێکدەکەوێت. زمانەکانی وەك: *گریکی، لاتینی، سانسکریتی، ئەڵمانی سەرەتایی*، زمانی بابوباپیرانە بۆ ئینگلیزی نوێ، ئەڵمانی و زمانەکانی تری ئەڵمانی، کە دەکرێ نیشانبدرێت کە پەیوەندی مێژویی هەبێت لەگەڵ خێزانە زمانی هیندوئەوروپی).

[ زمانی کوردی لە ڕەگ و ڕەچەڵەك دا دەگەڕێتەوە سەر هەمان ئەو زمانانە.

هەندێك جار واتای گۆڕاوی هەڵخەڵەتێنەر هەیە. هەندێك وشە لە ڕواڵەت دا وای دەخوێنینەوە کە واتایەکەی شتێکە کەچی لە قسەکەرێکی شارەزای زمانی دایك یا فەرهەنگی زمانەکە ئەوە دەبیستینەوە کە واتاکەی شتێکی ترە، بۆ نمونە:**(بازوبەند، کارخانە، ئەسپەشینە، دەمەشێر.....)**]

(زۆر لەم زانیاریانە تەنها بۆ خوێنەران خۆش نییە، بەڵکو هەردەم نرخدارە هەروەك هاوکارێکە بۆ لێکۆڵینەوەی مێژویی و کەلتوری، لەمەش زیاتر زمانەکانی ئەوروپی نوێ تەنیا هەندێك کەلەپوری هاوبەشییان نییە، بەڵکو بەردەوام بون بە ڕێگای جۆراو جۆر بۆ کێشانی ئەم کەلەپورەیە هێشتا وشەی لاتینی دەتوانرێ بەدی بکرێ لە بەکارهێنانی جۆراو جۆر زمانی گریکی و لاتینی سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی دارشتنی نوێیان بەخشیوە...... بەلام ئێستا زاراوە نوێیەکانی تەکنەلۆجی لە ڕێگەی واتاکانیەوە نییە(Ibid:37-39).

دەکرێ وشە مردوەکانی زمانی کوردی یا هی زمانانی کۆنی بابوباپیرانی کورد یا زمانە زیندوەکانی هەمان خێزانە زمان ببنە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی دارشتنی وشە و زاراوەی نوێ.

(مێژوی وشە ناتوانێت واتای ئێستا دیاری بکات، هەروەها گەورەترین سوربون لەسەر بەردەوام بون لە گەڕانەوە بۆ لێکۆڵینەوەی ئیتیمۆلۆجی کە هەندێ جار بۆ جەخت لەسەر پشتگیری کردن بێ ........ لە بەشێکی زۆری فەرهەنگی ئینگلیزی دا هیچ کەس بەتەنها پێشنیازی ئەوە ناکات کە تەنانەت واتای کۆنتری وشە واتای ڕاستەقینەیە. بەڵام گۆڕان لە واتا بەشێوازێکی ڕێژەیی نوێیە بە تایبەتی کە واتا نوێیەکەی وشە هاوبەشە لەگەڵ واتا کۆنەکە، هەندێك خەڵك نکوڵی و بەرگری لەو هەوڵانە دەکەن.)( Halliday:2007:40 )

زۆر دەگمەنە لە زمانی کوردی دا کە تەمەنی وشەکانی بزانرێ یا خود بە دڵنیایەوە بڵێین واتای ئەم وشەیە لە بنچینە دا لەوەوە هاتوە، لەبەر نەبونی بەڵگەنامەی پێویست. بۆ نمونە وشەیەکی وەك:

(جلخوار)

تەنانەت لە هەندێك فەرهەنگی ناسراوی کوردی ـ *خاڵ، هەژار*ـ نەخۆی و نە واتاکەشی تۆمارنەکراوە.

لە *فەرهەنگی کوردستان* بەواتای: **جلشۆڕ/جلشۆڕی** تۆمارکراوە(گیوی موکریانی:١٩٩٩: ٢٨٤)، لە کتێبی *ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا* بەواتای: **بێگانەپەرست، نۆکەری بێگانە، بەو کوردانە وتراوە کە تورکخواز بوون تۆمارکراوە**(جەلال مەحمود عەلی:١٩٨٢: ١٤٨).

لە *وشە نامەکی ئیتیمۆلۆژیای زمانی کوردی* نوسەر ئاماژە بەسەردەمی لەدایك بونی ئەم وشەیە دەکات کە لە پەنجاکان لەسەردەمی شێخ مەحمود ئەم وشەیە دروست کراوە و بەکارهاتوە بەرامبەر ئەو کەسانەی کە تورکخواز بوون و داوای گەڕانەوەی دەسەڵاتداریەتی تورکەکانیان کردوە، پێکهاتوە لە:

- **جر: ڕەوشت، وشەیەکی کوردی باکورە + خوار: خراپ** (جەمال نەبەز: ٢٠٠٨: ٩٨)

نەك بە واتای جل و بەرگێکی شۆڕ کە جل و بەرگەکە درێژییەکەی لە بەژنی کەسەکە زیادتر بێ یاخود خواروخێچ بێ.

(هەرچییەك لە هەستەکانمان دا بێت سەبارەت بە ڕێزگرتنی کەلتور یاخود بۆماوەی مێژویی، دەبێ بوترێت کە ئەم هەوڵانە بۆ بەرگریکردن لە گۆڕانەکانی بەکارهێنانی گشتی زۆر دەگمەن سەرکەوتودەبن، ئەوەی کە ئێستاکە ڕودەدات گۆڕانی بەردەوامە، بەشێوەیەکی گشتی قبوڵ دەکرێ یاخود سەرنجی گۆڕانەکە نادرێ، تەنها کەمینەنەبێ..... بەرگری لێدەکەن. لەم خاڵەدا، کەمینە داوادەکەن کە بەکارهێنانەکانیان زۆر ڕاستە، ئەو بەکارهێنانی زۆرینەش

به هەڵە و پشت گوێ خراو لەقەڵەم دەدەن. بەڵام ئەو کەمینە بەکارهێنەرانە کە خوێندەوارن کە پارێزگارن بە شێوازێکی زیادەڕۆیی لە مەترسی دان؛ بۆ چەندین ساڵ، خەڵك ناڕەزایی لە گۆڕانی واتای وشە دەکرد وەك وشەی *obnoxious، deprecate، arrive* دواتر توانیان کە گفتوگۆ لەسەر واتا کۆنترەکەی بکەن زۆر بە دروستی لە ئیتیمۆلۆجی دا. بەم شێوەیە وشەی *arrive* بەواتای 'گەیشتن بە کەناری دەریا' بەکاردەهات نەك گەیشتن بە هەر شوێنێك (واتا کۆنترەکە ئەوە دەسەلمێنێت کە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی فەرەنسی*rive* کە بەواتای ... 'کەناری دەریا') ......بە کورتی، لەگەڵ ئەوەی دەشێ ڕابردو خۆش و ڕۆشن بێ ، بەڵام گشت وشەکان بەیەکەوە پەیوەندیدار نینە ؛ بۆیە ناتوانین بگەین بە واتا و ڕەچەڵەکی هەموویان. کەوابێ ڕابردو ئێستا نییە، نە مێژوی وشەش واتاکەیەتی.)( Ibid:41- 42)

## ڕێبازی پێوانەیی :

ئەو ڕێبازە بو کە بۆ چەندین سەدە باوبو لای ڕۆژئاواییەکان کە زمانی لاتینی کرابووە پێوانە و پێودانگ بۆ ڕاستی و دروستی زمانەکانی تر و دەبو پابەندبان بە یاساکانیەوە.

(ڕێبازی پێوانەیی بڕیاردانێکی خودییە، بۆ دیاردەیەکی دەقی کە لە ڕوانگەیەکی بابەتیانەوە سەرهەڵنادات، بۆ پابەندبون بەپێکهاتەکانی و تایبەتمەندییە ناوەکییەکانی)(نعمان بوقرة:٢٠٠٩: ١٣٨).

(ئەو بیرۆکەیەی...... کە پێویستە وشە واتادار بێ بۆ هەرچ مەبەستێك بەکارهات، تەنها یەك نمونەیە لەوەی کە دەتوانرێ پێیبوترێت ڕێگای پێوانەیی بۆ زمان. زۆر بە گشتی، زۆر هەوڵی هەمەجۆر دراوە بۆ وەسفکردنی زمان کە پێویستە چۆن بێت ــ پێوانەیی سەبارەت بە گۆکردن، بۆ نمونە،یا یاسایەك سەبارەت بە ڕێزمانی دروست، سەرەڕای ئەمەش داواکردنی واتا گونجاوەکانی وشەکان. زۆر لەم هەوڵانە بووە هۆی گومڕابون ئەگەر لادانیش نەبێت، و دەبێتە شتێکی ڕون وئاشکرا. لە سەدەی بیستەم زمانەوانەکان ڕێبازی پێوانەییان ڕەتکردەوە. دروشمی گشتی زمانەوانەکان ئەوەبو کە 'زمانەوانی وەسفییە نەك پێوانەیی'. وەك پابەندبونێك بە پەیڕەوی زانستی و لێکۆڵینەوەی ڕەوشتی، ئەم دروشمە نمونەییە. جا چ ئەگەر لێکۆڵینەوە لە فسیۆلۆجی بەرهەم هێنانی قسەکردن بێ، تۆمارکردنی ئەوەی کە خەڵك چی بەیەکتر دەڵێن لە بارودۆخێکی تایبەت دا یاخود تاقیکردنەوەی دوبارە بوونەوەی وشەکان لە دەقێکی چاپکراودا، زمانەوانان، وەك هەمو زانایان و لێکۆڵەران، لە ژێر پابەندبوونێك دان بۆ وەسف کردنی ئەوەی کە دەیدۆزنەوە. هەتا ڕێگەدان بە بابەتیانەیی تەواو ناتوانرێ بهێنرێتەدی، کە هەمو کاتێك گفتوگۆیەکی چڕ سەبارەت بەوەی کە چ پێکدەهێنێت و 'وەسفکردنی ئەوەی کە

دەدۆزرێتەوە[1]، لێرەدا پابەندبوونێك كە مایەی قسە نییە بە مەبەستی وەسفكردنی ئەوەی كە لێرەیە، نەوەك وەسف كردنی هەرچییەكی تۆ حەزت لێیە لێرە بێت یاخود دەتوانرێ چ مەزندە بكرێ كە پێویستە لێرەبێ.( Halliday:2007:42-43)

(لای كورد كۆمەڵێك نوسەر و ڕۆشەنبیر كۆڕی زانیاری كوردیان لە بەغدا دا دامەزراند لە ساڵی ١٩٧٣و یەكەم ژمارەی گۆڤارەكەیان بە ناوی (كۆڕی زانیاری كورد) دەركرد) (شوان سلێمان یابە:٢٠٠٦ :٧). كە لە كارە گرنگەكانیان دانان و سەپاندنی زاراوە بو بۆ زمانی كوردی لە لایەن لیژنەیەكەوە كە بە چەند ژمارەیەك ئەو زاراوانە بلاّوكرانەوە، كە زیادتر لەم كارەیان دا لە سەرەتا دا بە لەبەرچاوگرتنی یا بە پێوانەی زمانی عەرەبی كارەكە ئەنجامدەدرا. كە بەشێكی زۆری دارشتنی زاراوەكان بەشێوەی لێكدان یاخود بەشێوەی خستنە پاڵ بوون، هەروەك لە **بەرگی یەكەم، بەشی یەكەمی** گۆڤاری **كۆڕی زانیاری كورد (١٩٧٣)** چەندیین زاراوە بەم شێوەیە دروستكراوە، لێرەدا چەند نمونەیەك لەم زاراوانە دەخەینە ڕو هەروەك لە خشتەی ژمارە (٢ ) دا دیارە:

| ز | زاراوەی عەرەبی | زاراوەی كوردی | ز | زاراوەی عەرەبی | زاراوەی كوردی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١- | إبداع | جوان كاری، شیرین كاری | ١١- | الأدوات الاحطیاتیة | ئەمرازی یەدەك |
| ٢- | الاجازە المرضیة | وچانی نەساغی | ١٢- | إستخدام | خستنەكار |
| ٣- | الاجازە الاعتیادیة | وچانی ئاسایی | ١٣- | مستشیر | راوێژكار |
| ٤- | اجرة الاعمال الیدویة | دەست كر | ١٤- | الهیئة | دەستەی راوێژ |
| ٥- | الآجل الآخیر | دوامەودا | ١٥- | إستفتاء | راوەرگرتن |
| ٦- | احتیاطات | قایمەكاری | ١٦- | إستمارة القبول | خوازنامە |
| ٧- | الاخطار النهائی | دواراگەیاندن | ١٧- | إستمارة القبول | گوازنامە |
| ٨- | الادارة المحلیة | گێرانی ناوخۆیتی | ١٨- | إستنساخ | رونوس، نوسینەوە |
| ٩- | إدخار | پاشەكەوت كردن، گردەوە كۆیی | ١٩- | اسعافات اولیة | فریای بەرایی |
| ١٠- | إدخال مخزنی | داخون كردن | ٢٠- | الاضبارە الشخصیة | دۆسیەی تەن |

**خشتەی ژمارە ( ٢ )**

لە ژمارەكانی دواتر هەروەك لە **بەرگی چوارەمی (١٩٧٦)** ی دا بەرچاودەكەوێ، زمانی ئینگلیزیش هاتوەتە ناوەوە بە مەبەستی وردتر و ڕاستتر دارشتنی زاراوەكان، هەروەك لە خشتەی ژمارە (٣) دا دیارە:

| ز | زاراوەی عەرەبی | زاراوەی ئینگلیزی | زاراوەی کوردی |
|---|---|---|---|
| ١- | نظرية المعرفة | Theory of Knowledge | دیمانەی زانیار |
| ٢- | الاختلاف الكمي | Quantitative difference,0pp.qualitative diff. | جوداوازی چەندەکی |
| ٣- | الامر المطلق(في فلسفة كانط) | Catagorical | فەرمانی رەها |
| ٤- | بطريق الاولى | Afortiory | راگەیاندنی هێژاتر |
| ٥- | بقاء الاصلح | Survival of the fittest | بەردەوام بونی خۆژی |
| ٦- | التحليل النفسي | phychoanalysis | شی کردنەوەی نەفسی |
| ٧- | تداعى المعاني | Associationism | واتا کێشەکیەتی |
| ٨- | مذهب الصوفية | Mysticism | رازەوی دەروێشایەتی |
| ٩- | تنفزع البقاء | Struggle for existence | پەلەی ژیان |
| ١٠- | تناسخ الاراوح ( مذهب ) | Transmigration | کلێشە گۆڕی |

**خشتەی ژمارە (٣)**

هەرچەندە ئەم زاراوانە بەم شێوەیە و بەم پێودانگانە دروستکران بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی، بەلاّم زۆریان سەرکەوتنیان وەدەستنەهێنا؛ بۆی هەیە ئەمە پەیوەندی بە هۆکاری دەرونییەوە هەبێت، کە وشەیەك ( یا دەستەواژەیەك )، سەر بە وشەیەکی لێکدراو یا دو وشەی خستنەپالّی ترەوە بێ ، کاتی بەهۆی بەکارهێنانی لەگەلّ یەکتری هەندێ سێبەری سۆزەکی لەدەوری دروست دەبێ (.......کە هەندێ راگەیاندنی نامۆ بۆلای خۆیان کێش دەکەن ....... بەکارهێنەرانی زمان هەندێ کات دوور دەکەونەوە لە بەکارهێنانی هەندێ وشەی دیارکراو لە هەندێ هەلّویستی وتاری دا و چونکە هەندێ راگەیاندن نا حەز کێش دەکەن کە لەوانە بێ بەواتای ترەوە بەند بێ کە واتای وشەیەك یا دەستەواژەیەکی تر دەگەیەنێ ، هەروەها لەوانە پەیوەندی کاتی و شوێنی لە نێوان دوو وشەدا کە بەردەوام یەکێکیان ئەوەکەی تر کێش دەکات....... لە هەردوباردا ئەو هەستکردنە بەو وشە کێشکراوە، کە دەبێتە هۆی دور کەوتنەوە لە وشە بەکارهێنراوەکە)(حسن حسين فهمى:١٩٦١ :١٨٩) یاخود زاراوەدروست کراوەکە.

هەرچەندە نوسەرێکی وەك مسعود محمد یەکێك بووە لە ئەندامانی ئەم لیژنەیە ، بەلاّم دواتر لە کتێبی **زاراوەسازی پێوانە(١٩٨٨)** دا زیادتر بە پشتبەستن بە وشەکانی کەلتوری زمانی کوردییەوە بە پێوانەی ئەوان وشە و زاراوەی نوێی سازکردوە. کە لەم کتێبە دا ئەوە تێبینی دەکرێ کە تەنیا وشەیەکی بیانی نەهێنراوە و دواتر وشەیەکی کوردی بۆ بدۆزێتەوە یا دابڕێژێ بۆ ئەوەی لە بەرامبەری دا بەکاربێت، بەلّکو سەرەڕای ئەمە وشەی زمانی ئێستا و

کۆنی کوردی هێناوە و لەسەر پێوانەی ئەوانە وشەی نوێی کوردی داڕشتوە. هەروەك لە خشتەی ژمارە (٤) دا دیارە:

| ز | وشەی ڕەسەنی کوردی | زاراوەی بە پێوانە | | وشەی ڕەسەنی کوردی | زاراوەی بە پێوانە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ناوبژ | لابژ | ١٩ | سەرشۆر ، سەرشۆرك | جل شۆر، قاپ شۆر/ جل شۆرك، قاپ شۆرك |
| ٢ | دەست كوژ | نەست كوژ | ٢٠ | پاژنە كێش | تایەكێش، هەمەكێش |
| ٣ | ڕاست كێش | چەمكێش | ٢١ | چاوشكێن، دەست شكێن | نەست شكێن |
| ٤ | شەنەبا | شەنەكوت | ٢٢ | گوریس كێشەكێ | واتا كێشەكێ |
| ٥ | وێنەگرتن | وێنەراگرتن | ٢٣ | پەلەكوتكە، دڵە كوتكە، كلكە كوتكە | قسە كوتكە، گوتە كوتكە |
| ٦ | پێ دزە | گوێ دزە | ٢٤ | تەنگەكێش : زینی هی ولاغە | چەرخ كێش، چەرخ گێر |
| ٧ | بین بركێ | سەرسوركێ | ٢٥ | پانكەكێش، ئاوهەڵكێش | ئاوكێش |
| ٨ | زیندەوەر | مەرگەوەر | ٢٦ | دەست چێن | دەغڵ چێن، دانە چێن، شەتڵ چێن، نەمام چێن، سەوزە چێن |
| ٩ | پۆشاك: پۆشین | جلك پۆشین | ٢٧ | گەلەخەرمان | گەلە كۆلیچ |
| ١٠ | پێ شێل | ناوشێل | ٢٨ | ئاورێژ، دەست ڕێژ، ڕەنگ ڕێژ... | لاڕێژ |
| ١١ | دڵ مردوو | نەست مردوو | ٢٩ | ڕەوانx كوێراو/كوێرەكانی | چواركژە ، هەمیشەرۆ |
| ١٢ | ڕوالەت بین | ناوبین | ٣٠ | سەرسوركێ | هەستسوركێ، دڵ سوركێ، حەزسوركێ، سۆسەسوركێ |
| ١٣ | گوێ گر | هەست گر | ٣١ | خواگیر، مەلاگیر، لغاوگیر | چاوگیر |
| ١٤ | ئاوبەر | كاركەر | ٣٢ | زۆرزان ، كەم زان، هیچ نەزان | هەمووزان |
| ١٥ | چلە بڕ | بنەبڕ، كێشەبڕ | ٣٣ | پەرگیز، لاگیر، كنارەگیر | ناوەندەگیر |
| ١٦ | شفتەژێ | ترشەژێ | ٣٤ | زڕەتو( تووەزڕە ) زڕە تەماتە، زڕەمێو | كەڕەتیزە، زڕەتیزە |
| ١٧ | دەستەبەرە | چەرخەبەرە | ٣٥ | دەموبەیان، دەموبەهار | دەمەوژین، دەمومەرگ، دەموئازادی، دەموزانست |
| ١٨ | دڵخواز | هۆشخواز | ٣٦ | دەست هەڵێنج | پەت هەڵێنج ، گوریس هەڵێنج ، زنجیرهەڵێنج |

**خشتەی ژمارە (٤)**

ئەم هەوڵەی نوسەر هەرچەندە تیایدا زۆر وردتر بووە لە هەوڵەكانی كۆڕی زانیاری كورد بەلاّم گشت زاراوەكانی بەكارنەهاتون، ئەمەش بۆ چەند هۆیەك بگەڕێتەوە ((بە هۆی سازكردنی لە پیتی لە یەك دورەوە، یاخود بە لێكچونی بە چەند وشەیەكی سەیر و كۆن و نەخوازراوەوە، یا[ لەو وشانەی كە بە هۆی لێكدانەوەن یەك لە كەرتەكانی] واتایە كۆنەكە كێش دەكاتەوە ناوەوە، دەبێتە مایەی گاڵتەجاری)) (سەرچاوەی پێشوتر: ١٨٩- ١٩٠)

هـەتاكو ئێـستاش هـەوڵی دانـانی زاراوەی نـوێ بـۆ زمـانی كـوردی لـە لایـەن نوسـەرانەوە بەردەوامە كە چەندین كتێب و فەرهەنگۆك [٣٢] بۆ خزمەتكردنی ئـەم بـوارە لـە چاپدراوە، كـە لـەم سەرچـاوانەش دا دوبـارە بـە ڕێبـازی لێكـدان و خـستنەپاڵەوە - و ڕێبازەكـانی تـری وشـە داڕشتن - چەندین وشە و زاراوە سازكراوە.

كەم لەو زاراوانەی كە سەرەڕای ئەوەی پێوانە سازكراون لـە زمـانی كوردیـەوە هـەلێنجراوە لـە لایـەن نوسـەرانەوە، ئێـستاكە بـەكاردێن، چـونكە «وشـە وەك گۆرانییـە خـەڵك تـەنیا ئـەو گۆرانیانە دەڵێنەوە كە لە گەڵ سروشتیان دەگونجێ، هەر بۆیەش ئەوان ئازادن لە بـەكارهێنانی هەر وشەیەك لە وشەكان یا پشتگوێخستنی، تـەنیا ئـەو وشـانە بـەكاردەهێنن كـە لـە گـەڵ دڵ و دەرونیـان دا دەگـونجێ......بۆیـە سـازكردنی هـەر زاراوەیـەك؛ ئەگـەر چـێژ و هەسـت و مـەیل سروشتی ئەو كەسانەی تێدا ڕەچاو نەكرابو، ئەوا پشت گوێ دەخرێت و سـەركەوتنێكی ئـەوتۆ وەدەستناهێنێ »(حسن حسين فهمی:١٩٦١ :١٥٢-١٥٣)

بۆیە دەبینین وشەیەكی داتاشراوی لە یاسا لاكەوتوی ڕێزمانی كوردی سەركەوتنی وەدەست هێنا و تا ئێستاكەش باوە، وەك:

**زانكۆ = زان + كۆ**

**ڕەگی كار + ناو**

(تا ڕادەیەك ئەم داواكاریانە بە هیوای هاندانی چەسپاندن و ڕێكخستن بوون، ئێستا گرنگـە بـۆ هـەمو لایـەك تێگەیـشتن لـە لاوازی ڕێگاكـانی پێوانـەیی بـۆ زمـان و بـۆ ناسـینەوەی بـیری پێوانەیی سروشتی لە زمان دا......لێرەدا دو گرفت هەیە كە دەبێ تێبینی بكرێ:

**گرفتـی یەكـەمیان:** هـەردەم بەكارهێنـەرانی زمـان بـە دەگمـەن پابەنـد دەبـن بـە ڕێنماییـە تایبەتیەكان و ئەكادیمیاكان، هەرچـەندە ئـەم دەسـەلاتدارانە لەوانـەیـە زۆر ڕۆشـەنبیریا شـارەزا بن.

[هەندێك لە قسەكەرانی زمانی كوردی دەڵێن: (پارساڵ) لەجیاتی ئەوەی بڵێن: (سـاڵی پـار) كە بەشێوەی خستنەپاڵكە بەكاری نـاهێنن، بـەڵكو بـە شـێوەی لێكدراوەكە بەكاریـدەهێنن كـە ئەمە بەلای زمانەوانانی كوردەوە هەڵەیە. ]

---

(32) لەوانە: كەمال غەمبار. ( ٢٠٠٦)، زاراوەی راگەیاندن، بلاوكراوەی كۆڕی زانیاری كوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

حەمە ساڵح فەرهادی. ( ٢٠٠٧ )، چەپكێك لە زاراوە گەلی كشتوكالی، لە بلاوكراوەكانی كۆڕی زانیاری كوردستان، هەولێر.

لەگەڵ چەندین فەرهەنگی زاراوەیی تایبەتمەندی ترلە بواری زانست و زانیارییە گشتییەكان .

تەنانەت لە زمانی نوسینیش دا بەم شێوەیە دەنوسن. پابەندی پەیڕەوی داب و نەریتە ڕێزمانیەکان نابن ......

**گرفتی دوەمیان:** لە دروستبونی زمان دا ، زۆر لۆجیکی و ڕێکوپێکی بە هیچ جۆرێك ئاشکرا نییە، کە چ شتێك لە بابەتەکانی زمانەوانی دا لۆجیکیە یاخود ڕێکخستن دروست دەکات. بە جۆرێك ڕونە، زۆر بە وریاییەوە باسکراوە. کە لۆجیك لە هزر و بیرکردنەوە دا چی دەگەیەنێ، یا لە لێکۆڵینەوەی دیاردە سروشتییەکان ڕێکخستن چی دەگەیەنێ. بەڵام سیستەمی زمانەوانی لۆجیك و ڕێکخستنی خۆی بەرهەمدێنێ......لە ڕاستی دا ئەگەر ئێمە بە ئەسپایی سەیری نمونەکانی زمان بکەین، دەبینین فەرهەنگساز ڕێگای هەمەجۆر بۆ ڕێکخستنەکان دەدۆزێتەوە بۆ دەربڕینی واتاکان ، و ڕون نییە بۆ دەبێ یەکێکیان کەمتر یا زیادتر لۆجیکی تر بێ لەوانی تر، ئایا زیادتر لۆجیکی ترە ئاوەڵناو ناوی لە دوا بێ (هەر وەکو لە ئینگلیزی و ئەڵمانی و یابانی دا زۆر بەکاردێ) یاخود دوابەدوای ناو بێت (هەروەك لە [کوردی و] فەڕەنسی و ئیتاڵی و ئەندەنوسی بەکاردێ)(Halliday:2007:44-45 ).

بۆ نمونە لە زمانی کوردی دا:

- **ئاوەڵناو+ ناو ←** (ڕەشماڵ، ڕەشەتو، ڕەشەوڵاغ، ڕەشەمێ، ڕەشەتا، ڕەشەبا....)
- **ناو + ئاوەڵناو ←** (پێ ڕەش، چاو ڕەش، دەست ڕەش، دڵ ڕەش، هەناو ڕەش، تەختە ڕەش، قەلەڕەش...)

دەتوانرێ بوترێ لە زمانی کوردی دا بەشێوەیەکی ڕەها لە پێکهاتەی فرێزەکانی هەردەم ئاوەڵناوەکان لە دواوەی ناوەکانەوە دێن لە پلەی ئاسایی و بەراورد دا بەتایبەتی لە فرێزە خستنەپاڵەکان دا ، بەڵام لە پلەی باڵا دا ئاوەڵناوەکە پێش ناوەکە دەکەوێتەوە، وەك:

- **پلەی ئاسایی:** گوڵی جوان
- **پلەی بەراورد:** گوڵی جوانتر
- **پلەی باڵا:** جوانترین گوڵ

( هەر زمانێك هەڵسوکەوتی زمانەوانی قسەکەرەکەی پێکدەهێنێ، بەڕێگەیەك کە هەر زمانێك سیستەمێك لە دەرەوەی سیستەمی خۆی دروستدەکات. دانانی ئاوەڵناو، میکانیکی سیستەمی کار، بەکارهێنانی ئامرازی پەیوەندی .... تەنیا دەرکەوتنێکی سادە و گۆشەگیری زمان نەبوون، بەڵکو ئەمانە چنراون بە ڕێزمانی فەرهەنگیەکی بەهێز و ئاڵۆز بەیەکەوە

بەستراونەتەوە. ...... لەکاتێك دا هەندێ جار ویستراوە کە زمان لۆجیك تر و ڕێسایی تر بێت، ڕکابەری سەرەکی بۆ ڕێکخستنەکان ئەوەیە کە نمونەی زمان وەك بابەتێکی دابونەریتی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدا. ڕێکخستن و جێگیربون دو هۆکاری گرنگن لەم پرۆسەیە دا، بەلاّم نەك یەکێکیان بە تەنها.......[تەنانەت زۆرجار هەوڵی بەکارهێنان و سەپاندنی فۆڕمێك دراوە لە جیاتی فۆڕمێکی تر بۆ نمونە هەروەك لە زاراوەسازی پێوانەدا لەوانە:

- (گەلەکۆلیج لەجیاتی زانکۆ
- نان برێژك لەجیاتی ناوبرێشك )[٣٣] ]

بەو شێوەیە هەمو کاتێك ئاڵۆزی زمان و پرۆسەی بەدەست هێنان و گۆڕان ڕون نییە چ شتێك واتای لۆجیك و چەسپاوی لە پەیڕەوکردنی زمان دا دەگەیەنێ......بێ سودە هەوڵدان بۆ سەپاندنی هەندێك بیرۆکەی لۆجیکی گشتی و سادەکردنی زمان تیشکێکی بە هێز دەخاتە سەر وردەکاری دەگمەنەکان کە ئەمانە لە بەرنامەی کارەکانی چاکسازیخوازەکان دایە..... هەوڵی چاکسازیکردنی یا ڕێسایی کردنی زمان یاخود ڕاگرتنی لە گۆران، بەلاّم بەشێکی کەمیان توانیان سەربکەون. بە گشتی، زمان دەگۆڕێت کاتێك کەلتور و کۆمەڵگا بگۆڕێت...... گۆرانکاری لە زمان دا بەرێکی لەنێو جیهان دا ڕونادات، بێگومان هەتا بەرێژەیەکی چەسپاویش نابێت ـ ماوەیەك گۆرانکاری خێرا هەبێت و ماوەیەك چەسپاوبوونی ڕێژەیی هەبێت. بەلاّم گۆران بەدی دەکەین، لە هەموو شوێنێك دا لە مێژوی زمانەکان دا.

سەرەڕای ئەمە ئێمە دەبێ ڕون بین کە گفتوگۆیەك لە دژی ڕێکخستن و پێوانەیی گفتوگۆیەك نیە لە دژی بنەمای یاسایی دا. سروشتی کۆمەڵایەتی زمان پێوانە بۆ خۆی دادەمەزرێنێ. ئەو نمونە و نەریتانە کە بیروباوەڕی زمانەوانی دروست دەکەن لە دەوروبەرمان پاڵەپەستۆیەکی زۆر بۆ ڕێککەوتن دەکەن.

کاتێك دەچینە دامودەزگای فەرمی پەروەردە و دامەزراندن، ئێمە لەوانەبێ پابەندی بنەمایەکی زمانەوانی دیارکراو بین...... لێرەدا ئێمە دەبێ بە شێوازێکی ڕێژەیی پابەندبین بە بوارەکان، کە ئەوبنەمایانە لەوانەبێ کە زۆر بە ڕاستەوخۆی و دڵنیاییەوە خۆی سەپاندبێ.

ئەم گفتوگۆیەی لە دژی پێوانەیی دا گفتوگۆیەك نیە دژی پێوانەیی کارا. بەلاّم ، زمانەوانی پێوانەیی پێویستە دابمەزرێ لەسەر بنەمای رێکەوتنی کۆمەڵایەتی لەو باسانەی لای خەڵکەوە پەیدادەبن.

---

(33 )ئەم نمونانە وەرگیراوە لە کتێبەکەی: مسعود محمد. ( ١٩٨٨ )، زاراوەسازی پێوانە، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریەتی گشتی و رۆشنبیری و لاوان و ناوچەی کوردستان، هەولێر.

......ئـەم جـۆرە پابەندبوونانــە هـیچ پاکانەیـەك دروسـت ناكـات بـۆ پێوانەسـازی..... هـیچ پشتگیریەکی یاسادانان بـە پـشت بەسـتن بـە لێکدانـەوەی تـاك ناكـات بـەوەی کـە چ بکرێـت بـۆ ئەوەی زمـان باشـتر رێکبخرێـت، نـەك ئـەو گفتوگۆیـەی لـە هەنـدێك کـات دا کـە بـە سـەردەمی زێرینـی دانـراوە کـە دەوتـرێ : زمـان دەبێـت بـە یـەکجاری جێگیر بکرێـت و بـۆ هـەموان بـێ. (Halliday:2007:46-50)(

## ڕوانگەی کۆمەڵایەتی بۆ زمان و واتا :

بـە پێـی کۆمـەڵگکان چ زمـان و چ واتـاش دەگـۆڕێن. هەنـدێ لەوانـەی باوەڕییـان وایـە لـە زمانەوانانی وەك کۆلین یەلۆپ کە دەڵێ:

(زمـان هەڵسوکەوتێکی کۆمەڵایەتیـە و واتـاش دیاردەیـەکی کۆمەڵایەتییـە. بەمـە مەبەسـتمان ئەوەیە زمان زۆر زیاترە لە خاوەنیەتی و توانستی تاك، کە زمان دروسـت بـووە یـا بـونی هەیـە لەبـەر خـاتری کـارلێکردنی ژیـانی کۆمەڵایـەتی، ئـەم واتایـە دادەرێـژرێ و دانوسـاندی لەسـەر دەکرێت لە کارلێکردنی کۆمەڵایـەتی و کـە واتـا پێویـستە لێکۆڵینـەوەی لەسـەر بکرێـت لەگـەڵ دانپیانانی ڕەوا بە ژینگە کۆمەڵایەتیەکەی.

تـا ئێـستا هەوڵـدراوە پێناسـەیەکی پڕبـەپڕ بـۆ چـەمکی واتـا بکـرێ، بـەڵام زمانـەوانان سـەرکەوتو نەبونـە لەبەرئـەوەی ((بیرۆکـەی واتـا خـۆی لەخۆیـدا گرانـە پێناسـە بکرێـت و زیادەرۆیی نیە ئەگەر بڵێین زمانەوانە نوێیەکان هەرەسیان هێناوە بۆ دارشتنەوەیەکی گشتگیر و کۆك بوون لەسەر تیۆرێکی واتا. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە شتێکی سەرسام و نادیار سەبارەت بـە واتـا هەیـە کـە پێویـست ناكـات ئێمـە شـلەژاو بکـات لـەوە زیـاتر کـە مـرۆڤ بـەهۆی گرانـی تێگەیشتن و پێناسـەکردن ناچـار بـووە واتـای تـەواوی کـات ، ژمـارە، ژیـان و بیرۆکـەی سـەرەکی بوونی ئێمە چیە؟ نەزانێت. زۆر لە ئێمە دانپێدادەنێن کە ناتوانین پێناسـەیەکی شایەنی کات بکەین کە چیە، بەڵام ئێمە بەردەوام هەست بەوە دەکەین کە پێی دەوترێ کات تێپەڕین، ئێمە دەزانین جیاوازی لە نێوان ئەمرۆ و دوێنی چیە، دەکرێ ئێمە کات بپێوین و هەڵیبسەنگێنین، بە ژماردنی بەدوای یەك داهاتنی ڕۆژ و شەو، کە ( ٢٤ ) کاتژمێر دروست دەکات هـەروەها بـەم شێوەیە سەختە پێناسەیەکی تـەکنیکی ژیـان بکـەین. فەرهەنگەکان پەنادەبـەن بـۆ دەسـتەواژە وەك'ئەو بارەی کە تۆ دەژیەی' یاخود وەسف کردنـی بـە جیاکردنـەوەی شـتی زینـدو لـە شـتی مـردو یـاخود گیانـدار لـە بێگیـان. بـە ئەنجامـدانی ئەمـە هـەردوو سـەختی نیـشان دەدەن بـۆ ئەوانــەی هــەوڵ دەدەن چــی بکــەن و نیــشاندانی هەســتی ســەرنج ڕاکێــشی بــاش بــۆ تاقیکردنەوەکـەمان: ئێمـە دەزانـین هەنـدێك شـت زینـدوە، وەك: (خـەڵك، دار، ئـاژەڵ)، شـتی

تـريش هەيـە وا نيـە، كـە شـتى زينـدوو چ زو يـا درەنـگ دەمـرێ. ئێمـە هـەوڵ دەديـن هـەمان شـــێوازی هاوشـــێوەی واتـــا وەربگـــرين: ســـەختە پێناســـەی بكـــەين، بـــەلاّم هـــەمومان تاقيمانكردوەتەوە؛ ئێمە لە ژيانی ڕۆژانەمان دا لەگەڵ واتاكان دا دانوساندن دەكەين; ئێمـە بـە زۆری دەزانين كە مەبەستمان چيەو خەڵكی تريش مەبەستيان چيە. ))

لە كۆمەڵگای كوردەواری تا ئێستاكە فەرهەنگ بـە شێوەيەكی وا پێشنەكەوتوە كـە هاوشـانی فەرهەنگەكانی زمانـەكانی تـر بێـت و بوبێتـە جێـی متمانـە؛ ((لـەو كۆمەڵگايانـەی كـە خـاوەن ڕۆشـەنبيريەكی پێشكەوتوونە پاشمـاوەی بلاّوكردنـەوەيان هەيـە و فەرهـەنگ لەگـەڵ كتێبـی سەرچاوەكانی تر بەكاردێنن ))

( هـەردەم مەترسـيدارە بەرامبـەر كردنـی زمـان/قسەكردن لەگـەڵ زمـانی نوسـين دا، پێشتر ئاماژەمان بـە مەترسـی ئەومەزنـدەيە كـردوە كـە dictionary : فەرهەنگـە vocabulary: فەرهەنگۆك (فەرهەنگی كەسی يا تايبەتی) ە و ئەو كتێبەی وەسفی ڕێزمانی[ كوردی] دەكات ئەوە رێزمانی [كوردی] يـە . بـەلاّم فەرهەنگەكان و كتێبـە رێزمانييـەكان تـەنيا نوێنەرايـەتی زمـان دەكـەن ( نوێنەرايەتيـەكی ديـاريكراوی هەنـدێك ڕووی زمـان دەكـەن). ئەگـەر بـەهايان هەبێت لەبەر ئەوەيـە كـە خـەڵك ئـەوەی لـەڕوی زمانەوانيـەوە ئـەنجامی دەدەن بـە شێوەيەكی گشتی بـە بێلايـەنی پێشكەشی دەكـەن، لـە ڕابـردوودا واتـای وشـەكان يـاخود ياسـای رێزمـانی دانەنرابو لە هەندێك خـاڵ دا لەلايـەن هەنـدێك شـارەزا يـاخود بڕيـاری دەسـەلاّتدار، دواتـر بـە چاپكردن پارێزرابێ، فەرهەنگەكان و كتێبە ڕێزمانييـەكان زانـستی زمانيـان دانـەناوە بـە هـۆی نوێنەری زمانەوانی، و نە بەهۆی دەستكردێكی فەرميشەوە كە لەلايـەن خـەڵكێك كـە زمانيـان داهێنابێ، دەركەوتبێ. ئەگەر فەرهەنگەكان و كتێبـە ڕێزمانييـەكان دەسـەلاّتيان هـەبێت، ئـەوە لەبەر ئەوەيە ڕەنگدانەوەی بەكارهێنانی گشتيينە. بەم شێوەيە زمان دروست بـووە يـا زينـدوە نەك لەبـەر ئـەوەی وێنـەی كـراوە يـاخود تۆمـاركراوە، بـەلاّم لەبـەر ئـەوەی لـە نێـو خـەڵكانێك بـەكاردێت كـە زمـان دەزانـن. ئێمـە دەڵێن خـەڵك زمـان دەزانێـت. ئەمـەش بێگومـان هـەروەك وێنەيەكە ياساكان و پۆلينەكانی زمانی تۆماركردوە، كە ئاماژە بەو دەكات كە زمان بونی هەيـە لە مێشكی مرۆڤ دا. لە كاتێك دا ڕاستەيەكی ئاشكرا هەيـە كـە قسەكەرە پێگەيـشتوەكانی زمـان سەرچاوەيەكی فراوانی زانياريـان هەيـە ، ــ بـۆ نموونـە: زانيـاری لەسـەر (وشـەكان و واتاكـان و تاقيكردنەوەی بەكارهێنان و تێگەيشتنيان) لـە خۆوەدەگرێـت ــ دەبێتـە هـۆی سەرلێشێوان لـە پێـشنياركردنی ئـــەوەی زانيـــاری زمانـــەوانی تاكـــەكان دەقـــاودەق و پڕاوپـــڕە بـــۆ زمـــان. هەڵخەڵەتاندنمانە بە تاكێكی گۆشەگير، ئەمە تەنيا گۆشەگيركردنی تاكە. لە ڕاستی دا نـاتوانين زمان بەكاربهێنين تەنيا بە دەست پێكردنـی پەيوەنـدی تاكەكـەكانی مـرۆڤ لەگـەڵ يـەكتری دا،

زمان دێتە ژیان. زانیاری تاکەکان بۆ زمان لە کارلێکردن لەگەڵ یەکتریەوە هاتووە، بەتایبەتی یەکەمجار لەگەڵ دایك و باوك و خێزان، هەروەها دواتر لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە ئێمە کاتمان لەگەڵیان دا بە سەر بردوە، لەگەڵ مامۆستایان و هەروەها...

هەر یەکێك لە ئێمە هەڵگری دەیان یاسای جۆربەجۆرین کە لە بیرمان دا تۆمارکراوە بێ ئەوەی لە کاتی قسەکردنمان هەستیان پێبکەین بەگەڕییان دەخەیین بۆیە (( هەندێك بنەمای ڕەوشی زمانەوانی بە شێوازێکی ڕێژەیی بە پتەوی دامەزراوە. زۆر لە خەڵك ئاواز یا نمونەکانی دەربڕین بە گونجاوی هەرلە زووەوە فێر دەبن زۆر بەکەمی دەگۆڕێن، هەتا ئەگەر بۆ شوێنێکی تر بڕۆن کە خەڵك بە جیاوازی بدوێن (لەگەڵ ئەمەش دا هەندێك خەڵك گۆڕانکاری ڕیشەیی لە دەربڕین یا گۆکردیان دا دەکەن بۆ نموونە، لە قوتابخانەی ئامادەیی یا لە زانکۆ دا). وەکو خەڵك گرنگی بە پاراستنی بنەمای فەرهەنگی کەسی و ئیدیەم دەدەن کە ئەوان بە بەردەوامی بەکاریان هێناوە لەسەرەتای تەمەنیان دا، لەگەڵ ئەمەش دا دوبارە لەوانەیە ئەوان بۆ ئەم پاڵەپەستۆیە توندەی گۆران خۆ بەدەستەوە بدەن))( Halliday:2007:50-52).

بۆ نموونە، ئەو خەڵکە کوردانەی کۆچیان کرد بۆ هەندەران و لەوێدا مانەوە، سەرەتا بەهۆی ناچاربون بە زمانی خەڵکی ئەم کۆمەڵگایانە هەندێك وشە و دەستەواژە و ئیدیۆمەی جیاواز و باو فێربون. بەلأم دواتر تێکەڵ بە زمانەکەیان بووە و بەکاریدێنن لە ژیانی ڕۆژانەیان دا، لەگەڵ ئەوەش دا لەوانەبێ بە هەمان دەربڕین - هێز، وەستان، ئاواز - ی کوردی ئەم یەکانەی ئەم زمانە بیانیە دەربڕێن لە زۆر باردا کە بەو زمانانە دەدوێن.

لە هەندێك لە زارەکانی زمانی کوردی دا لەوانە(زاری کوردی باکور، زاری کوردی باشور..) تا ئێستا هەست بە جیاوازی ڕەگەزی دەکرێت، واتا بەکارهێنانی نێر و مێ لەکاتی قسەکردن ونوسینیش دا ، بەلأم لەو زمانەی کە ئێستا بە ستاندەر یا نیمچە ستاندەر دادەنرێ، زۆر بە کەمی هەست بە جیاوازی ڕەگەز دەکرێ. کە ئەویش لە چەند وشەیەکی لێکدراوی وەك:( **مانگا، ماکەو، دەڵە سەگ، نێرەکەو** .....) کە بەهۆی وشەی ئاماژەدەر بە ڕەگەز دروستبوون، جگە لەمە چەندین وشە وئیدیۆم و دەستەواژە هەنە کە تایبەتن بە ڕەگەزی مێ جیا لە نێر بەبێ ئەوەی هیچ نیشانەیەك و ئاماژەیەکی وای تێدابێ، تەنیا قسەکەرانی ڕەسەنی زمانی کوردی دەییاناسنەوە،وەك: **کوڕ، کوڕەزا، کچەزا ، پورزا، باپیر، داپیر، زڕدایك**، بۆیە دەبێ لە فەرهەنگ دا زانییاری ئەوەی لەسەر بدرێ کە ئەم وشانە هی نێرن یا هی مێیەنە یاخود بەکارهێنانی تایبەتە بە مێیە یا بە نێرە بەکاردێت کە زۆر دەربڕینی نەرم وناسك هی ئافرەتن ئەگەر پیاو بەکارییان بهێنن دەبێتە مایەی گاڵتەجاری وەك:(**پاشتلیانە، حەوتە حەمام، جەرگی سوتا، پشتی شکا ، دەست ودەمی پێوە دەخورێ**....) (محمد معروف:١٩٨٥:ڕ١٠٧: ٢٢٧ )

یا هەندێك ناو تایبەتن بەڕەگەزی نێر جیا لە مێ کە لە فەرهەنگی **هەراشان** دا ئاماژەیان پێدراوە، لەگەڵ ئەوەش دا چەندین ناو هەیە کە بۆ ڕەگەزی نێر و مێ بەکاردێ لە هەمان کات دا.

زۆر وشە هەنە بە تێپەڕبونی کات واتایان دەگۆڕێ لەوانەیە سەردەمێك ئەم وشانە بە چاوێکی بەرز و ڕێزەوە یا سەیر کرابن یا باش و پەسەند بوبن لە کۆمەڵی کوردەواری دا، بەلاّم بە تێپەڕبونی کات واتاکانیان و کاریگەرییان پێچەوانە بوبێتەوە، کەهەندێ جار بە یارمەتی فەرهەنگەکانەوە هەست بەم گۆڕانانە دەکەین، وەك:

**کارخانە:** کە لە فەرهەنگێکی وەك گیوی موکریانی و هەژار بە دو واتا هاتوە هەم بە واتای (کارگە ، شوێنی پیشەسازی) هەم بە واتای (شوێنی بەدڕەوشتان) هاتوە، بەلاّم دواتر تەنانەت ئێستاکە ئەم وشەیە ئەگەر بەکاربێت، بەم واتایە نزمە نایەت بەڵکو واتاکەی بەرزبوەتەوە لە کۆمەڵگا دا و تەنیا بە واتای کارگە دێت.وەك لە فەرهەنگی (هەراشان:٢٠٠٧ :٢٤٤) دا ئاماژەی پێکراوە.

یاخود لە واتای دەوروبەری قسەکردنەکەوە گۆڕانە واتایەکە دەردەکەوێ: بۆ نمونە وشەی(چاك/باش) لەزمانی کوردی دا هەرچەندە واتاییەکی ئەرێیان هەیە، بەلاّم زۆرجاران دەبینین خەڵك بە واتای نەرێ یاخود خراپ بەکاریدەهێنن، وەك:

- چاکی بکوتە.
- چاك گیرۆدەی بووە.
- باشی بۆ تێکوشیوە.
- باشی لێدا.
- باش پێوەبو.

ئەمانە بە تێپەربوونی کات واتای لاوەکی نەرێیان وەدەست هێناوە کە دژی واتاکەی جارانیانە ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی پێوانەی ڕەوشت و چاکەکردن بە هۆی پەرەسەندنی کۆمەڵگاکانەوە .... بە شێوەیەك کە چەمکی چاکە بووەتە هاوواتای ساویلەکەیی و گەمژەیی و (گاڵتە . پێ کردن ). (محمد محمد یونس علی:٢٠٠٧ : ٢١٣)

## زمان و ژینگە:

(ڕاستیەکی ڕون و گرنگە زمان بە ژینگە یا واقیع بەستراوەتەوە، بەواتایەکی تر زمان لەسەر بناغەی واقیعە. پێدەچێت وشەکان ئاماژە بەو شتانە بکەن کە بوونێکی سەربەخۆیان هەیە لە زمانی مرۆڤ دا، قسەکردن بە جۆرێك کار و بارودۆخ بەستراوەتەوە ، زمان پێویستە لەسەر بناغەی جیهان یا بوون بێت بە گشتی.

ئەو ڕاستیە ئاشکرایەی کە بۆ قسەکردن دەربارەی 'جیهانی راستەقینە' دەکرێ ئەوەیە: زمان پەیوەندیدارە بە دابونەریتی قسەکردن و بیرکردنەوە زیادتر لەوەی پەیوەندندار بێت بە پێداویستیە مادییەکان. بووەتە شتێکی نەریت بۆ ئەوەی قسە لەسەر وشەکان بکەین کە ئاماژە بە شتەکان بکات و بەستنەوەی زمان بە واقیع؛ ئەمەش واتای ئەوە نیە ئەوە باشترین ڕێگەی بیرکردنەوەیە پێویستە سەبارەت بە زمان و واقیع. پێشتر باسی سەختی هەڵسوکەوتی واتا وەك سەرچاوە کراوە، کە هەمو وشەکان پەیوەندیان بە شتەکانەوە هەیە. بۆ هەندێك لە وشەکان، تارادەیەك گونجاو دەێت بۆ ئەوەی ببیەستینەوە بە واقیع کە ئەمەش شتێکی 'دەرەکیە' بۆ زمان. بەلاّم بۆ زۆرانێکی تر، ئەم جۆرە بەستنەوەیە هزریە.

بەشێك لە مرۆڤ هەوڵ دەدات واتا بۆ ئەم جیهانە دروست بکات و بۆ ئەو شوێنەی کە لێینە و بەشێك لەم هەولاّنە ڕێکخستن و پۆلینکردنی جیهانە، کە ئێمە هەستی پێدەکەین و دەیدۆزینەوە. تا ڕادەیەك زمانەکەمان ئەم کارە بۆ ئێمە دەکات. هەروەك منداڵ کە زمانی یەکەمی فێردەبێت، ئەوان فێری جۆر و پۆلەکان دەبن، بە بێ ئەوەی هەستی پێبکەن. ئێمە فێری وشەکان دەبین بۆ شتەکان کە دەبینین و قسەی لەسەر دەکەین، ئەم وشانە واتای پۆلین کردن دەگەیەنن: دار جیاوازە لە بەرد، گرد جیاوازە لە چیا، گوڵ جیاوازە لە میوە، مەڕ جیاوازە لە بزن......هتد. ئێمە فێری وشەکان دەبین بۆ ڕەنگەکان، کە دابەش کردنی ڕەنگەکانی شەبەنگمان دەداتێ، ئێمە فێری ئەو وشانە دەبین بۆ پەیوەندیە خزمایەتیەکانی مرۆڤ، وەك: **پلك و ئامۆزا**، کە شێوازی دارشتنی خزمایەتیمان بۆ دێنێت، ئێمە فێری کارەکانی [ **بارین، بردن، برژان، بژاردن.....** ] دەبین لە نێو کارەکانی تر دا، کە ئاماژە بە هەموو جیاکردنەوە و بریار لەسەر هەڵس و کەوت بیروباوڕەکانی مرۆڤ دەدات.)( Halliday:2007:66-67)

بەڕای ((فینج : ..... کەتیۆری کێڵگە واتاییەکان زۆر بەسوودە لە دیراساتی بەراوردکاری نێوان دوو زمان ( بەو جۆرە توێژینەوانە دەردەکەوێ کە زۆربەی زمانەکان بەتایبەتی ئەوانەی خاوەن کولتوورو ئایینی جوددان ، یان دەرهاوێشتەی دوو کۆمەڵگای جودان وەك ولاّتانی ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوا هەتا لە لێکسیکە سەرەکییەکاندا بوارێکی واتایی هاوبەشیش جودان .) )) (سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو:٢٠٠٩: ٢٠٣- ٢٠٤)

مرۆڤەكان هەمویان لەهەمان ژینگە دا ناژییەن، بۆیە زیاتر لەیەك ڕێگای پێناسەكردنی گوڵ و میوە هەیە، هەندێك زمان ئەم جیاكرنەوە سادەی فەرهەنگییان نییە لە نێوان گرد و چیا یان لە نێوان مەڕ و بزن، یاخود كۆمەڵگا شێوەی جیاوازی هەیە بۆ وەسف كردنی خزمایەتی...هتد.( Halliday:2007:67)

[ئەگەر سەیرێكی زمانی كوردی بكەیین دەبینین ( كوردیش لەبەر ئەوەی لەژینگەیەكی ئاژەڵداریدا پەروەردەبووە چەندین وشەی تێدایە بۆ پیشاندانی پلەكانی گەورە بوونی بزن وەك : **كارژۆلە ، كار ، گیسك ، چیتر، كوور ، خرت .** ) (هۆگر مەحموود فەرەج:١٩٩٣: ٣٩)]

لە ڕاستی دا، چەند تاقیكردنەوەمان فراوان بكەین ــ بۆ نمونە، بە فێربوونی زمانی نوێ یاخود بە هۆی لێكۆڵینەوەی تاقیكردنەوەی زانستی بۆ سروشتی واقیع ــ زیادتر هاندەدرێین بۆ ناسینەوەی ئەوەی كە پێیدەڵێین 'واقیع' یاخود 'جیهانی ڕاستەقینە' بە واتای ئەوە نییە كە/وەك سروشتی و شیكردنەوەییە هەروەك هەندێ جار حەز دەكەین واباوەڕی پێبكەین. بۆ نمونە، مەزندەی دۆزینەوەی زانستی ئەوەیە كە ڕەنگ تیشكە، نەك دەستەیەك ڕەنگی جیا، بە ڕەچاوكردنی زمانە جیاوازەكان بەستراوەتەوە كە تیشك بە جیاواز دابەش دەكەن. (Ibid:2007:67)

بۆ نمونە: ((لە هەندێ زمان (مالی و غیتیای لوی) هەمو شەبەنگەكە دەكات بە دوو كەرتەوە (سپی و ڕەش) ، هەندێك بە سێ كەرت (زمانی لە نایجیوپا) ، هەندێك بە ((سپی)) ناوی دەبەن لەوانەیە لەزمانێكی تردا ((زەرد)) یان ((سەوز)) بێت. )) (محمد معروف:١٩٩٠: ١٧٤)

هەروەها لە زمانی كوردی دا جگە لە چەندین ڕەنگی رەسەنی وەك: سپی ، ڕەش ، زەرد، سور.....) چەندین ڕەنگی تریش دارژاون بەتایبەتی بەشێوەی خستنەپاڵەوە لەم ڕەنگانەوە بە واتای ئەوەی پۆلینیان لێبووەتەوە، وەك: (**شینی ئاسمانی ، زەردی كاڵ ، زەردی زەردەچو، ڕەشی قەترانی ، ڕەشێكی بۆز، سوری تۆخ، سوری هەناری، سپی وەك كاغەز......** ) كە نەچونەتە ناو فەرهەنگەوە.

هەروەها هەر زمانێك بە شێوەی جیاوازی پۆلینی بوارێكی واتایی دیاریكراو لە زمانەكەدا بەسەر شت ورِوداوەكان دەسەپێنێت ، چونكە ئەو وشانەی لەناو یەكتردا پێوەندییێكی تایبەتییان لەگەڵ یەكتردا هەیەو ئەم پێوەندیانەش بەهۆی ( هاو واتایی و دژواتایی و هاوبێژی .... هتد ) ڕێك دەخرێن . ) (Halliday:2007:67)

ئاشكرایە كە وشەی (برادر) لە زمانی فارسی دا پەیوەندی بایەلۆجیی یا بۆماوەییە كە لە نێوان كەسەكانی یەك خێزان هەیە. بەڵام لە زمانی كوردی دا (برادەر) كەسێكە كە پەیوەندی هەیە بەكەسێكی ترەوە لە ڕوی كۆمەڵایەتیەوە كە هاوواتای (هاوڕێ)یە و پێچەوانەی واتاكەی

(دوژمن)ه. بەم شێوەیە هەرچەندە زمانی کوردی و فارسی دو زمانی هاوخێزانن و نزیکن لە یەکتریەوە کەچی لە پۆلینکردنیان بۆ وشەکانی خزمایەتی - بۆ نمونە - تا ڕادەیەك جیاوازن. هەروەك لەخشتەی ژمارە (٥) دا دیارە:

| ز | وشەی خزمایەتی لە زمانی کوردی دا | وشەی خزمایەتی لە زمانی فارسی دا |
|---|---|---|
| ١. | باوك | پدر |
| ٢. | دایك | مادر |
| ٣. | برا | برادر |
| ٤. | خوشك | خواهر |
| ٥. | کوڕ | پسر |
| ٦. | کچ | دختر |
| ٧. | پیاو/ مێرد | مرد |
| ٨. | ژن | زن |
| ٩. | خوارزا | خواهرزاده |
| ١٠. | کچەخاڵ | دختردائی |
| ١١. | زڕدایك | مایندر |

**خشتەی ژمارە (٥)**

(بەلایەنی کەم ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی ئەرستۆ، مرۆڤ هەوڵی داوە بۆ وەسف کردنی جیهانەکەی زۆر بە هێواشی یا تێڕامانی و دڵەڕاوکێوە، بە ڕێگایەك زمانی ئاسایی یاخود بیرکردنەوەی سادە لابدات. ئەم جۆرە هەوڵانە بنەمایەك دروست دەکەن کە ئێستاکە پێیدەڵێن وەسفێکی زانستی بۆ جیهان. بۆ نمونە ئێمە ئێستاکە پۆلینکردنێکی وردی دار و ئاژەڵمان هەیە - و تارادەیەك لە هەندێك بوار دا لەیەکدەدەن ــ لە فەرهەنگی ڕۆژانەمان دا. بەم شێوەیە زۆر لە قسەکەرانی [زمانی کوردی] ئەو بیرۆکەی هەیە کە (دارسنەوبەر) چییە، کە پشت دەبەستێ بە سروشتی گەڵایەکەی (گەڵاکانی هەردەم سەوزو دەرزیلەییە) بە گشتی روخساری دار (بە دڵنیاییەوە کە قەدەکەی ڕاستە و لەمەوە لقە درێژەکانی دەچەمێنەوە) بێگومان بۆنی هەیە و مادەیەکی لکێنەری هەیە. وشەی (سنەوبەر) بەشێکە لە پۆلینکردنی نا فەرمی دار کە ئاماژەی پێکراوە )(Ibid:68)، لەلایەن فەرهەنگی زمانی کوردییەوە:

- **سنەوبەر: درەختێکی تۆیی گەلاّ وردی بالاّ بەرزی هەمیشە سەوزی جوانە.**(شێخ محەمەدی خاڵ:٢٠٠٥: ٢٦٠)- -
- **سنەوبەر: دارێکی گەلاّ دەرزیە بەرێکی لە بیچمی دڵی مرۆ دەگرێ ...**(هەژار:١٣٦٩: ٤٢١)

**(دارسنەوبەر جیاوازە لە داربنیشت و دارقەزوان و دارخورما وە هەروەها، بەلاّم لە گفتۆگۆی نوێ دا ڕێگامان هەیە بۆ پۆلینکردنی تێروتەسەلی دار، سیستەمی ناونانی هەندێك جار پێدەوترێت کۆمەڵێك زاراوەی زانستی ڕووەك یاخود سیستەمی لینەین (دوای ئەوەی ڕوەکناسی سویدی گەرانەدویەتیەوە بۆ سیستەمێك لە ساڵی ١٧٥٠ کان، کارڵ ڤون لینە یاخود لە چاپی لاتینییەکەی ناوەکەی پێیدەوترێ کارلۆس لینیۆس). لە سیتەمی لینیەن دا، دارسنەوبەر بۆ جینێك دەگەڕێتەوە کە ناسراوە بە سنەوبەری *Pinus*، و توخمە تایبەتییەکانی کە بە شێوازێکی ستاندەرد دەناسرێنەوە، بە دانانی ناوی توخمەکە دوای ڕەگەزەکە، هەروەك*Pinus radiata*: سنەوبەری تیشکدار و*Pinus palustris* :سنەوبەری هەمیشە سەوز.**

**ئێستاکە، ڕێگای زانستی بۆ ناونانی ڕوەکەکانی بە پالاّوتنێکی/چاکسازییەکی سادەی فەرهەنگی ئاسایی نیە. وەکو سەرەتا، پۆلینکردنی لینیەن پشتی پێبەستبو بە چاودێری کردنی نێر و مێ ڕوەکەکان، سیفاتەکان گرنگن بۆسەر نوێ بەرهەم هێنانەوەی ڕووەك بەلاّم پەیوەندارنیە بە قسەکردنی ئاسایی وەك شێواز و ڕوخسارێکی گشتی ڕووەك یاخود بۆ مرۆڤەکان گرنگە. بەشێکی لەبەر ئەم هۆیە، هەندێك دار بەشێوازێکی زانستیانە پۆلین نەکراون وەك توخمەکانی *Pinus*: سنەوبەر، بەلاّم لەگەڵ ئەمەش دا ناسراون بە *Pines* سنەوبەرییەکان....... ئەم پۆلین کردنە پارێزگاری پێدەکرێت لە زانستی پۆلینکردن دا کە (بەلایەنی کەم بە تێوری) زۆر وردە، ناونانی نەریتیش وردو پوختە بۆ نموونە: توخمەکانی ڕووەك لە جیهانی ڕووەك دادەنرێن کە لە بەرامبەر دا دابەش دەکرێت بۆ گەل، پۆل، چین، خێزان، ڕەگەز و توخم .**

**هەندێ جار دژایەتی دروست دەبێ کە پێویستە:ئەو دژیەکەی نێوان زانستی پۆلێنکردن و زمانی ڕۆژانە دەبێ لەبەر چاوبگیرێ)(Halliday:2007: 69-70 ) ، بۆ نمونە هەرچەندە (خیار و گێزەر) لە ڕوی زانستیەوە لە ناو پۆلێنی سەوزەکان هەژمار دەکرێن؛ کەچی لە بەشێکی کۆمەڵگای کوردەواری دا لەوانەیە لە کاتی دانیشتنێکی خێزانی دا یا بۆ میوانان وەك میوە یا لەگەڵ میوەی تردا پێشکەش بکرێت.**

**(...... بەگشتی، زانستی پۆلینکردن بەکاردێت بۆ دیارکردن و پۆلین کردنی ژمارەیەکی زۆر لە یەکە/کەرستە: زۆر لەم وشانە بە دەگمەن قسەی لەسەر دەکرێت لەلایەن مرۆڤ و ڕەخنەگرەوە**

ئەگەر ئەو سیفاتەی کە پۆلینی دەکات لە زانستی پۆلینکردن لەوانەیە لە قسەکردنی ڕۆژانـە دا پەراوێزی بێت....... بێگومان زۆر خەڵك توشی سەرسورمان دەبن کـە ئـەم جۆرە کۆمەڵانـەی دار یـەك خێـزان پێکدەهێنن. بـە هـەمان شـێوە پێچەوانەی قسەکردنی ئاسایی کـە لـەڕووی ڕوەکیەوە دەوترێ تەماتە میوەیە نەك سەوزەوات یاخود گوێز و بندق میوەنە.

ئەمەش دەمانگەڕێنیتەوە بۆ بابەتی ئامانجی وەسفکردنی واقیع. ئاشکرایە کە ناونان بۆ وەسفکردنی جۆری پێشکەوتوە و پۆلین کردنـی ئـاژەڵ و ڕوەك و کیمیایی بـۆ خزمـەتکردنی پرۆسەیەکی گرنگە؛ ئەمانە بە گشتی زۆر گشتگیرترن لە زمانی ڕۆژانە، ئەمانە لەسـەر بنـەمای چاودێرکردنی وردو دورودرێژ بە هۆشیارییەوە دامـەزراوە، کە لەوانەیـە ببێتـە تێگەیـشتنێکی بەنرخ لە لێکۆڵینەوەی کارەکی. تاڕادەیەك زانستی پۆلینکردن سەلمێنراوە کـە لەوانـەبێ لـەڕوی زانستیەوە نزیك بێ لە واقیع، یاخود واقیع زیاتر لە زمانی ڕۆژانە دا ئاشکرا دەکات.

سـەرەڕای ئەمـەش ئەمـە پاکانـە ناکات بـۆ هـەنگاوێکی تـری داوا کـردن کـە زمـانی ڕۆژانـە کەموکوڕە و گومڕاکەرە یاخود پێویستی بە چاکسازی هەیە. لـە ژیـانی ڕۆژانـە دا، پـۆلینکردنی زمانی ڕۆژانە لەوانەیە زۆر سودمەندتربێت لە ناونانی زانستی. جیاکردنەوەی ڕۆژانەی زمـانی ئینگلیزی لە نێوان میوە و سەوزە دا لەوانەیە لەڕووی زانستەوە بەتەواوی ڕاست نەبێت، بـەڵام زۆر پەیوەندی بە نەریتی خواردن و ئەنجامدانی بازاڕکردنەوە هەیە.

کاتێك یەکێك دەچێتە بازاڕەوە بۆ میوە کڕین، لەو میوانەی کە بە خـەیاڵی دادێ بـۆ کڕینـی یـا بەرچـاوی دەکـەوێ لـە بازاڕەکـان دا هـەرگیز تەماتـە یـا گـوێز لـە خـۆوە ناگرێـت لـەم پۆلینکردنەی دا، تەنانەت بیر لەوە ناکاتـەوە کـە بیانکڕێت وەك میـوە. هەرچـەندە ئەمانـە لـە ڕوی زانستی پۆلینکردنەوە میوەنە.

لینـوس و هاوچـەرخەکانی لەسـەدەی ١٨ باوەڕیـان وا بـوو کـە تـوخمی ڕووەکـان جـێگیرن و نـەگۆڕن؛ ئـەو توێژنـەوەی ئـەم دواییـە کـە لـەخۆوە گرتنـی بـیردۆزی پەرەسـەندن لەگـەڵ لێکۆڵینـەوەی کـارەکی تیـۆری ژینگـەی هەمـە جـۆر لـە هـەموجیهان دا، ئەوانـەیان گەیانـدە بیروبۆچونێکی گونجاو. زانستی پـۆلێنکردنی ڕووەك ئێـستا کـە پـۆلێنکردنی سـەرەکی هـەروەها هەمـە جۆریـەتی لـە خـودی توخمەکـە دا لـە خـۆوەدەگرێ. هەنـدێك جـار، لـە ئـەنجامی لێکۆڵینەوەی زیادتر ڕوەکێکی تایبەت سەر لە نـوێ لـە سیتەمەکە دا دەنرێتـەوە بـۆ نمونـە لـە جۆرەوە بۆ توخمی لقی یاخود لە توخمی لقی بۆ توخم. (کە لەسەر نەورسی زیوی لـە جیهـانی ئاژەڵ دا، پێویستە لقی چینێکی لاری بگرێتەوە، لە ژێرەوەی ئـەم چینـە دا لە سـەرەوەی ئـەم خێزانەشدا لاریدای، ولقی خێزانـی لارینـا، لـەژێرەوەی خێزانـی لاریـدا و لەسـەرەوەش ڕەگـەزی لاروس)

.................................................

زاراوەکانی پۆلین کردنی زانستی لە هەندێك ڕێگا دا زیاتر بە سیستەمی ناونان دەچن وەك لە فەرهەنگ. لەناونانی ڕوەکی لینیەن، بۆ نمونە، ئاساییە ئاماژە بە ڕەگەز و ناوی ڕووەکە بکەین، لەگەڵ جۆری ڕەگەز و ناوی توخمەکان دەوترێ *Pinus radiata*: سنەوبەری تیشکدار، هەندێکجار بە نازناوێك و ناوێکی پێدراو دەچێت. ناونراوەکان گرنگییان پێ دەدرێت تۆمار دەکرێن و شرۆڤەدەکرێن لە مەوسوعە و بڵاوکراوە تەکنیکیەکان نەك لەو فەرهەنگانەی بۆ مەبەستی گشتینە...... بەلآم لە نێوان زانیاری ڕاستەقینە و زانیاری زمانەوانی ناتوانرێت هێڵی یەکلاکەرەوە بکێشرێت. پێشتر ئاماژەمان بەو ڕێگایانە کرد کە ناوەکان دەبن بە وشەکان. هەندێك ناوی خەڵك و شوێن ـ و دەربارەی ئەوانە 'ڕاستەقینەن' ـ لە کۆمەڵگا دا زۆر باش ناسراون کە بەکارهێنەری زمان مەزندە دەکات کە هەموو کەسێك دەیزانێت. دەستەواژە و ئیدیۆمی وەك( Halliday:2007:72-75):

**ـ ماڵ ئاوا.** : بۆ خواحافیزییە.

**ـ خوا ئاگادارت بێ.** : بۆ خواحافیزی لێکردن و بەڕێکردنی کەسێکە.

**ـ خوا ئاگادارە .** : بۆ بڕواپێهێنانی کەسێك بە قسەیەك یا ڕوداوێك.

..... کەسایەتیە ئەفسانەیەکان یا مێژوییەکان بەدیاردەکەون لە گفتوگۆدا وەکی بڵێی ناوی گشتینە، کە پڕن لە واتای شاراوە ـ وەك پێشتر لە ل:٤٨ ناوبران ـ زۆر گرنگ نییە بۆ ئەوەی یەکێك بتوانێ بە زمانی کوردی قسە بکات کەسایەتییە شۆڕشگێڕەکانی بۆ نمونە وەك: **(شێخ عبیدولای نەهری، شێخ مەحمود، بارزانی....)** بزانێ ، بەلآم لەوانەیە وشەیەکی وەك **(بەردەقارەمان)** کە چیرۆکێکی دورودرێژی لە سەرە کە پەیوەندی بە ژیانی خەباتکاری شێخ مەحمودەوە هەیە پێویستی پێ بێ ، کە بیزانێ.

(بەلآم هەندێك بەکارهێنان بەرهەم دەهێنێ کە ناوەکە بەکارهاتبێ بە شێوەی وەسف، دوبارە مەزندەکردنی کە دانەر و جەماوەر هەندێك تێگەیشتنی هاوبەشیان هەیە یاخود وێنەی مرۆڤ . بۆ نمونە، هەندێك جار یەکێك وەسف دەکرێت) (Ibid:76) بۆ نمونە :

**ـ دەڵێی هیتلەرە.**

**ـ دەڵێی مەڕی پێغەمبەرە.**

**ـ دەڵێی شەخسە پەڕۆیە.**

**ـدەڵێی بوکە بەبارانێیە.**

**(له ڕاستی دا هیچ ڕێگایەك نیە بۆ کێشانی جیاکردنەوەیەکی بنەمادار لە نێوان زانیاری زمانی بەگشتی و زانیاری زمانی لاوەکی)**(Halliday:2007:76).

بێگومان وشەیەکی وەك : **(خەجە گەڕۆك)** لە کۆمەڵگای کوردی دا مەزندە دەکرێ زۆر باو و بلاوترە لە ناوی یاریزانێکی پلە یەکی ڕاکردن یا هی تۆپانێ....هتد. ئەمەی یەکەم دەچێتە ناو فەرهەنگی زمانەکەوە ئەگەر دەرکەوت ئیدیۆمێکی زۆر گشتییە لەکۆمەڵی کوردەواری دا، بەلام ئەگەر بەکارهێنانی زۆر دەگمەن بو ئەوا دەچێتە ناو ئەو کتێب و فەرهەنگە ئیدیۆمیە تایبەتیەکانەوە؛ بەلام ناوی یاریزانەکە دەکرێ لە فەرهەنگی تایبەتی یاریزانان یا مەوسوعە دا تۆماربکرێ.

**(وشەکان یەکەم و سەرەکیترین توخمی دەقن، ئەو توخمانەی کە بەشداری دەکەن لە قسەکردنی ڕاستەقینە دا نەك لە فەرهەنگ دا یەکە دابڕاوەکان ڕیزکراون . فەرهەنگسازە نەریتییەکان زانیاری زمانەوانیان جیاکردوەتەوە لە زانیاری مەوسوعی دا بە پرۆسەی دورکەوتنەوە لە دەوروبەری ئاخاوتن دا، هەوڵ دەدەن بۆ وەسفکردنی واتای وشەکان دابڕن لە دەوروبەری قسەکردن.....ئەگەر ئێمە جیاکرنەوە لەدەوروبەری قسەکرن هەڵوەشێنینەوە، پێویستیمان بەوە نیە کە سوربین لەسەر جیاکردنەوەی زانیاری زمانەوانی لە زانیاری مەوسوعی.**

**ئەوەی کە ئاسایی پێیدەوترێ زانیاری مەوسوعی لە ڕاستی دا هەموو کاتێك زانیاری قسەکردنە. ئێستاکە بۆ زۆر لە ئێمە، هەموو شتێك کە دەیزانین و دەتوانین کە بیزانین سەبارەت بە [حوکمی قەرەقوش، هیتلەر، خەجەگەڕۆك .....]ئەمانە هەمووی بەندن بە دەقەوە. هەتا وەکو ڕەسم و فلیم و ڤیدیۆ بەرێژەیەکی کەم واتای هەیە بەبێ ئەوەی دەقی لەگەڵ بێت. ئەگەر ئێمە مەزندەبکەین کە چەند زانیاری مەوسوعی قەرزارین لە زانیاری قسەکردنمان، جیاکردنەوەکە بە کارەکی بزر دەبێ.)** (Ibid:77-78)

## زمان و زمانەکان:

زمانەکان سیفاتی هاوبەشیان هەیە، لە دیدو بۆچونی بەکارهێنەرەکانی جیاوازیەکانە کە هەژمار دەکرێت، خەڵك قسە ناکات بە یەك زمان وەك تجریدی بەڵکو بەتاکەکانی زمان. لە بۆچونی پراکتیکی سیفاتی سەرەکی ئەوەیە ئەم زمانانە زۆر زەحمەتن بۆ تێگەیشتن، کاتێك گوێ بیستی زمانێکی نەناسراو دەبین، هەتا ناتوانین سنوری نێوان وشەکانیان جیابکەینەوە. لێکۆڵینەوە لە زمانە باشە چونکە هەتا ئەگەر هێمای ئاشناش بەکاربهێنێ، ئێمە تێناگەین

ئەوانە واتای چی دەگەیەنن. هەروەها هەر وشەیەك بدۆزینەوە لە فەرهەنگ، هێشتا تێناگەین ئەو رێگایەی کە بەیەکەوە بەستراون یا خود گۆڕاون لە فۆڕم و واتا و لە ژینگەی جیاواز دا، ئەم ڕاستیە سادانە واتای ئەمەیە یەکەم کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە زمان شاراوەیە کە چۆن قسەکەری زمانە جیاوازەکان لەگەڵ یەك ئاخاوتن دەکەن. لێرەدا دو چارەسەر هەیە: زمانێك بۆ یەك زمان یا بۆ هەردوکیان، کۆمەڵێك قسەکەر فێری زمانەکەی تر دەبن، وە ئەوەکەی تر وەرگێرێك بەکاردەهێنن. ئێمە پێویستە مەزندەی بکەین چۆن ئەو جیاوازیانەی نێوان زمانەکان هەستی پێ دەکرێن نەك تەنها لەلایەن زمانناسەکان بەڵکو لەلایەن ناتایبەتمەندەکانی زمانێك - بەکارهێنەران - ئێمە پێویستمان بە لێکۆڵینەوەی پارسەنگی زمانەکان هەیە لە جیهانی هاوچەرخ دا.(Cook Guy:2003: 21-22)

هەمەجۆریەتی زمانەکانی مرۆڤ ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە. هەندێك لە زمانەکان وەکو زمانەکانی ئەوروپی و[ هیندو ئێرانی ]......، لێکچون پیشان دەدەن، لەبەر ئەوەی پەیوەندی مێژوییان هەبووە، بەلاّم هەندێك زمان زۆر لە یەکتر جیابوونەتەوە. هەتا زمانەکان زۆر هاوبەشیشیان هەبێت ـــ وەك زمانی [کوردی و فارسی] کە هەیانە، ئەو دو زمانەی کە پەیوەندی مێژوییان هەیە هەروەها پێکچوونی کەلتوریش پیشان دەدەن، و کەلتورێکی دورودرێژ لە خۆیان دەگرن کە کاریگەربوونە بە زمانی [ئاڤێستا و پەهلەوی] ـــ جیاوازییەکان هێشتا هەندێك سەر ئەنجامی هەیە. زمانی نوێی [کوردی و فارسی] هاوبەشیەکەیان ڕون نیە و کاتێك هەوڵێکی باش دەدرێ بۆ قسەکەرێکی گەنج یەکێك لەم زمانانە فێربێ بەرێك و پێکی بەکاربێنێ لەوانی تر.(Halliday:2007:78)

(زمانی کوردی لە ڕەگ و ڕەچەڵەك دا دەگەڕێتەوە سەر خێزانە زمانی هیندوئەوروپی کە دابەش بووە بۆ چەند کۆمەڵەیەك لەوانە کۆمەڵە زمانانی هیند و ئێرانی و دواتر بۆ زمانانی ئێرانی دابەش بووەتەوە و لە کۆتاییش دا زمانانی ئێرانی باکوری ڕۆژئاوا و کە زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانە) (کوردستان موکریانی:٢٠٠٨ :١٢،١٥). هەرچەندە زمانی کوردی لە ڕوی پاشماوە و کەلەپور و بەڵگەنامەوە هەژارە و یا ئەوەتا لە ژێردەستی دا نییە، بەلاّم دەکرێ پشت بە سەرچاوەکانی زمانانی هەمان خێزانە زمانی ببەستێ؛ بۆ دەرخستنی پەیوەندی و دورونزیکی لە زمانەکان. ئەوەی تا ئێستا لە ڕوی ئیتیمۆلۆجییەوە ئەنجام دراوە زۆر ورد و قوڵ و فراوان نییە.

(ئەگەر چاوێك بە جیهان دا بخشێنین، زمانەکان جیانە زۆر بە ڕیشەیی جیاوازترن لە زمانی [کوردی و فارسی]. لە ڕوی فۆنەتیکەوە، هەندێك لە زمانەکان دەنگ و نموونەی شێوەکانی گۆکردنی هەیە کە تاڕادەیەك ئەستەمە بۆ قسەکەری زمانەکانی تر بە تەواوی

لەوبچن. تریپەی دەنگی هەندێ زمانانی ئەفریقای باشور پێدەچێت سەیر و سەخت بێ بۆ ئەوانەی بەم زمانە گەورە نەبوونە؛ پێویستە بوترێ هیچ شتێك سەخت یاخود سەیر نیە سەبارەت بەم دەنگانەی ئەمانە کە بەئاسایی بەکاری دەهێنن. کۆنسنانتی ددانی خشۆك لەسەرەتای وشەکان ئینگلیزی وەك *thorn* یا *thin* کۆنسنانتێکی سەختە بۆ ئەو کەسانەی کە لە زمانی دایکیان دا کۆنسانانتیان نیە، لە کاتێك دا کۆنسنانتە مەلاشویی و قورگیەکانی زمانی عەرەبی قسەکەری ئینگلیزی ڕادەگرێ کە ئەستەمە پێیبدرکێنرێت.

لەڕوی ڕێزمانیەوە، نمونەی زمانی یەکێك دەبێتە شتێکی نەریتی کە هەمان هەڵبژاردەکانی پێچەوانەدەکاتەوە و هەندێکجاریش لە دەرەوەی فێربوون دەبێ....کە نمونەی زمانی یەکێك 'سروشتییە'، باش ڕەگی داکوتاوە و بە شێوازێکی سیستەمی خۆی تێکەڵ دەکات لە فێربوونی نمونە جیاوازەکان دا.

[بۆنمونە: زمانی کوردی و فارسی چ لە ڕوی لێکدان و چ لە ڕوی خستنەپاڵەوە زۆرجار هاوشان دەبن ، جاری واش دەبێ بە پێچەوانە دەبنەوە لەوانەیە قسەکەری کورد بەپێوانە و نمونەی زمانەکەی خۆی پێش و پاشیان بکات، وەك:

| کوردی | فارسی | بەهەڵە |
|---|---|---|
| ڕەوشت جوان | خوشخو | خوخوش |
| ڕوجوان | خوبرو | روخوب |
| ڕوزەرد | زرد رو | رو زرد] |

ئەوەی کە ڕاستە لە گۆکردن و ڕێزمان دا بەهەمان شێوە ڕاستە بۆ واتا. هەرچەندە وشە پەیوەندیدارەکان کە لە ڕواڵەت و دەنگەوە پێدەچن هاوشێوەبن بەلاّم زۆرجار لە ڕوی واتاوە جیاوازن.) (Halliday:2007:79)

(وشەی برا لە زمانی کوردی دا بەرامبەر بە واتای وشەی برادَر دێ لە زمانی فارسی [لە کاتێك دا وشەی برادەر لە زمانی کوردی هاوواتای وشەی (هاوڕێ) یە و هەردوکیان بە یەك واتا بەکاردێن]، لە زمانی پەهلەوی (براتەر)ە و لە ئینگلیزی دا brother و بە ئەڵمانی bruder ئەم وشەیە وشەیەکی هیندوئەوروپایی کۆنە، کەوتوەتە زمانی تورکییەوە بە شێوەی birader.)(جەمال نەبەز: ٢٠٠٨: ٩٨)

لەم خشتەیەی ژمارە (٦) دا کۆمەڵێ وشەی هاوبەش و دیار هەڵبـژێردراوە لـە نێـوان زمـانی کوردی و فارسی کە تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕوی فۆڕمەوە یەکن یا نزیکن؛ بەڵام لە ڕوی واتـاوە بـە واتای زۆر جیاواز بەکاردێن لە هەر دو زمان دا:

| ژ | وشەی کوردی | لێکدانەوەی واتاکەی | بەشە ئاخاوتن | وشەی فارسی | لێکدانەوەی واتاکەی | بەشە ئاخاوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١. | بەرگ | جل و بەرگ: ملابس | ناو | بَرگ | گەڵا، پەلك: ورق | ناو |
| ٢. | برادەر | هاوڕێ : صدیق | ناو | برادَر | برا : اخ | ناو |
| ٣. | پل | پە نجە، ئەنگوست، دەست و پـل: اصبع | ناو | پل | پرد: جسر | ناو |
| ٤. | پور | خوشکی دایك یـا بـاوك: عمـە أو خالە | ناو | پور | کوڕ: ابن | ناو |
| ٥. | توندڕەو | لە هەڵس و کـەوت یـا ڕەوشـت دا توندوتیژە: ارهابی | ئاوەڵناو | تندرَو | خۆشڕەو: سریع السیر | ئاوەڵکار |
| ٦. | جوان | شۆخ : جمیل | ئاوەڵناو | جَوان | گەنج : شاب | ئاوەڵناو |
| ٧. | دەر | دەرەوە : خارج | ئاوەڵکار | دَر | دەرگا : باب | ناو |
| ٨. | دۆست | یار، خۆشەویست: حبیب | ناو | دوست | برادەر: صدیق | ناو |
| ٩. | شاگرد | بەردەست: عامل | ناو | شاگرد | قوتابی : تلمیذ | ناو |
| ١٠. | مەرد | پیاوەتی، جوامێری : رجولة | ئاوەڵناو | مرد | پیـاو و مێـرد و نێـرو پیاوەتی یا جوامێری:رجل | نـاو و ئاوەڵناو |

**خشتەی ژمارە ( ٦ )**

بێگومان لە زمانی کوردی دا فۆڕمی بچوککردنەوە بە دو شێوە دروست دەبێ :

١. بەشێوەی داڕێژراو:وەك : (**مێشولە، گۆزەڵە، گوێچکە، بزنۆکە.....**)

٢. بەشێوەی لێکدراو: (**وردکەبەرد، فەرخە چێڵ، دەنکە ترێ، تنۆکە ئاو.....**)

(لەوانەیە لـە زمـانی ئینگلیـزی دا بـەم شـێوەیە نـەبێت و هێنـدە گـرنگ نـەبێت. هەنـدێك زمانەکان بە هەمان شێوە بـچوککراوە بـە چـڕی بـەکاردێنن ــ بـۆ نموونـە زمـانی چـیکی و ئیتالی ـ لەکاتێك دا زمانی ئینگلیـزی هەنـدێك مۆرفۆلۆجی بـەراوردکاری هەیـە، هـەروەك نیشان دراوە وەك book وbooklet یان dog وdoggie ، زۆر بـە فراوانـی بەکارنایـەن، لەهەمان لێکۆڵینەوەی واتای خودی کەسی بەکارنایەت.

یا بۆ داواکردنی شتێك (هەندێك قسەکەری ئینگلیزی لەوانەیە بە توندی و سەرپێی داوای قەرزکردنی جگەرەیەك بکات یاخود لەوانەیە وشەی 'Just ' ی لەگەڵ دا بەکاربهێنێ))[بەلاَم لە زمانی کوردی دا لەوانەیە چەندین شێوازی ناڕاستەوخۆ یا ڕێز هەبێ بۆ ئەم داوایە:

- دەکرێ جگەرەیەکم بدەیتێ.
- بێزەحمەت/ جگەرەت پێیە/لایە.]

زمانەکانی کارلێك دەکەن لەڕوی سیمانتیکەوە، ئەمەش سەرنجێکی گرنگە بۆ دو هۆ دەگەرێتەوە. یەکەم : جەخت دەکاتەوە لەو خاڵەی کە زمانەکان لە یەکتری جیاوازن، چونکە ئەگەر جیاواز نەبوبان هیچ شتێکی گرنگ نەدەبو بۆ زمانەکانی تر بۆ ئەوەی دەستیان بکەوێ. دوەم: بە بیرهێنانەوەیەکە کاتێك ئەو جیاوازییانە تاڕادەیەك ڕاستن/واقیعینە، زمانەکانیش هەموو کاتێك بە سنورە داخراوەکانی یا ناوبڕێکی بەرین جیاناکرێنەوە. تەنها کەسانێك دەتوانن فێری زمانی بێگانە بن، کەواتە کەلتورەکان کاریگەری لەسەر کەلتورەکانی تر دروست دەکەن ـ لەگەڵ ئەمەش دا پێویستە بوترێت کە ئەوانە بەم هاوشێوەیە کۆتاییان نایەت.

لە زمانی ناڕەسەنی ئوسترالی [هەروەك زمانی کوردی]کارێك هەیە کە هەمو کاتێك ئاماژە بە لێدان دەکات هەندێك جاریش بە واتای لێدانی ئازاردان یا کوشتن دێت هەروەك چەقۆ لێدان لە ئاژەڵێك. (کارێکی جیاواز بەکاردێت بۆ لێدانی یەکێك یا شتێك وەك بەرد فرێدان) لە زمانی ناڕەسەنی ئینگلیزی وشەی *kill* بەکاردێت. بە واتایە بەکارنایەت بۆ مراندنی یا کۆتایی پێهێنان بە ژیانی کەسێك، بەڵکو بە واتای هێرش بردن یا لێدان یا هاویشتن بەکاردێت.

بەتەواوی زمانی لاتینی کاریگەری هەبووە لەسەر زمانی ئینگلیزی، کەواتە لە هەر شوێنێك زمانەکان بە شێوازێك لە شێوازەکان کە کاریگەریەکی شکۆدار بووە، هەروەك زمانی عەرەبی وەك زمانی دینی ئیسلامە،یا زمانی ئینگلیزی وەك زمانی ئیمپراتۆریەتی بەریتانییە، شوێنەواری خۆیان بەجێهێشتووە لەسەر زمانەکانی تر. بەم شێوەیە زمانی ئینگلیزی کاریگەری لەسەر زۆر لە زمانەکانی بیابانی ئەفریقا هەبووە. و زمانی عەرەبی کاریگەری هەبوو لەسەر [زمانی کوردی و] زمانی مالایی (ئێستا ئەندەنوسیا و مالیزیایە) و زمانی ئوردو) (Halliday:2007:80-82 )

لە زمانی کوردی دا جگە لەوەی چەندین وشەی عەرەبی ـ بە شێوەیەکی گشتی ناو ـ هاتوەتە ناو زمانەکەمان، لەگەڵ لە ناو وشە لێکدراو و دەستەواژە و ئیدیۆمەکانیش دا دەبینرێ ، وەك: **(کەربەلا ، شینی حەسەن و حوسێن، چێشتی عاشورا، خواحافیز، قالوبەلایە، ڕۆژی حەشرە،**

**قیامەت هەڵسان، عەزاب خواردن، غەریبی شاران، حاتەمی تەی ، لەیل و مەجنون، شامی شەریف، عومەر ....)** كە هەندێك لەم یەكانە بە هەمان واتا بەكاردێنەوە. هەندێكیشیان بۆ مەبەست و واتای تر بەكاردێن، و سێبەری واتاییان چووەتە سەر.

(بەخشینی هەمە جۆریەتی زمانەكانی مرۆڤ و كەلتور، ئەو شێوازانەی كە لەگەڵ یەك دا كارلێك دەكەن، هەموو كاتێك كار لەسەر یەكتر دەكەن و دەقاودەق لەیەكتر وەردەگرن، بەڵام هەرگیز بەهەمان شێوە كۆتاییان نایەت، واتایەكی وادروست بكات بڵێین كە زمانەكان توانای سیمانتیكی كشاوەیان هەیە، بواری توانایان ئەوا دەوڵەمەند و فراوانە. هەر ئەمەشە وا دەكات زمانێكی تر فێر بین كە تاقیكردنەوەمان پێببەخشێ، تاقیكردنەوەیەك كە ئاسۆی یەكێك دەگۆڕێت دەروازەی نوێی لەم جیهانە دا بۆ دەكاتەوە. ئەمەش لەوانەیە لێكچونێك دروست بكات بۆ هەمووان زۆر سەرسورهێنەر بێت زیاتر لەوەی كە كەسێك هەردەم خۆشی وەرگرتووە لە بیرۆكەی رێزمانی گشتی یا سیمانتیكی گشتی. لە راستی دا لێرەدا كۆمەڵێك هەوڵ هەیە بۆ گشتاندن لە نێو هەموو زمانەكان دا، بۆ دۆزینەوەی جۆرێك لە مۆدیلی نمونەیی یاخود شتێك بدۆزینەوە كە بوترێت بۆ هێلكاریكردنی هەموو زمانەكانی مرۆڤ. خۆبەگەورەزانین بەڵام نەك نەزانینی رێگاكانی نكوڵی كردن یاخود بچووك كردنەوەی جیاوازیەكانی زمان ئەوەیە كە سەرنج بخاتە سەر یەك زمان یاخود چەند زمانێك و مەزندەكردنی هەر زمانێك كە هاوشێوەی ئەو زمانانە نەبێت بەزمانی لادەر یا نزم دادەنرێت....... بەڵام لێرەدا زۆر هەوڵی هزری و ڕۆشەنبیری هەبوو بۆ پێناسەكردنی هەندێ جۆری رێزمانی گشتی یاخود سیمانتیكی گشتی. گریمانەكانی چۆمسكی كردبوو كەساڵی ١٩٦٠ كان دا 'پێكهاتەی قوڵ' كە لەوانەیە بۆ هەموو زمانەكان گشتگیر بكرێت.

ڕێبازی گشتاندن، وەك پێگەیەكی تیۆری لە زمان هەردەم پشت دەبەستێت بە یەك لەم دوو ستراتیجییە. یەكەم : مەزندەبكەی كە لە ڕاستی دا شتێك بەدی نەكراوە، وەك: كۆمەڵێك لە بیرۆكەی گشتگیری یاخود پێكهاتەی قوڵی چۆمسكی. چەمكی گشتی بۆ نمونە تەنها لە مێشكی مرۆڤ هەیە، یاخود بێگومان لە هەندێك بیركردنەوەی هاوبەشی مرۆڤ هەیە، ئەگەر شتی وا هەبێت. ئێمە ناتوانین سەرنج و تۆماری كەچی لەمێشكی مرۆڤ هەیە بكەین بە هەمان شێوە كە دەتوانین سەرنج و تۆماری هەڵسوكەوتی مرۆڤ بكەین، بەتایبەتی ئەوەی كە خەڵك دەیڵێت یا دەینوسێت. ئەمە خۆی لەخۆی دا هیچ لارییەك نیە بۆ ڕەتكردنەوە ڕێبازی گشتاندن وەك باوەڕێك، لە كاتێك دا زۆر لە ئێمە باوەرمان هەیە بە جۆرێك یا یەكێكی تر..... بەڵام لێرە دا گرنگ ئەوەیە كە ڕۆڵ و سروشتی باوەڕەكان بناسرێتەوە. ئەوانەی كەباوەڕیان بە بیرۆكەی گشتی هەیە بنەمایەك دروست دەكەن بۆ سیمانتیكی هەموو زمانەكانی وە گفتوگۆی ئەمانەش

دەکەن کە تەنها گریمانەی تیۆری دادەنێت وە دواتر لەبەرامبەر بەڵگەدا توانای شرۆڤەی دەپشکننەوە یاخود تاقی دەکەنەوە ـ بۆ نمونە بەسەیرکردنی دەرئەنجامەکەیان لە هەڵس و کەوتی سەرنجدراو. کەواتە گرنگ دەبێت بۆ ئەوەی رووبەروی پرسیار ببیتەوە سەبارەت بەوەی کەچ پشکنینێکی دروست دەکات یاخود پێگەی تاقیکردنەوەیەك، کاری تیۆری تەنها بەسادەیی نەکەین بە وەرگرتنی مەزندەکان. بێگومان خەڵك بەباوەڕەوە دەژیەت ــ هەروەك هەموومان تارادەیەکی زۆر یا کەمتر ئەنجامی دەدەین ــ بەلاّم باوەڕ پێویستی بە دانپێدانان هەیە وەك باوەر، نەك تەنها پێشکەشی بکەین وەك دۆزینەوەیەکی زانستی کە جێگەی گفتوگۆکردن نەبێت.

ستراتیجیەکی تر کە لە ڕێبازی گشتاندن دا دەدۆزرێتەوە، بە ڕێگایەك لە ڕێگایەکان چوار چێوەیەکی گشتی دابنرێ کە تێدا هەموو زمانەکان جۆرێك لە هەڵبژاردن ئەنجام بدەن. بەم شێوەیە لەوانەیە یەکێك داوا بکات چوارچێوەیەکی فراوانی بیرۆکەی گشتی یاخود پێکهاتەکانی واتا هەیە، لەوانەیە یەکەی زۆر گشتی بگرێتەوە وەکو 'مرۆڤ'، 'زیندو'، 'مادی' ( کە لەوانەیە زۆر لەم وشانە پێکهاتەی سیمانتیکی/واتاسازی زۆر لە زمانەکان بن ) هەروەها زۆر وشە دیاریدەکات کە جیادەکرێتەوە (لە ڕوی سیمانتیکیەوە))(Halliday:2007:83-85).

**وەك:(شنەبا جیاوازە لە ڕەشەبا، دوپشك جیاوازە لە هەزارپێ، سەیرکردن جیاوازە لە سەرنجدان.....)**

(ئەو راستیەی کە زمانەکان لە یەکتر جیاوازن لەڕووی سیمانتیکەوە ــ بۆ نمونە زمانی ئەڵمانی هیچ لێك جیاکردنەوەیەکی فەرهەنگی ناکات لەنێوان لولپێچ و بەزاقەڕوتە، هەروەك زمانی ئینگلزی ناتوانێ یەکەی فەرهەنگی لێدان بە ئامێر لەگەڵ لێدان بە هاویشتن جیابکاتەوە ــ ڕێگا دەدرێت بوترێت کە هەر زمانەی لە چوارچێوەی گشتی دا هەڵبژاردنی خۆی هەیە. ئەمەش شتێکی باشە. لەلایەکی ترەوە سەختی پێگەی گشتگیرکەرەکان دەناسیەوە، بۆ چوارچێوەی گشتی هیچی تر گشتی نیە بۆ هەموو زمانەکان. لەلایەکی ترەوە ئەم پرسیارە سەرهەڵدەدات کە ئەم جۆرە چوارچێوەیە چ جۆرە پێگە و بونێکی هەیە. لە کاتێك دا ئەم چوارچێوەیە بە پێناسەکردن فراوانتر وزۆر گشتگیترە لە سیمانتیکی هەر زمانێك، دەبێت لەسەر روی زمانە دیاریکراوەکان بوونی هەبێت. ئەگەر ئەمە لە مێشکی مرۆڤ دا نیشتەجێ بێت، کەواتە بەشێك لەمە پەیوەندی بە هەموو ئەو زمانانەوە نیە کە ناسراون بۆ هەر مێشکی کەسێك، کە پێویستە بە دڵنیاییەوە ئەم بەشە دابنرێت کە لەسەر رووی هەر جۆرە چەسپاندن/بەدواداچونێکی تاقیکراوەیی. ئەگەر تەسك نەکرێت لەنێو مێشکی تاکەکان دا، هەروەها لە کوێ دەدۆزرێتەوە چۆن دەتوانین بەدەستی بێنین و لێبکۆڵینەوە؟

زۆر نوسراوە سەبارەت بە زمانەکان و جیاوازییەکان و لێکچونەکانیان. ئەوەی لێرەدا وتومانە دەڕوات بەرەو پاکانەکردنی ئەو ناحەزییەی کە هەمانە بۆ سەپاندنی کردنی ڕێزمانی گشتی یاخود چەمکی گشتی باش زانینی ئیمە بۆ زۆر بە ئاگابوون لەرێگای وەسفی بۆ ڕەوشتی یا هەڵس و کەوتی زمانەوانی. دیسانەکە جەخت دەکەینەوە کە ئێمە پێشنیازی ئەوە ناکەین کە زمانەکان لێکتر جیاوازن کە بە تەواوەتی جیهانێکی جیاواز دروست دەکەن، لە یەکتر دادەبڕێن. ئێمە دان پێدادەنێین کە زمانەکان لێکچوونیان نیشان دەدەن. بەلام تەنها ئەو زمانانەی کە تارادەیەك لە نزیکەوە پەیوەندارن، ئەم پێکچونانەیان لەسەر بنەمای ناوەڕۆکی یا کرۆکی وشە دانامەزرێ یاخود بنەمایەك دروست دەکەن لەگەڵ کۆمەڵێك چەمکی لێکنەچو یاخود هەرشتێك کە مادی بێت یاخود دیاری کراو بێت وەك ئەمە. پێکچوونەکان چاك لێیتێدەگەیشترێ لە زاراوەکانی ئەرکەکانەوە و نەخشەی گشتی نەوەك لە زاراوەکانی چوارچێوەی یەکە یا پێکهاتە یاخود یاسا.

لێرەدا کێشەی شیکاری و تیۆری تاك نیە لە بۆ زمانەوانی یا زانستی واتاسازی، چونکە کاریگەری زۆری لەسەر لێکۆڵینەوەمان و تێگەیشتنی مرۆڤەکانەوە هەیە لەگەڵ هەڵس و کەوت و دابونەریتەکان. زیاتر وەك ئەوەیە ئەمە دەربخەین کە چ گشتیە لە ئاهەنگێکی ژنهێنان دا لە هەموو جیهان دا; یاخود چ گشتیە سەبارەت بە خۆراك و خواردن؛ یاخود چ گشتیە لە بۆ ئەنجامدانی پەرستشە ئاینییەکان لە جیهان دا....بەلام ئەگەر ئێمە لە ڕاستی دا بە دوای ئەم جۆرە پرۆژانەدا بەدرێژایی ئەم هێلانە بڕۆین، هەر لە زوەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بێ سودە. ئەلقە و چەپکە گوڵ و کێکی ژنهێنان بەشێکە لە ئاهەنگی ژنهێنان لە زۆر وڵات دا بەلام گشتی نیە.....ئەگەر بمانەوێت بە گشتی بە شێوازێکی ڕاستەقینە و هزرێکی کراوە هەڵیبسەنگێنێن، وا باشترە لەم تاقیکردنەوە خێرایەی ژنهێنانەکان دا کە هەنگاوێك بەرەوپاش بگەڕێنەوە و زۆر بە شێوازێکی ئەرکی فراوان دەست بەبیرکردنەوە بکەین: مرۆڤ پەیمانێك یاخود هاوبەشیەکی پەیوەندی ڕەگەزی و خێزان دروست دەکات، چۆن ئەم هاوبەشیەتیە یەکگرتووە لەناو پێکهاتە کۆمەلگا فراوانەکان دا، جاچ ئەگەر ئەم هاوبەشیە پێویستی بە ڕاگەیاندن هەبێت یا بە دانپیانانی لەلایەن ئەندامە گەورەکانی کۆمەلگاوە، و چۆن ئەم هاوبەشیەتیە هاتوەتە ناوەوە و وەسف کراوە، بە تیۆری و بە کارەکی، بە هۆی پابەندبون و دڵسۆزیەوە .

بە هەمان شێوە زۆر دەوترێت سەبارەت بە خۆراك و خواردن، یا سەبارەت بە پەرستشە ئاینیەکان. لێرەدا ئەگەر هەبێت خۆراکێکی کەم هەیە کە بە ڕاستی گشتی بێت..... هەتا هەندێك کەرستە هەیە کە زۆر بەربلاوە ـ وەك نان ـ کە شێواز و شێوەی هەمەجۆر دەگرێتە

خۆی بە شێوازی جۆراجۆر دەخورێت. ( بۆ نمونە، نانی هیندی شێوە و کردنیشی جیاوازە لە نانی فەرەنسی.) ئەوەی گشتی بێت زیاتر ئەوەیەکە پێویستی مرۆڤ بۆ خواردن.

......هەروەها لەگەڵ زمان دا. ئەگەر گشتگیری زمان هەبێت، ئەوان باشترین هۆکاریان گرتوەتە بەر لەم روانگەی کە چۆن زمان لە ژیانی مرۆڤ دا کار دەکات و چۆن خزمەتی ئامانجەکانی مرۆڤ دەکات. هەمو زمانەکان سیستەمن بۆ دروست کردنی واتا، واتاکان کۆتکراون لە دارشتن دا کە لە شێوازی قسەکردن دەردەبڕدرێن (یاخود لە باری زۆر لە زمانەکان دا شێوازی قسەکردن و نوسینیان هەیە). هەمو زمانەکان شێوازی قسەکردن سەبارەت بە شتەکان یاخود بونەکانیان هەیە ، بە پێچەوانەوە شێوازی قسەکردن سەبارەت بە ڕوداوەکان و پرۆسەکان و یاخود پەیوەندییەکان . (ئەم جیاکردنەوەی هەموو کاتێک پەیوەندیدارە بە جیاکردنەوەی ڕێزمانی نێوان ناو و کارەکان، بەلاّم پەیوەندییەکە ڕاستەوخۆ و سادەیە.) هەموو زمانەکان پێدەچێت لەهەر دوو ڕوی دەربڕین یاخود نواندنی واتا بن ( پەیوەندیدار بێت بەوەی کە چ بوترێت سەبارەت بە جیهان و ڕاستی و ڕوداوەکان، وهتد) و چ بوترێت بەوەی کە پێیدەوترێت واتاکانی تایبەتی پەیوەندی نێوان کەسەکان ( پەیوەندندارە بەوەی کە چۆن قسەکەر یاخود نوسەرەکان کارلێك دەکەن لەگەڵ گوێگر یاخود خوێنەرەکان). ئەمەش ڕێگایەکی تەواو جیاوازە بە گشتی بۆ یەکێك کە بەدوای زاراوەی کرۆکی یا ناوەڕۆکی گشتی دەگەڕێن یاخود کۆمەڵێك نمونەی گشتی)(Halliday:2007:85-88).

## وەرگێڕان:

وەرگێڕان لە زمانێك بۆ زمانێکی تر هەندێك جار وەسف دەکرێت وەك بڵێین پرۆسەی دارشتنەوەی هەمان واتا بێت پرۆسەی دۆزینەوەی وشەی نوێیە بۆ دەربڕینی هەمان واتا . لە کاتێك دا ئەمە هەندێك جار شێوازێکی گونجاوە بۆ وەسفکردنی پرۆسەکە، وەرگێری باش دەبێت پابەند بێت بەوەی کەپێی دەوترێت دەستپاکی یا دڵسۆزی بۆ دەقە بنچینەیەکە، لێرەدا هەندێك بەرهەڵستی هەیە بۆ وەرگێرانی چەمکی وەك بڵێی پرۆسەیەکی هەڵێنجانی/وەرگرتنی واتایە لە دەرەوەی وشەکانی زمانێك دا، و سەرلەنوێ دەربڕینەکەی نەگۆڕێت لە وشەکانی زمانەکەی تر.

لە یەکەم جاردا زۆر لە وەرگێڕەکان بە تاقیکردنەوە فێری ئەوە دەبن بە داواکردنی ڕیزبەندی ئەوان ئەوە پارێزگاری لە نەگۆڕانی واتاکان دەکەن. هەروەك دەبینین لەم بەشەدا، واتاکان لە نێو زمانەکان دا هاوشێوە نیە. (Ibid:88-89)

لە زمانی عەرەبی دا چەندان ناو هەیە بۆ (**حوشتر یا شێر یا شمشێر ...**) کە لە زمانی کوردی دا تەنیا یەك وشە هەیە بەرامبەر هەریەکێکیان. یاخود لەوانە بێ ئەم وشە لێکدراو و دەستەواژانەی خوارەوە ـ کە بەشێکیان ئیدیەمن ـ لە زمانی عەرەبیدا بەرامبەری نەبێ . یا یەك وشەی سادە لە بەرامبەری دا هەبێ چونکە تایبەتە بە کەلتورو ژینگەی خەڵکانێك لەکۆمەڵگای کوردی، وەك:

**١ـ دیاردەی سروشتی:** (شنەبا، ڕەشەبا، بای سەبا، گەردەلول، گێژەلوکە، بای نەسیم، بای شەماڵ، هەوری ڕەش، لێزمە باران، ئاگر باران، شەستە باران، شەپۆلی دەریا، دڵۆپە شەونم، هاژەی ڕوبار، خشەخشی دار، جریوەی چۆلەکە، خوڕەی ئاو ، هەورە تریشقە ، گرمەی هەور....)

**٢ـ ئاژەڵ :** (قەلەڕەش، قەلەموون، کەڵەشێر، زەنگەسورە، دووپشك، سەگی ئاوی ، کەرە کیوی، جووتە وەشێن، گازی سەگ، کەللەی کەر، زەڕەی کەر، حەپەی سەگ ، کوندە بەبۆ، قیرەی قەل، حاجی لەق لەق، چاوی مار، گەروی مار، دەمی گورگ، سەلکە گا، کەری ئاشەوان، ئەسپێی چەنگی گول، ئێستری چمووشە، بەرازی غەزریو، بزنی دێلێژە، پشیلەی کەللەخانە، تانجییەکەی ئەحمەدی عەزیز ئاغا، چاوی قرژاڵ، حوشتری ناو پەمۆ، ڕۆنی سەگ، سەگی گەڕ، سەگی برسی، سەگی پێ سوتاو، سەگی سەرملە، سەگی هەوشار، فیلە گێژە، کەری دێز،.....)

**٣ـ ڕوەك :** (گوڵە نێرگز، گوڵە باخ، لاولاو، دار گوێز، دارسنەوبەر، هەناری ترش، سێوە لاسورە، دەنکە هەنار، ترێ ئاویلکە، پەڕەی گوڵ....)

**٤ـ دیاردەی جوگرافی:** (زێی سیروان ، چیای سەفین ، سەرکانی، سەرچاوە....)

**٥ـ شوێن :** ( قەڵای هەولێر ، منارەی چولی ، شاری عۆجە ، شەربەی بەغدایە، دێگەڵە ، شێخەڵا ، گێمەدێ، دەروازەی ڕاپەڕین ....).

**٦ـ ئەندامەکانی مرۆڤ :** (تانەی چاو ، موی لوت ، گوێدرێژ ، پێ پان ، دەست درێژ، دەست کورت ، گاپیل ، تاك برۆ ، گوێ بەقولاغ ، لوت بەرز ، لوت پان ، سێ لچ ، دودڵ ، چوار پێ ، تاك باڵ، دەستی سەوز، دەستی ڕەش، ڕو زەرد، چاوسور، چاو زەرد ، ڕورەش....)

**٧ـ خواردن خواردنەوە :** (چێشتی مجێور ، چێشتی دوکابان ، ئاوی سارد ، دەمی مردوو . سەلکی سیر ، قونچکی پیاز، گۆشتەگا ، تەڕەماش ، تەڕەساس ، تڕخێنە ، ئاوی حەیات ، نانی بێ خوێ ، نانە جۆ ، کوچکەبەرد، کەسکاو، سلقاو، نۆکاو، ماستاو، پیازاو، گەنمەکوتا.....)

**٨ ـ کات :** (بەرە بەیان، ڕۆژی روناك، ئەنگوستە چاو، شەوەزەنگ، شەوی یەڵدا، شەوی دەیجور، هەزار ساڵ، سەد ساڵ، حەوت ساڵ، دە ساڵ.....)

( ئـەم نمونەیـە تارێژەیـەك زۆر تیۆرییـە. لـە كـاری وەرگێڕانـی ڕاسـتەقینە دا، هـەر یـەكێك ژینگەیەك یا دەوروبەرێك و نەخشەیەكی هەیە (بۆ نمونـە: ئەنجامـدانی وەرگێـڕان لـە دادگـا دا بـۆ یارمەتیـدانی داوایـەكی زەوی و زار دا) و دەبێـت كێـشەكان لـە دەوروبـەری قـسەكردن دا چارەسەر بكرێن.

به گشتی ڕون نیە كە ئێمە ڕێگایەكمان هەبێ بۆ جیاكردنەوە واتا لە داڕشتنی وشـە. ئەگـەر بگەڕێنەوە دواوە بۆ خوازەیی كلاسیكی سۆیسر، ئامـاژەی بـە زمـان داوە وەك پارچـە كاغـەزێك وایە لە گەڵ ' بیر' دا ( یـا بیرۆكـە یـاخود واتـا) لـە لایـەك و دەربڕینەكەشـی (فـۆڕم یـا وشـەی ڕاستەقینە) لـە لایـەكی تـرەوە . ناتوانرێـت هـیچ بەشـێك لـە بەشـەكەی تـر جیابكرێتـەوە .... وەرگێڕەكان لە ڕاستی دا چی دەكەن كاتێك واتای دەقێك 'دەدۆزنەوە' یـا 'شـی دەكەنـەوە' كـە داڕشـتنەوەی سـەر لـە نـوێ دەق دەگرێتـەخۆی لـە خـودی زمانـە پەیوەنـدارەكان دا زیـاتر لـە بیركردنەوە لە واتا ڕاستەقینەكەی یاخود بنچینەیەكەی 'دەرەوەی' زمانەكان دا. بـەم شـێوەیە كاتێك وەرگێرەكان بیردەكەنەوە كە دەقـەكان واتـای ڕاسـتەقینەی چیە یـاخود لـە دوای وشـەی ڕاست دەگەرێن بۆ وەرگێرانەكەیان، وشەیەكی زۆر واتای هاوشێوە یـا دژیـەك ڕیزبەنـد دەكـەن، لەوانەیە فرێزەكان زیاتر واتا فراوان بكەن یا لەوانەیـە وشـەكان واتاكـە چـڕبكەنەوە، لەهـەردو زمانی دەقەكـە لـە پێـشەوەیان و لـەو زمانـەوەی كـە وەریـدەگێڕین. ئـەوان چـی ئـەنجام نـادەن، ئەوەندەی یا بەرێژەیەك كە بتوانین لـە پرۆسـەكە تێبگـەین، ئەوەیـە كـە بەشـداری بكـەین لـە هەندێ جۆر بیركردنەوەی تیۆری كە سەربەخۆیە لە هەردوو زمان دا. ... وەرگێڕ هۆشـیارە لـە ژینگە، دەچێتە ناو ئەو هەڵبژاردنانە لە هەردو زمان دا و بیر دەكاتەوە چ جـۆرە هاوسـەنگیەك ئەنجام بدرێت.) (Halliday:2007:90-91)

زمـانی كـوردی زۆر كاریگـەربووە بـە زمـانی عـەرەبی لەبـەر ئـەوە زۆر كـاری وەرگێڕانـی ئەنجامـدراوە لـە زمـانی عەرەبیـەوە ئەمـە پاڵنـەرێك بـووە بـۆ وەرگێـران هـەردەم بـەدوای هاوواتاكانیان بگەڕێن لە زمانی كوردی دا یـاخود بـۆی دابڕێـژن بـۆ نمونـە، هـەوەك لەخشتەی ژمارە (٧) دا دیارە:[٣٤]

(34) سود وەرگیراوە لە نامەی پەروین عثمان مصطفی عەللاف. ( ٢٠٠٨ )، واتا و وەرگێران لێكۆڵینەوەیەكی واتاسازییە، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان ـ زانكۆی كۆیە. ل:( ٧٩ـ ٨١ )

# بەشی سێیەم

# لێکدان و خستنە پاڵ

| ژ | زمانی عەرەبی | وەرگێڕانی پیتی بە کوردی | وەرگێڕانی واتایی بە کوردی |
|---|---|---|---|
| ١. | اخر عنقود | دواترین هێشو | پاشەبەرە |
| ٢. | خفیف الظل | سێبەری سوك | ئێسك سوك |
| ٣. | رایة البیضاء | بەیداغی سپی | ئالأی ئاشتی |
| ٤. | حمام دم | حەمامی خوێن | گۆمی خوێن ، دەریای خوێن |
| ٥. | البلد الامین | شاری دڵنیایی | شاری مەکە |
| ٦. | ابن اللیل | کوڕی شەو | کوڕی تەنگانە |
| ٧. | المدینة المنورة | شاری ڕوناك | شاری مەدینە |

**خشتەی ژمارە (٧)**

(کە بە جۆرێك واتا لە دارشتن جیا بکەینەوە . کەواتە چۆن دەتوانین واتا دەربڕین، جگە بە ڕێگەی خودی زمان خۆی؟ ئەم پێشنیازەی کە دەتوانین واتا هەڵێنجین یا جیابکەینەوە لە وشەکانی زمانێك و دواتر وشەکانی زمانێکی تر دا دایبڕێژینەوە، پرسیارێك دێنێتە پێشەوە کەواتاکەی لە کوێیە چۆن دەنوێنرێ و لە چ کاتێك دا، بۆ ئەوەی قسەی لە نێوان دو زمان پێبکرێت. لە هەندێك بار دا پشت دەبەسترێت بە جۆری ئەو دەقەی وەردەگێڕن لەگەڵ واتاکەی. وەرگێڕ دەتوانێ وێنەی شتەکان و هەڵوێستەکان بگرێت کە ئاماژەی پێ دەکەن، بەڵام لێرەش دا جێگەی گومانە جا چ بەم ڕێگایە ئەنجامی بدەن کە بە سەربەخۆی زمان بێت. ئایا بە ڕاستی جێی ستایشە بۆ وەرگێڕێك بە تەنیا بێت مەزندەی ... گڵۆپێکی شوشە یا سیستەمی دەنگ بەبێ بیرکردنەوە لە وەسفکردنیان لە زمان دا بکات؟

ئەو نمونانەی ڕونمان کردەوە کە جێگەی گومانن سەبارەت بە خوازەیی 'وەرگرتن' لەگەڵ 'گواستنەوە' یاخود 'دارشتنەوە' واتای هەمان ئەو قسەیەی نییە کە وەرگێڕان شتێکی ئەستەمە. وەرگێری خاوەن تاقیکردنەوە زۆر بە خێرایی بە کارامەیی کاردەکات لەگەڵ مادەی زمانەوانیەکە بەڵام خۆیان هەڵناخەڵەتێنن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو واتایەی کە لە دەقەوە دابڕێندراوە بکەن، و نە داواش دەکەن بۆ وەرگێران بە ڕێگایەك کە وەرگێرانەکەی لە بەرهەمی سیمانتیکی تەواوە و هاوتایە لەگەڵ دەقی بنچینەیی.

هەروەکو هاس ئاماژەی پێداوە: وەرگێڕ ...بە ئازادی ڕێکیدەخات. {وەرگێڕ} واتای سەیارە و جل وبەرگ ناگۆڕێ. {وەرگێڕ} خواردنەوە لە شوشەیەکەوە بۆ شوشەیەکی تر ناگوازێتەوە. زمان دەفرێك نیە، و هیچ شتێك بۆ گواستنەوەی نیە.) (Ibid:92)

## چەمكی لێكدان و خستنە پاڵ لە فەرهەنگ دا :

چـەمكی وشـەی لێكـدان لـە هەنـدێك فەرهەنگـە كوردییـەكان دا بـەم واتایانـەی خـوارەوە هاتوە:

- لێكدان: لە یەكتر دانی دووگیاندار. ئاوێتە و تێكەڵكردنی دوو شت بەیەک. گۆرینەوەی شت بەیەكتری لەگەڵ باقی دانەوەدا. (شێخ محەمەدی خاڵ:٢٠٠٥: ٤٣٧)
- لێكدان: د بەر هەڤدان، دوو یا چەند كەسێك لە یەكتر بدەن. (گیوی موكریانی:١٩٩٩: ٨٤)
- لێكدان: ١ ) تێكەڵ كردن، ٢) لە ئێكتر پەیوەنـدكردن، ٣) قوتـانی یـەك و دو، ٤) گۆرینـەوەی سەربەسـەر ف ١) امـیختن و بـە هـم زدن، ٢) بـە هـم پیونـدزدن، ٣) همـدیگر را زدن، ٤) سربەسر عوض كردن.(هەژار:١٣٦٩: ٧٨)
- (( [1]لێك دان: تێكەڵ كردن، ئاوێتە كردن

[2] لێك دان: لەیەكتر پەیوەند كردن، پێكەوە بەستن))(شەوكەتی مەلا ئیسماعیل:٢٠٠٩: ١٥٧٦)

بەلاٚم واتای وشەی خستنە پاڵ لە فەرهەنگ دا بەم واتایەی خوارەوە دێت:

- خستنە پاڵ: خستنەتەك، وەپاڵ خستن، وەپاڵ دانان (سەرچاوەی پێشو: ٨١٦)

هەم لـە ژیـانی ڕۆژانـە و هـەم وەك زاراوەیـەكی زانـستی ـ لـە زمـان دا ـ بـەكاردێت. بـەواتای شتێكی دیار یا جێگیر شتێكی هەمان چەشنی یاخود بە پێچەوانەوە: شاراوە یا بزێوی بـۆ زیـاد بكرێ یاخود نزیكی بخرێتەوە.

## ڕونكردنەوەی زاراوەی لێكدان و خستنە پاڵ لە زمانی كوردی دا :

زۆر لـە نوسـەران لەسـەر لێكـدان و خـستنەپاڵیان نوسـیوە بەشـێوەی سـەربەخۆ لـە ڕووی پێكهاتــە و كەرتەكانیــەوە، بــەلاٚم دەكــرێ چــەمكی ئــەم دو زاراوەیــە لــە زمــان دا فــراوان و گشتگیربكرێ، چونكە((كردەكانی وشەسازی و ڕستەسازی لـە هەڵكەوت و سروشـت دا هەریـەكن و بەسێ هەنگاو دا دەڕۆن: هەڵبژاردنی كەرەستەی بەجێ و لێكدانی كەرەسـتە هەڵبـژێراوەكان[ ڕیزكردن و ڕێكخستنیان بەپێی دەستور و یاسای زمانەكە] و تێبینی كردنی ئەو گۆرانانـەی لـە ئەنجامی ئەم لێكـدان و یەكگرتنـەدا دێنەكایـەوە))(محمد معروف، ١٩٨٩ : ڕ:١٢٤ :١٣٩). دەتـوانرێ ئەمـە بكرێتە بنەمایەك ئاستەكانی تری زمانیش بگرێتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. ئاستی فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی:

لێكدان لەم ئاستی دا بە واتای لێكدانی دو دەنگە ، و گۆڕانی بۆ تاكە دەنگێك. كە لەڕوی دركاندنەوە بە واتای گۆرینی دو دەنگ بۆ دەنگێكی نزیك یا لە نێوەندی دركاندنی هەردو دەنگەكە دا بێ. كە لە كاتی دركاندن دا دو دەنگەكە تێكەڵ بەیەكتری دەبن و لە شێوەی دەنگێكی نوێ یاخود هاوسێی هەردوكیان دەردەكەوێ (طالب حسين على:١٩٨٩:٧٠). كە زۆرجار ئەمە لە ناو زمانی نوسینیش دا بەرچاو دەكەوێ، وەك:

- بووەوە ← بۆوە
- ((كورسی+ ەكە ← كورسێكە
- ناردویەتی ← ناردووێتی
- خانووەكە ← خانۆكە)) (سەرچاوەی پێشو:١٩٨٩: ٧٠-٧١)
- تانجی ← تاژی

یا لەوانەیە بۆ دروست بوونی بڕگەكان بوترێت فۆنیمەكان لەیەكدەدەن(وریا عومەر ئەمین:٢٠٠٣: ١٨١). كە ئەم جۆرە پەیڕەوە خستنەپاڵ یەكتری فۆنیمەكانە بە مەبەستی بڕگە دروستكردن؛ بەڵام دەنگەكانی كە لە زمانێك دا هەن بۆ نمونە لە زمانی كوردی دا ئارەزومەند نینە لەو هاوسێیەتی كردنە، بەڵكو تاڕادەیەكی باش دەستنیشان كراوە كە چ دەنگێك دەبێتە هاوسێی چ دەنگێكی تر لە سنوری بڕگەكان دا (ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن:١٩٩١: ٥٧ -٧٠).

بە بڕوای نوسەرێكی وەك : (شێركۆ بابان) هەندێ لە بڕگەكانی زمانی كوردی لەبنەڕەت دا دو بڕگەی سادەنە و لێكیانداوە و تێكەڵ یەكتری بوونە و وەك یەك بڕگەی گران لە زمانەكە دا سەیردەكرێن(شێركۆ بابان:٢٠٠٥: ٥٢).

هەندێ جار تاكە بڕگەیەك وشەیەك دەنوێنێ؛ یا ئەوەتا دو بڕگە یا زیاتر لێكبدەن و وشە دروست بكەن جا چ وشەیەكی سادە بێ یا داڕێژاو یا لێكدراو(سەرچاوەی پێشوتر:١٩٩١ :٢٨). ئەمەش جۆرە خستنە پاڵێكی بڕگەكانە بۆ نواندنی وشەكانە لە زمان دا.

٢. ئاستی مۆرفۆلۆجی:

لەئاستی مۆرفۆلۆجیش دا - بەلایەنی كەم وشەی سادە مۆڕفیمێكە - هەندێك جار دو مۆڕفیم یا زیادتر لێكدەدەن بۆ دروستكردنی وشە نادەكان.

أ- **وشەی دارِێژراو:**

- نە + خۆش ←نەخۆش
- نا + خۆش+ ی ← ناخۆشی
- نا + خۆش ← ناخۆش
- خۆش + ی ← خۆشی

ب- **وشەی لێکدراو:**

- خۆش + باوەڕ ←خۆش باوەڕ
- خۆش + ئاو ←خۆشاو
- خۆش + ە + ویست ← خۆشەویست
- ڕو + خۆش ←ڕوخۆش

**کە دوشت تێبینی دەکرێ:**

a) یەکێکیان ئەوەیە کە هەندێك لەو لێکدانانە خستنەپاڵن یا کۆکردنەوەی مۆڕفیمن. واتاکەی کۆی واتای کەرتەکانیەتی و بەزیادبونی هەر مۆڕفیمێك بۆ وشەکە واتایەکی زیادتر دەبەخشێت. بەم جۆرە:

ژمارەی مۆڕفیمەکان = ژمارەی واتاکان

b) دوەمیان ئەو لێکدانەی ڕژاونەتە یەکتریەوە یا تێکەڵ بەیەکتری بوونە لە ڕوی واتاکاوە. کە تاڕادەیەك واتایەکی پەیوەندی دار یا دوریان دروست کردوە.

٣. **ئاستی سینتاکسی:**

- **فرێز : زۆر جار دەستەواژە یاخود گرێشی پێدەوترێ.**

**لە فرێزیش دا بە تایبەتی لەو فرێزانەی کە لە دو کەرت یا زیادتر پێکدێن کەرتەکانی خراونەتە پاڵ یەکترییەوە لە ڕوی پێکهاتە و واتاوە یاخود تەنیا لە ڕوی واتاوە لێکیانداوە و واتایەکی تاڕادەیەك پەیوەندی دار یا دوری هەیە بە پێکهاتەکەوە. بەواتایەکی تر:**

أ- **کەرت و واتاکانی فرێزەکە دیارە و نەڕژاونەتە ناویەکتریەوە، واتاکەی لە کۆی واتای کەرتەکانیەوەیە هاتوە، ئەوانە فرێزی خستنەپاڵن. وەك:**

- قاسپەی کەو
- خانوەکەی ئەوان
- ژیانی ئێمە
- چەند ڕۆژێك
- دو جار

ب- کەرتەکانی دیارن بەڵام واتاکانی ڕژاونەتە یەکتریەوە یاخود واتایەکی پەیوەندی دار یا دوری هەیە. بەتایبەتی لەم جۆرە فرێزانەی ( ئیدیۆم یا خوازە.......) ن وەك:

- ((ئاگری بن کا
- بزنی دێلێژە
- مەڕی پێغەمبەر)) (شیلان عومەر حسەین:٢٠٠٧: ٨٤- ٨٩)
- ئاو و گڵ
- گوڵی مەجلیس

- ڕستە : لە ڕستەش دا بەهەمان شێوەیە.
- کەرستەکانی لێکیان داوە ڕستەیان دروست کردوە، بە واتایەکی تر وشەکان یا فرێزەکان خراوەنەتە پاڵ یەکتریەوە و واتای ڕستەکەیان پێکهێناوە وەك لە زۆربەی ڕستەکانی زمانی نوسین و قسەکردن دا بەم شێوەیەن.
  - گلێنە کەلوپەلەکانی گەڕاندەوە.
  - سانا لە باغەکەیان دا کۆمەڵە نەمامێکی جوانی بۆ هێنام.
- کەرستەکانی ناو ڕستەکە ڕژاوەنەتە یەکتریەوە بەتایبەتی لەڕووی واتاوە یا واتایەکی پەیوەندیدار و نزیك یاخود واتایەکی دور دەبەخشن وەك لە ڕستەی (ئیدیۆمی، پەند، .... )

- ((ئاوی پێی داهات.
- کلك وگوێی کرد.
- باڵی گرت.))(سەرچاوەی پێشو:٢٠٠٧: ٧٤- ٧٥)
- ددانی نییە.
- دەستی بڕی.

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی لە زمان دا ڕێبازی خستنەپاڵ هەیە کە ڕێچکەیەکی ئاسایی و باوە بۆ دروست کردنی پێکهاتە زمانیەکان، تیایدا بون و هەڵکەوتی کەرستە زمانیەکان پارێزراو دەبێ و بەرهەمەکەشی زانراوە یا چاوەڕوان کراوە، بەلاَم لە لێکدان دا پێکهاتە زمانیەکان بە تەواوی یا تاڕادەیەك گۆڕاون لەڕوی بون و هەڵکەوتەوە یاخود دور کەوتونەتەوە لە پێکهاتە یا واتاکانیان.

هەرچەندە ئەم دو ڕێبازە جیاوازن هەروەك ئاماژەمان پێکرد؛ لەگەڵ ئەوەش دا لەناو لێکسیکۆلۆجی دا یا لە ڕوی خستنەڕوی یەکەکانیانەوە لە ناو فەرهەنگ دا بە گشتی وەك یەك مامەڵەیان لەگەڵ دا دەکرێ بەتایبەتی لەڕوی واتاوە، بەلاَم لە هەڵکەوتی فۆڕمەکانیانەوە لێك جیادەبنەوە.چ لە ئاستی دەنگ و چ لە ئاستی ڕێزمانەوە ـمورفۆلۆجی و سینتاکس ـ ئەگینا زۆر نزیك دەبنەوە بە ڕادەیەك کە هەندێك لە نوسەران[٣٥] وای بۆدەچن کە بەشێك لە وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردی پەیوەندی نێوانیان دیارخەر و دیارخراوە کە بەقۆناغێك یا دو قۆناغ گۆڕاون بۆ وشەی لێکدراو و ئامرازی پەیوەندی (ی) نێوانیان گۆڕاوە بۆ (ە) یا لەقۆناغێکی تر دا نەماون. وەك:

- گوڵی باخ ⟵ گوڵەباخ
- داری گوێز ⟵ دارەگوێز ⟵ دارگوێز

## لێکدان و لێکدراو:

لێکدان و لێکدراو دو چەمکی جیاوازن، لێکدان: یەکێکە لە ڕێگەکانی وشە و زاراوە دروستکردن لە زمانی کوردی دا، وەك: ڕێگەی ( داڕشتن، لێکدان، وەرگرتن، خوازە، وەرگێڕان.....) و چەند ڕێگەیەکی تر کە کەمتر بەرهەمدارترن لە زمانی کوردی دا.بەلاَم ئێستاکە تەنانەت لە زمانێکی وەك ئینگلیزیش دا ڕێگەی لێکدان بەرهەمدارترە لە بەرامبەر ڕێگەکانی تردا؛ بۆ دروستکردنی وشە و زاراوەی نوێ لە بەر ئاسانی داڕشتنی و ڕونی لە گەیاندنی چەمکەکان دا.

(35 ) لەوانە محمد معروف فەتاح، کەوسەر گەلاَلی،....هتد

وشەی لێکدراو بەهۆی ڕێبازی لێکدانەوە دروستبووە و دروست دەکرێ، کە لە سەرەتای دروست بونی دا واتاکەی لە کەرتەکانی فۆڕمەکەیەوە وەردەگیرێ. دواتر بە تێپەڕبونی کات و شوێن و کۆمەڵگاکان....لەوانەیە گۆڕان بەسەر فۆڕم و واتاکەی دا بێت.

لەم تەوەرەیەدا چەند پێناسەیەکی ڕێبازی لێکدان و وشەی لێکدراو دەخەینە ڕو:

- لێکدان : یەکگرتنی دو وشەی واتادار یان زیادتر، وەك وشەیەکی خاوەن واتایەکی سەربەخۆ ( کامل حسن البصیر:١٩٧٩ :٦٢).
- لێکدان : وشەی لێکدراو هەموو کاتێك دروست دەبێ لە دو وشەی سەربەخۆ کە یەکیان گرتوە، بۆ دروست کردنی وشەیەکی نوێ(کمال بشر:؟:ط١٢: ١٦٠).
- لێکدان: دروستکردنی وشەیەکە بە لێکدانی دو وشە. مەرج نییە واتای وشە تازەکە بە واتای دو وشە بنچینەیی یەکە یەکسان بێت. نموونە: تەختە ڕەش، بارەبەر.(کەمال میراودەلی:٢٠٠٧: ١٥١ )
- لێکدان :ئەم جۆرە لە لێکدان لە چەند فۆڕمێك پێکهاتوە، کە واتاکانیان لە واتای وشەکەوە وەرناگیرێت و بەسێ شێوە دێنە بەرچاو: (ئیدیەم، وشەی لێکدراو و گرێ، وشەی ئاڵۆز [دارێژراو])(عەبدولواحید موشیردزەیی:٢٠٠٥: ٤١، ٤٢)
- گلوکاریی: شێوەیەکی دروستکردنی وشەیە لە زمانی کوردیدا. گلووکردن واتای پێکەوەلکاندنی ( واتا ) یەك لە دوای یەك، بە بێ ئەوەی شێوەکەیان بگۆڕێ. بەواتایەکی تر گلوکردن بریتییە لە دروستکردنی وشەی تازە لە پێکەوەلکاندنی دو مۆرفیم یان زیادتر بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانێك لە شێوەی مۆرفیمەکان دا دروست ببێ، وەك: مناڵبەخێوکردن (سەرچاوەی پێشوتر: ١٢٠)

لەم پێناسانەی سەرەوە دا دەگەینە ئەو بڕوایەی کە لێکدان:

بەو ڕێگەیە دەوترێ کە بەلایەنی کەم دو وشەی سادەی واتادار یاخود دو مۆڕفیمی سەربەخۆ لێکدەدات، بۆ دروستکردنی وشەی نوێ، ئینجا یا ئەوەتا واتای وشە نوێیەکە پەیوەندی بە واتای وشە پێکهێنەرەکانیەوە هەیە، یاخود نیەتی.

هەروەها (لەزاراوەسازیدا، ڕێبازی لێکدان، وەکو یەکێك لە ڕێبازە هەرە باوەکانی دانان و سازکردنی زاراوەی کوردی بگرنەبەر بەو پێودانگە، زاراوەی لێکدراوی پێویست دابهێنن(کامل حسن البصیر:١٩٧٩ :٦٢)

بونی وشەی لێکدراو یەکێکە لە تایبەتیەکانی زمانی کوردی کە ((زمانەکەمان وەك زۆربەی زمانە ئاریەکان ، لێکدراوی زۆر تێدایە لە هەموو جۆرە وتە وە زاراوەدا )) (ئەحمەد حسن : ٣٢)

♦ وشـەی لێکـدراو : بـەو وشـانە دەوترێـت کـە لـە دوو وشـەی سـەربەخۆ یـان زیـاتر پێـك دێن(نەریمان عەبدوللاخۆشناو:٢٠٠٩ :١٨ ).

♦وشـەی لێکـدراو : ئـەو وشـەیەیە بـەلای کەمـەوە لـە دوو وشـەی واتـادار پێـك دێـت. وەك (گوڵەگەنم) (عەبدولواحید موشیردزەیی:٢٠٠٥: ٤٢)

♦وشەی لێکدراو: بەهۆی خستنەپاڵی وشەکان لەتەك یەکتریەوە وشەی لێکدراو دروست دەبێ جۆرەکانی وشەی لێکدراو تاڕادەیەك سنوردار نینە (ویکتوریا فرامکلین..:١٣٨٠ :١٩٢)

♦ وشەی لێکدراو :"لە دوو مۆرفیمی سەربەخۆ پێکدێ"(سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو:٢٠٠٩ :٤٠).

♦ وشەی لێکدراو: ئەو وشە ناسادەیە، کە لە دو مۆرفیمی سادەی واتـادار یـان پـتر پێـك دێـت و واتایەکی نوێ دەگەیەنێت، وەك: چاوکاڵ، بـەردە نوێـژ ، خـاڵ لـە ڕوو....(ڕۆژان نـوری عەبـدوللا:٢٠٠٦: ١٥٦)

کەواتـە وشـەی لێکـدراو: ئـەو وشـەیەیە کـە بەلایـەنی کـەم لـە دو وشـەی واتـادار یـاخود دو مۆرفیمی سەربەخۆ یا زیادتر پێکدێت. بەهەمان شێوە واتای وشـە نوێیەکـە یا پەیوەنـدی بـە واتای وشە پێکهێنەرەکانیەوە هەیە، یاخود نیەتی.

کەواتـە جیـاوازی نێـوان لێکـدان و وشـەی لێکـدراو لـەوە دایـە: زاراوەی لێکـدان زاراوەیـەکی تاڕادەیەك گشتییە دەکرێ لە هەمو ئاستەکانی زمان دا بەکاربێت؛ بەلام زیـادتر بـە ڕێبـازێکی ئاستی وشەسازی دادەنرێ؛ بەلام وشەی لێکدراو زاراوەیەکە کەواتای جۆرێك لە جۆرەکانی وشـە دەگەیەنێ تەنیا لە ئاستی وشەسازی بەکاردێت.

لـەزمانی کـوردی دا بـەزۆری وشـە لێکـدراو دو وشـەی سـادەیە؛ بـەلام لـە دو وشـەی سـادە زیادتریش هەیە. باوترین لێکدانی وشـەکان بـەزۆری دو وشـەی سادەیە، جاری وا دەبێ لـە دو وشە زیادتر تێدەپەرێ، بەلام ڕێـژەی لێکـدان بـەهۆی دو وشـە زۆرتـرە. چ لـە زمـانی کـوردی یـا زمانی ( فارسی یا ئینگلیزی ) (ویکتوریا فرامکلین:١٣٨٠: ١٩٣)

((بـە تێپـەربوونی کـات وشـە لێکـدراوەکان دەبنـە سـادە ، بـەو واتایـەی ، کـە جیاکردنـەوەی بەشەکانی ئیتر ناتوانرێ بە ئاسانی ئەنجام بدرێ ، ئەم شتەبە دو شێوە خۆی دەنوێنێ :

١ـ هەندێ لە بەشەکانی ئێستا واتا دەدەن بەدەستەوە، یا ئێستا هەندێ وشەی تریان بەکارنایەن وەك : (بێهودە ، فەرهەنگ ، هەنگوین.... )

٢ـ هەنـدێ لە بەشـەکانی گـۆڕانی بەسـەرداهاتووە وەکـو:دوازدە، پـانزدە، ئـەمڕۆ، ئـەمـشەو..))[٣٦] (ایران کلباسی :١٣٨٠ : ٢٤)

(36 ) تێبینی : (ئەمڕۆ، ئەمشەو) لە بنەڕەت دا گرێنە، بەلام ئێستا وەك وشەی لێکدراو مامەڵەیان لەگەڵ دا دەکرێ.

هەر لە بەر ئەمەش بووە ئەم بڕوایە سەریهەڵداوە کە دەڵێ: (([وشە و]زاراوەی لێکدراو و داتاشراو و داڕێژراو هەرسێکیان لە بناغە دا یەکن و لە بەر تیشکی یەك بنەواشەدا ساز دەکرێن، ئەگەر جیاوازییەك لە نێوانیان دا بەدی بکرێت، ئەو جیاوازییە بەستراوەتەوە بە کاتی لەدایك بون و دانانی[وشە و]زاراوەکەوە: بە مانای ئەوەی[وشە و]زاراوەی لێکدراو لە قۆناغێکی تازەدا ساز دەکرێ ئەمجا دەماو دەم و پاشان لە قۆناغێکی دوایی کەوا دەبێ بە[وشە و] زاراوەیەکی داتاشراو لە پاش قۆناغێکی دیکە ڕەنگە ببێ بە زاراوەیەکی داڕێژراو. ))(کامل حسن البصیر:١٩٧٩: ٨٨) یا وەك وشەیەکی سادە سەیربکرێ.

## وشەی لێکدراو لەڕوی ڕۆنانەوە:

تا ئێستا لە لایەن چەندین لە ڕێزماننوسانی کورد چەند پۆلینێکی وشەی لێکدراو کراوە کە دیارترینیان ئەم پۆلینەی (محمد معروف فتاح)ە:

(١ - لێکدراوی بەستراو ( جووتە وشە یا لێکدراوی سەربەخۆی ): ئەو جۆرە لێکدراوەیە کە بەزۆری بە ئامرازی پەیوەندی ( و ) دەبەسترێت ، لە دو وشە پێك هاتووە وشەکان جێگۆرکێ ناکەن و لەیەکتر دوورناکەونەوە فراوان ناکرێت لە زمانی کوردی دا پەیوەندی نێوان کەرتەکانی یا هاوواتاییەو یا دژواتایی یا هۆ و ئەنجام یا بەش لە گشت یا دوبارە. وەکو ( شۆخ و شەنگ، سەرو ڕیش، سارد و سر، قاسپە قاسپ، قاپ و ماپ، شەو ڕۆژ، دەماودەم..... ).

٢- لێکدراوی ناسەربەخۆ: ئەو جۆرەلێکدراوەیە کە لە لێکدراوی بەستراو جیادەکرێتەوە یەکێك لە کەرتەکانی ( دیارخەر ) ە و دەگەرێتەوە بۆ کەرتەکەی تر کە ( دیارخراوە ) بەواتای ئەوەی دیارخراوە کە دەتوانێت جێگەی هەموو ڕۆنانەکە بگرێتەوە لە شێوەش دا لە لێکدراوی بەستراو جیادەبێتەوە دانانی ئامرازی لێکدان ( ە ) لە نێو هەردو کەرتەکەدا واتاکەی روون دەکاتەوە.( دار سێو، داری سێو )

ژنی پیر ← پیرەژن

پیازی تەر ← تەڕە پیاز

گوڵی سور ← گوڵی سور

٣- لێکدراوی کورت کراوە: ئەم جۆرە لێکدراوە کورت کراوەی گوزارەی کارێکی تێپەڕە یا تێنەپەڕە لە کوردی دا واتە لە کارێکی تێپەڕو بەرکارێك یا تەواوکەرێکەوە پێك دێت، وەك: (بەرگ دوورو، ڕۆژهەڵات، چێشت لێنەر).

٤- لێکـدراوی خاوەنـدی: ئـەو جـۆرە لێکدراوانـە واتـای پیتـی و خوازەیـان هەیـە واتـا خوازەکـەیان زاڵـە بەسـەر واتاکـەی تـردا. ئـەم لێکدراوانـە هـیچ شـتێکمان دەربـارەی واتـا گشتیەکەی لێکدراوەکە بۆ روون ناکاتەوە بە واتایەکی تر واتـای لێکدراوەکـە زۆر لێـی یـەوە دوورە لە ئـەنجامی کۆکردنـەوەی واتـای پارچـەکانیەوە وەرنـەگیراوە ئـەم جۆرە لێکدراوانـە ئیدیەمن. وەك : ( دڵپیس، دڵ رەق، دڵ تەر،مەرەگێژە)
بۆ نموونە : مەرە گێژە بەواتای مەری گێژنایەت بەڵکو بە واتای بێ دەسەڵات دێ. )(محمدمعروف، ١٩٨٩ :١٣٩)

هەروەها پۆلینێکی تری وشەی لێکدراو تەنیا بەسەردو جۆری دابەش کردوە:
١. (( لێکدراوی بێ سەر :ناوێکی لێکدراوە کە هیچ کام لەدوو رەگەزە لێکـدراوەکانی سـەر نـین . بـۆ نموونـە ( گیرفـانبڕ ) بریتـی نییـە لـە جۆرێـك لـە گیرفـان یـان جۆرێـك لـە بـڕین ، بـەڵکو نموونەی تر دەمپـیس ( ناوێکە بـۆ کەسـێك کـە جنێـو فـرۆش بـێ )، سەرسـەخت ، کەللـەڕەق، شێنە شاهۆ، بەرز فڕ.[٣٧] (کەمال میراودەلی:٢٠٠٧: ١٣٢ )
٢.لێکـدراوی سـەربەند :ئـەو نـاوە لێکدراوەیـە کـە سـەر ناوەکـەی ماناکـەی دەردەخـا .نموونـە : تەختەڕەش تەختەیەکە بە سەروشەی رەش دیـاریکراوە : تەختـەی رەش بـۆ لەسـەر نووسـین ، بالەفڕە ( فڕین ) سەرئێشە. )) (سەرچاوەی پێشو: ١٢٣ )
هەروەها دەکرێ سود لەم پۆلینانەش وەربگرین کە رێزماننوسانی تر بۆ زمانـەکانی خۆیـان ئەنجامییانداوە، وەك ئەوەی کە چـەندەها جۆرییـان لـەناو وشـەی لێکـدراو دا جییاکردوەتـەوە. وەك:
(لێکـدراوی تێکـەڵ، لێکـدراوی خـستنەپاڵی، لێکـدراوی ڕوداوی، لێکـدراوی تـەواو، لێکـدراوی ژمارەیی......هتد)(محمد التونجی:٢٠٠٣: ٤٠٦ ـ٤٠٨)
یاخود زمانەوانێکی وەك: (ایـران کلباسـی) لـە زمـانی فارسـی دا بـەم جـۆرە وشـەی لێکـدراو دابەش دەکات: (لێکدراوی بێکار و لێکدراوی کاری ) کە ئەم پۆلینکردنە لەمەو پـێش لـە لایـەن رێزماننوسانی کوردەوەش[٣٨] ئەنجامدراوە.
دواتـر لێکدراوی بێکار چـەند جـۆرێکی لێ جییـا دەکاتـەوە، وەك: (خـستنەپاڵی بـە ئـامراز ، خـستنەپاڵی بێ ئـامراز، بـە هـۆی وشـەی پێـشەنگ (ژمـارە، ئـامرازی پـرس....هتـد)، بـە هـۆی

(37) ئەم وشانە ئاوەڵناون نەك ناو: *گیرفانبڕ*، دەمپیس، سەرسەخت ، کەللەڕەق، شێنە شاهۆ، بەرز فڕ.
(38) وەك : کوردستان موکریانی،

فۆڕمەکانی کار، بە هۆی ئامرازی پەیوەندی، لێکدراوی وەك ڕستە، لێکدراوی نیمچە ڕستە، لێکدراوی بەستراو ، لێکدراوی دوبارەیی، لێکدراوی پاشکۆیی)

دەکرێ بە سود وەرگرتن لەم پۆلینانەی سەرەوە وشەی لێکدراو بەم شێوەیە پۆلینبکەیین:

١. **جوتە وشە:** کەچەند لقێکی لێدەبێتەوە لەوانە:

❖ **لێکدراوی بەستراو:** وەك: گەرم و گوڕ، دڵ لە دڵ، سەرتاسەر ،سەربەسەر، جۆراوجۆر.......هتد.

❖ **لێکدراوی دوبارەیی:** نم نم، تك تك، کەم کەم، پارچە پارچە...... هتد.

❖ **لێکدراوی پاشکۆیی:** گوڵ و موڵ، گێژ و وێژ، قاو وقیژ، شڕووڕ، پڕوپا...... هتد.

٢. **لێکدراوی ناسەربەخۆ (خستنە پاڵ) :**

○ **بە ئامراز:** (کێلە سپی، بەردەقارەمان، سی و دو، گوڵبەدەم، چاولەدەر، سەربەخۆ.....).

○ **بێ ئامراز:** (چواردە، دوهەزار، پێنج سەد، داربەڕو.......)

○ **بە هۆی وشەی پێشەنگ:** (چوارچرا، هەردەم....)

٣. **لێکدراوی تەواو:** ( هەزارپێ، کەڵەشێر، ئەسپەشینە، جلەشڕە....)[٣٩]

٤. **لێکدراوی کاری:**

▪ **لێکدراوی ڕوداوی:** (دوربین، خۆفرۆش، کەم دو....)

▪ **لێکدراوی گەردانی:** (دڵسوتاو، چاوبەستە....)

٥. **لێکدراوی رستەیی:**

● **لێکدراوی وەك ڕستە :** (زۆربڵێ، گوێ مەدێ...)

● **لێکدراوی نیمچە رستە :** (دەستخۆش، ڕۆژباش، شەوشاد...)

## تایبەتیەکانی وشەی لێکدراو :

١. (وشەی لێکدراو یا لە دو کەرت وەك:( دارخورما ) یا زیاتر پێك هاتوە وەك: ( سەرسام بوون، دەست نیشان کردن )

٢. لە وشەی لێکدراو وشەکان یا کەرتەکان جێگۆرکێ ناکەن. دڵ خواز :* خواز دڵ

(39 ) جلە شڕە: گەلآییەکە لە سەر ئاو پاندەبێتەوە.

کەرتەکان لەیەکتر دوورناکەونەوە و فراوان ناکرێن هۆیەکەی دەگرێتەوە بۆ ئەوەی هەموو کەرتەکان یەك هێزی سەرەکی وەردەگرن وەك ( تیر برژانگ، شل و مل، چاو کاڵ) کە دەکەوێتە سەردوا برگەی وشە لێکدراوەکە.

٣. هەندێ جار وشەی لێکدراو لەروی واتاوە ناوێزەن واتە کۆی واتای کەرتەکانی یەکسان نابێت لەگەڵ واتای واتای وشەلێکدراوەکە ، وەك لە ئیدیۆم دا: دەست بەسەر، سکسوتاو. وەك یەك وشە لە مێشکدا کۆدەبنەوە و گۆرانی واتایان بەسەردا دێت بەوەی واتاکانیان لە کۆی واتای کەرتەکانیانەوە نایەن و هەندێ جار پێشبینی ناکرێ ، وەك: پایزەبرا، کونەبا).

٤. هەندێکیان توانستی ناونانیان نەماوە. واتا کەرتەکانیان بەتایبەتی ئەو کەرتانەیان کەسەرە نین ناتوانن بگەرێنەوە بۆ شتەکانی دەوروبەر. وەك: قەلەم برِ) (کەوسەر گەلاڵی:٢٠٠٦ :٤٢ـ ٤٣)

## پێناسەی فرێز:

تا ئێستاکە چەندین ناو بۆ ئەم زاراوەیە دانراوە، چەندین پێناسەش لە لایەن رێزماننوسەکانەوە کراوە، لێرەدا هەندێك لەو چەمك و پێناسانە دەخرێتە رو:

- ((گرێ: بەو دانە سینتاکسییە دەگوترێ کە لە کەرەسەیەك یا لە کەرەسەیەکی زاڵ و هەموو ئەو کەرەسانەی کە راستەو خۆ یان ناراستەوخۆ بەندن پێوەی یان لە ژێر دەسەلاٌتیانن پێکدێ و لە رستە دا ئەرکێك دەبینێ.))(ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی:٢٠٠٦: ٧٢٥)
- ((گرێ : گرێ لە دیارخراوێك و دیارخەرێك یا چەند دیارخەرێك پێکدێ کە شوێنی وشە دەگرێتەوە لە رستەدا)) (عەبدولواحید موشیر دزەیی:٢٠٠٥: ٤٢)
- ((فرێز « بە وشەیەك یان زیاتر فرێز پێك دێت » ))(سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو:٢٠٠٩: ٩٤ )
- فرێز : بریتییە لە وشەیەك یان زنجیرە وشەیەك، کە وەك یەکەیەکی سینتاکسیی گۆکردنێکی سینتاکسیی هەبێت و لە جێکەوتەی تری رستەدا وەك ئەو یەکەیە بەکاربهێنرێتەوە. (عەبدولجەبارمستەفا مەعروف:٢٠٠٥: ٧)
- ( پێرێزە ( فرەیزە ) : بریتییە لە وشەیەك یان زیاتر کە بەیەکەوە یەکەیەکی رێزمانیی تاك دروست دەکەن. (کەمال میراودەلی:٢٠٠٧ : ٨٧)

کەواتە بەلایەنی کەم فرێز تاکە وشەیەکە کە دەتوانێ وشەی تر لەدەوری خۆیدا کۆبکاتەوە، بە ئەرکێك هەڵدەستێ لە رستەدا. هەر قسەکەرێکی زمان لە کاتی قسەکردن دا بەشێوەیەکی رەمەکی دەیان فرێز بەرهەم دێنێ، بەلاٌم هەندێك فرێز هەن کە بەمەبەست و بە پلان

ڕێکدەخرێت و لە دو وشە یا زیادتر پێکدێن، بە زۆری بە شێوەی خستنەپاڵ ، کە نوسەران و زاراوەسازانی تایبەتمەند بۆ مەبەستی زاراوە دروستکردن ئەمە دەکەن.

## جۆرەکانی فرێز:

ڕێزماننوسان تەنانەت لە جۆرەکانی فرێزیش دا جیاوازن لە دابەش کردنی دا. ((گرێ بەپێی جۆری کەرەسە زاڵەکە دەتوانرێ چەند جۆرێکی لێ دەست نیشان بکرێ بۆ نمونە، گرێی ناوی و گرێی کاری و گرێی ئاوەڵناوی و گرێی بەند.))(ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی:٢٠٠٦ :٧٥٧ )

لە زمانی کوردیدا پێنج جۆرە پێرێزە هەن : (کەمال میراودەلی:٢٠٠٧: ٨٧ )

١. (( پێرێزەی ناویی دەشێ وشەیەك یان زیاتر بێ و هەر قەبارە و پلەیەك وەربگرێ .لە دەوری ناویان راناو دروست دەبێ . واتە ناو یان راناو وەك سەروشەی رستەکە کاردەکەن .

٢. پێرێزەی کرداریی :بریتییە لە پێرێزەیەك کە کرداری تێدایە و هەموو بەشەکە دی جگە لە بکەر لەرووی رێزمانییەوە بەو کردارەوە بەستراوە .( واتە ستراکتووری پێرێزەکە هەمووی لە دەوری کردارەکە هەڵچنراوە . )

٣. پێرێزەی ئاوەڵناویی: پێرێزەیەکە لە دەوری ئاوەڵناو هەڵچنراوە . واتە ئاوەڵناوەکە دەبێتە سەر وشە.

٤. پێرێزەی ئاوەڵکرداری: پێرێزەیەکە لە دەوری ئاوەڵکردار هەڵچنراوە واتە ئاوەڵکردار تێییدا سەر وشەیە. )) (سەرچاوەی پێشو:٨٧-٨٩ )

٥. پێرێزەی خاوەنێتیی:

أ‌- (( خاوەنێتیی دابڕاو : ئەو جۆرە خاوەنێتییەیە کەتێیدا شتە بە خاوەن بووەکە دەکرێ لە خاوەنەکەی دابڕێ بۆ نموونە :نامەکانی ئازاد ، سەگەکەیان .نامەکە بەشێك نین لە ئازاد ، سەگەکە لە ئەوان .

ب‌- خاوەنێتیی دانەبڕاو: ئەو جۆرە خاوەنێتیەیە کە تێیدا شتە بە خاوەنبووەکە لە خاوەنەکەی جیا ناکرێتەوە وەك : چاوەکانم، ناوی ئازاد، مێژووی کوردستان، پاشە ڕۆژی کورد.)) (کەمال میراودەلی:٢٠٠٧: ١٢٢ )

هەروەها پۆلینێکی تری فرێز هەیە:

- ((فرێزی ناوی سادە. وەك: (ئازاد، شێر، ئێمە...)

- فرێزی ناوی خستنەپاڵ: (أ.خستنەپاڵی خاوەنداریی: ١.خستنەپاڵی خاوەنداریی ڕوت، ٢. خستنەپاڵی خاوەنداریی زگماکی ب. خستنەپاڵی تایبەتی). وەك: ( دەستی ئازاد، جریوەی چۆلەکە، شاری سلێمانی،.....)
- فرێزی دیارخەری:( کوڕە ئازاکە، هەمو پیاوەکان، دو براکە، هەندێك لە کوڕەکان .....)
- فرێزی ئاوەڵناوی:( ئازا، زیرەك، کوڕی زیرەك، کوڕێکی زیرەك....)
- فرێزی پێشناویی:( لە سلێمانی ، لە کوڕەکە، لە کوڕێکی زیرەك....) و فرێزی ئاوەڵکرداریی:( زو، درەنگ، پۆل پۆل، خێرا، پیاوانە)
- فرێزی کرداریی.( ئازادم بینی، من لە سەربان خەوتم.....)
- فرێزی خستنەتەکیەك.( ئازاد و نەوزاد، دەست و قاچ....)))(عەبدولجەبار مستەفا مەعروف:٢٠٠٥: ٨٠ - ٨٧)

کە ئەم پۆلینە لە زۆر لە پۆلینەکانی فرێز یاخود دەستەواژە وردتر و سەرکەوتوترە.

## جیاوازی نێوان وشەی لێکدراو و فرێز:

١- وشەی لێکدراو نیشانەکانی ناسیاوی نەناسیاوی کۆ دەچێتە کۆتایی و بەڵام لە فرێز دا دەتوانرێ نیشانەکان بکەوێتە نێوانیانەوە یا کۆتاییانەوە.

٢- کەرتەکانی وشە لێکدراو تاڕادەیەك سنوردارە دو تا سێ وشەیە بە پێچەوانەوە فرێز بێ سنورە دەتوانرێت درێژبکرێتەوە)

٣- لە فرێز دا دەتوانرێ بەئاسانی دەستکاری کەرتەکانی فرێزی بەستراو بکرێت واتە پاش و پێش بخرێت بێ ئەوەی واتای فرێزەکە تێك بچێت بە تایبەتی لەو جۆرانەی کە بە ئامرازی پەیوەندی (و) بەستراون [یا ئەوەتا تەنیا واتاکەی دەگۆڕێ بەتایبەتی لەو فرێزانەی بە ئامرازی ( ی ) پەیوەندی ئەگەر وشەکان ناوبن بارامی کورم: ★ کوری بارام یا دەشێوەێ وەك چاوی من :★ منی چاو، خۆشی ژیان :★ ژیانی خۆش، ژیانی نەوزاد:★ نەوزادی ژیان، بەڵام لە لێکدراودا جێ گۆڕینی کەرتەکانی بەئاسانی ئەنجام نادرێت. زۆر جاریش پاش و پێشخستنیان دەبێتە هۆی تێکدان و شێواندنی وشە لێکدراوەکە دارگوێز:★گوێزدار ]

٤- لەبەر ئەوەی کەرتەکانی وشەی لێکدراو پەیوەندی پتەویان بەیەکەوە هەیە، دەبن بەیەك لەرووی ڕێزمان و واتاوە ڕەفتاردەکەن کەرتی تر لەشێوەی وشەدا بێت یا رستە

ناچێتە نێوانیان وە لە یەکتری نایان ترازێنێ. بەڵام لەفرێز دا بەئاسانی لەیەکتر جیادەبنەوە.

٥- کەرتەکانی وشەی لێکدراو ئەگەر پێویستی بە فراوان کردن بێت بەهۆی دیارخەرەوە بە ئاسانی فراوان ناکرێت دیارخەرەکە بچێتە پێشی یا دوایی هەموو پێکهاتەکە، واتا هیچ دیارخەرێك ناتوانێ هەر بۆیەك بەش بگەرێتەوە هەرچی کەرتەکانی فرێزە بە ئاسانی تاکەتاکە فراوان دەکرێت بێ ئەوەی رێزمانی رستەکە بشێوێ.

٦- ئەو پەیوەندیە واتاییەی لە نێوان کەرتەکان وشە لێکدراودا هەیە پەیوەندیەکی سنورداره لە جۆرەکانی دیارخەرو دیارخراوی یا بکەر و کار یا بەرکارو کارە.

٧- هیچ لە کەرتە پێکهێنەرەکانی وشەی لێکدراو لانادرێت واتە هیچ کەرتێکیان بە تەنیا فرێ نادرێت بێ ئەوەی واتایان نەشێوێت.

٨- لەرووی فۆنۆلۆجیەوە وشەی لێکدراو یەك هێزی سەرەکی وەردەگرێ دەکەوێتە دوا برگەی بەهێزی دووەم کەرت. لە گرێ دا هەموو کەرتەکان هێزیان دەکەوێتە سەر بۆ نموونە ئەگەر هەموویان ناوبن یان یەکێکیان هێزی سەرەکی ئەوانی تریان لاوەکی پلەدو وەردەگرێ.

٩- بە شێوەیەکی گشتی لەڕوی ئامرازەوە جیاوازن زیادتر وشەی لێکدراو بەهۆی ئامرازی (ە) وە لێکدەدرێن، بەڵام فرێزەکان زیادتر بەهۆی ئامرازی (ی) دەخرێنە پاڵیەکترییەوە. هەروەها لە چەند ئامرازێکی وەك: (بە، لە، و...) هەروەها هەندێ جار هەردوکیان ئامرازی (ە) بەکاردێنن. (کەوسەرگەلاڵی: ٢٠٠٦ :٣٧-٤١)

## جیاکردنەوەی وشەی لێکدراو لە داڕێژراو دا :

کەرتەکانی وشەی لێکدراو هەروەك لە پێناسەکەی دا ڕونمان کردەوە. دو وشەی واتادارن یاخود دو مۆرفیمی سەربەخۆن کەواتە دەبێ ئەو وشانە بەسەربەخۆیی لەناو زمانەکەدا بەرچاو بکەون و بەکاربهێنرێن.

هەرچی وشەی داڕێژراوە بریتیە لەوشەیەکی واتادار یا مۆڕفێمێکی سەربەخۆ و پێشگر یاخود پاشگرێك یا مۆڕفیمێکی بەندی داڕشتن.

بەو واتایەی کە کەرتێکی وشەی داڕێژراو لە زمان دا بەسەربەخۆیی - مۆرفیمی سەربەخۆ - دەبینرێ و بەکاردێ ئێستا لە زمانەکەمان دا و کەرتەکەی تر بەسەربەخۆیی نابینرێ.

سەرەڕای ئەوەی ڕێزماننوسان ئەم پێناسەیان کردوە، بەڵام کاتێ دێینە سەر پێکهاتە و جۆرەکانی وشەی لێکدراو داڕێژراو بە شێوەیەکی کارەکی بەو جۆرە کارییان نەکردوە. پابەندی پێناسەکەی خۆیان نەبوون؛

ئەگەر بە پێی ئەو بڕوایەوە وشەی لێکدراو پێناسە بکەین. ئەوا زۆر وشەی وەك (بۆچوون، بەناز، نەخۆش، لەبار ) دەبێ بە وشەی لێکدراوی دابنێین. چونکە هەردوو کەرتەکە بەسەربەخۆیی لەناو زمان دا کار دەکەن:

بە پێ، بێ پێ، بێ ئەو، بە ئەو.....

مۆرفیمی نەرێی ، وەك: (نەخۆش، نەچو) هەرچەندە مۆرفیمی سەربەخۆن لەڕواڵەت دا کەچی مۆرفیمی بەندن لە ناوەڕۆك و واتا دا. لەبەر ئەمە ئەم وشانە بە لێکدراو دانانرێن و دەچنە پۆلی داڕێژراوەوە.

هەروەها ئەگەر بە پێی ئەو پێناسەیەش بێ کە دەڵێ: دو مۆرفیمی سەربەخۆ ئەوا دەبێ زۆر لەو وشانەی کە بەشێکیان لە گەردانەکانی کار پێك دێت بچنە ناو وشەی داڕێژراوەوە چونکە ڕەگ مۆرفیمێکی بەندە نەك سەربەخۆ، وەك : ( نانکەر، دارکەر، ناڵبەند، پێشگر، پاشگر، ئاوگێڕ..... ) لەبەر ئەوەی (کەر، بەند، گر، گێڕ.....) بەسەربەخۆیی لە زمان دا نابینرێن بۆیە هەندێ نوسەر ئەو وشانەی بە پاشگر داناوە (ڕۆژان نوری عەبدوللا:٢٠٠٦: ٢٤ ـ ٣٠).

بەڵام ئەمانە ڕەگی کارن نەك پاشگر؛ هەرچەندە ڕەگ مۆرفیمێکی بەندە کەچی لەڕوی واتاوە هەڵگری واتایەکی سەربەخۆیە یاخود بە بنکە و هەڵگری واتای کارەکان دادەنرێ و مۆرفیمەکانی تری کار لە دەوری ئەم بنکە یا چەقە دا دەخولێنەوە. (محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح رەشید قادر: ٢٠٠٦: ٢٩ )

کەواتە ڕەگ مامەڵەی پێشگر و پاشگری بۆ ناکرێ؛ بەڵکو ئەمیش هەروەك وشەیەکی سەربەخۆیە، لەڕوی شێوەوە بەندە و لەڕوی واتاوە سەربەخۆیە.

کەواتە دەتوانرێ بۆ ڕەگی کار بوترێ هەموو ئەو ڕەگانەی ئێستا لە زمان دا بەگەردانکراوی دەبینرێت یاخود کار دەکەن و چالاکن لەناو زمانەکەدا. ئەوانە کە لەناو ئەو وشانەدا دێنەوە ئەوا وشەی لێکدراون؛ بەڵام ئەو ڕەگانەی ئێستاکە لە زمانی کوردی دا وەك تاکە فۆڕمێك ماون و ڕەگی کار و ڕێژەکانی ئەو کارانە لە زمانی کوردی دا نەماون و ناچالاکن دەکرێ ئەوانە مامەڵەی پێشگر یا پاشگرییان لە گەڵ دا بکرێ.

## پۆلینکردنی لێکدان و خستنە پاڵ:

لەگەڵ ئەوەی تاوەکو ئێستا چەندین هەوڵی جیاجیا دراوە بۆ پۆلینکردنی ئەم دو پێکهاتە زمانییە، بەلاّم دەکرێ لێرەدا بە شێوەیەکی سادە و کورت پۆلینێکی گشتگیر بخەینەڕو:

جۆرێك لەم پێکهاتانە لە زمان دا تەنیا لە ڕوی فۆڕمەوە لە یەکتری جیاوازن، واتە لە ڕوی پێکهاتەی سینتاکسیان لەڕوی واتاوەش واتاکەیان لە واتای کەرتەکانەوە بەدی دەکرێت. دەکرێت ئەم جۆرە ناوبرێن بە لێکدراوی وشەیی یا سینتاکسی یا پێکهاتەیی ، هەروەها بۆخستنەپاڵیش بەهەمان شێوە:خستنەپاڵی وشەیی یا سینتاکسی یا پێکهاتەیی.

هەروەها جۆرێکی تر لەم پێکهاتانە لە زمان دا تەنیا لە ڕوی واتاوە لە یەکتری جیاوازن، واتا لە ڕوی پێکهاتەی واتاییان، مەبەست ئەوەیە لەروی واتاوە واتاکەیان لە واتای کەرتەکانەوە بەدی ناکرێت. دەکرێت ئەم جۆرە ناوبرێن بە لێکدراوی واتایی یا سیمانتیکسی یا ئیدیۆمی، هەروەها بەهەمان شێوە بۆخستنەپاڵیش ئەمە ڕاستە.

# ئەنجامەکان

# ئەنجامەکان:

ئەنجامە گرنگەکانی نامەکە لەم خاڵانەدا خراوانەتەڕوو:

١. فەرهەنگی کوردی بەسێ قۆناغدا تێپەڕیوە قۆناغی شیعر، قۆناغی فەرهەنگۆك یان نامیلکە، قۆناغی فەرهەنگ. جا لەبەر ئەمە لەسەرەتاوە زیادتر بایەخ بە وشە سادەکان دراوە و واتاکانیشیان بە سادەیی لێیکۆڵدراوەتەوە. وشە لێکدراوەکانیش دواتر بایەخیان پێدراوە چ لە ڕوی ڕونکردنەوەی واتاکانیان یاخود داڕشتنە نوێیەکانیان ، هەرچی ئەو وشانەی کە بە ڕێگەی خستنەپاڵەوە دروست بوون، زیادتر لە قۆناغی فەرهەنگۆکەکانەوە بایەخیان پێدراوە.

٢. لەزمانی کوردی دا بەگشتی فەرهەنگەکان لەڕوی چۆنیەتی زانیاری و واتا پێدانی وشە لێکدراو و خستنەپاڵەکان سێ جۆرن:

أ- تەنیا واتای وشەکە دراوە یا هاواتاکەی چ بە زمانی کوردی یا بیانی .

ب- تەنیا چەند واتایەکی نزیك یا دوری وشەکان دراوە.

ت- هەم هاوواتاو واتا نزیك و دورەکان و وە دورخستنی واتاکەی بەبەکارهێنانی دەقی زمانی یا هەندێ جار رونکردنەوەی ئەو دەوربەری کەتیادا بەکاردێت.

٣- هەرچەندە لەزمانی کوردی دا دو تاکە فەرهەنگ پابەندی ڕێبازی لێکسیکۆلۆجی بوونە کە ئەوانیش هی عەبدوڕەحمان زەبیحی و عەلی نانەوازادە کە جگە لەو وشەی سادە و دارژاو لێکدراو فرێزو رستەی ئیدۆمی یا واتاییان وەك یەکەی فەرهەنگی خستوویانەتە ناو فەرهەنگە و واتاکانیان لێکداوەتەوە.

٤- بە زۆری فەرهەنگی کوردی هەژارە لەزانیاری لەسەر جۆری ئەو وشانەی کە بە ڕێبازی لێکدان و خستنەپاڵەوە دروستکراون.

٥- لە کاتی زاروە دروست کردن دا بەهۆی ڕێبازی لێکدان و خستنەپاڵەوە زۆر لەو هەولانە سەرکەوتو نەبون. بەتایبەتی چ لە ڕوی داڕشتنەوە یاخود گەیاندنی چەمکەوە.

٦- ڕێگەی لێکدان و خستنەپاڵ خەریکە دەبنە دو ڕێگەی باو و چالاك و بەرهەمداری وشە و زاراوەی زمانی کوردی بەتایبەتی لە دو لایەنەوە هەستی پێدەکرێ :

أ- لەو وشە و زاراوانەی کە بەم دو ڕێگەیە داڕێژراون ، بەتایبەتی لەو فەرهەنگ و فەرهەنگۆکە زاراوەییانەی کە لەمەوبەر و بلاوکراونەتەوە یا بلاودەکرێنەوە ئەمە بەدی دەکرێ.

ب- لەو وشە و زاراوانەی خەڵکی ڕەمەکی دروستیان دەکەن و لە گفتوگۆکانیان دا بەکاریاندەهێنن لە ژیانی ڕۆژانەیان دا.

ئەم دو ڕێگەیە لە زمانی کوردی دا ئێستاکە خەریکە هاوشان دەبن و وەك یەك بۆ وشە و زاراوەی نوێ و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەکەمان بەکاردێن.

٧- جیاکردنەوەی وشەی لێکدراو لە داڕێژراو دا. بە لە بەرچاوگرتنی فۆڕم و واتا. لە لایەنی زانستییەوە - لێکسیکۆلۆژی - لە هەندێ ڕووەوە بایەخ دراوە - جگە لە وشە سادە و داڕێژراوەکان - بەو وشانەی کە بە هۆی ڕێبازی لێکدان و خستنەپاڵەوە دروست بوون. بەڵام لە هەندێ لایەنی تر کەم و کوڕی هەیە.

٨- دەرکەوتنی چەند هاوبەشی و جیاوازەیەکی ڕێبازی لێکدان خستنە پاڵ لە زمانی کوردی دا لەگەڵ لایەن هاوبەشەکانیان و پۆلینکردنیان بەپێی فۆڕم و واتا.

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

**کوردی:**


١. ئەحمەد حەسەن. (١٩٧٥)، پێشگر و پاشگر ، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم. چاپخانەی کۆری زانیاری کورد. بەغدا.

٢. ________. ( ١٩٧٤) لێکسیکۆلۆژی زمانی کوردی – بەشی یەکەم گۆڤاری کۆری زانیاری کورد. بەرگی دوهەم، بەشی دوهەم، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد. بەغدا.

٣. ________. (١٩٧٥)، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٤. ________.(١٩٧٥) لێکسیکۆلۆژی زمانی کوردی – بەشی دووەم گۆڤاری کۆری زانیاری کورد. بەرگی سێیەم بەشی دووەم. چاپخانەی کۆری زانیاری کورد . بەغدا.

٥. ________. ( ١٩٨٧ )، لە بواری فەرهەنگ نووسیی کوردیدا، مطبعة الرومان، بغداد.

٦. ________.(٢٠٠٤)، فەرهەنگی زاراوەی زماننانسی، کوردی –عەرەبی – ئینگلیزی ، لەگەڵ دوو پاشکۆ، سلێمانی.

٧. بەکر عومەر عەلی. ( ٢٠٠٠ )، میتافۆر لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان زانکۆی سلێمانی.

٨. پەروین عثمان مصطفی عەللاف. ( ٢٠٠٨ )، واتا و وەرگێران لێکۆڵینەوەیەکی واتاسازییە، نامەی ماستر، کۆلێژی زمان ـ زانکۆی کۆیە.

٩. طالب حسین علی. ( ١٩٨٩ )، فۆنۆلۆجی کوردی و دیاردەی ئاسان بوونی فۆنیمەکان لەزاری سلێمانیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین هەولێر.

١٠. ________. (٢٠٠١)، چەند تێبینییەك دەربارەی فەرهەنگی کوردی، نوسەری نوێ، ژ: ١٩ ، چاپخانەی وەزارەتی رۆشەنبیری، هەولێر.

١١. جەلال مەحمود علی. (٢٠٠١)، فەرهەنگسازی، نوسەری نوێ، ژ:١٩ ، چاپخانەی وەزارەتی رۆشەنبیری، هەولێر.

١٢. جەمال رەشید. (٢٠٠١)، قامووس، نوسەری نوێ، ژ:١٩ چاپخانەی وەزارەتی رۆشەنبیری، هەولێر.

١٣. جەمال نەبەز. (٢٠٠١)، بە بۆنەی سیمناری قاموسی کوردی یەوە لە هەولێر، نوسەری نویٚ، ژ:١٩ چاپخانەی وەزارەتی رۆشەنبیری، هەولێر.
١٤. حەمە سالح فەرهادی. (٢٠٠١)، دوو فەرهەنگی تایبەت بە بواری کشتوکاڵ (لێکۆڵینەوە وبەراورد کردن، نوسەری نویٚ، ژ:١٩، چاپخانەی وەزارەتی رۆشەنبیری، هەولێر.
١٥. حوسێن محەمەد عەزیز. ( ٢٠٠٥ )، سەلیقەی زمانەوانیی و گرفتەکانی زمانی کوردیی ( کۆڵینەوە و ڕەخنە )، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
١٦. ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن. ( ١٩٩١ )، بڕگەو ئاسان بوونی بڕگە لە کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
١٧. ________. (١٩٩٨)، پەیڕەوی فۆنیمە ناکەرتی یەکان لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە ـ ئیبن روشد . زانکۆی بەغداد.
١٨. ڕۆژان نووری عەبدوڵڵا. ( ٢٠٠٦ )، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازیی کوردی، نامەی ماجستێر، کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی کۆیە.
١٩. ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی ، تالیب حسین علی. ( ٢٠٠٦ )، گریٚ و جۆرەکانی گریٚ لە زمانی کوردی دا. الأستاذ العدد ٥٦ کلیە التربیە ـ ابن رشد. بغداد.
٢٠. سەلام ناخۆش ، نەریمان خۆشناو. ( ٢٠٠٩ )، زمانەوانی، بەرگەکانی(یەکەم، دووەم، سێیەم)، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
٢١. شیلان عومەر حسەین. ( ٢٠٠٧ )، ئیدیۆم و چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردییدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٢٢. شێرکۆ بابان. ( ٢٠٠٥ )، دەنگسازی و بڕگە سازی لەڕێزمانی کوردی دا چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٢٣. ________.( ٢٠٠٨ )، زمانی نووسینی ڕێزماندار، چاپی یەکەم، بلاٌوکراوەی ئاراس، هەولێر.
٢٤. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف. ( ٢٠٠٥ )، دروستەی فریٚز لە زمانی کوردییدا نامەی ماجستێر کۆلێژی زمان زانکۆی سلێمانی.
٢٥. عەبدولواحید موشیر دەزیی. ( ٢٠٠٥)، ڕەهەندی دەرونی لە بواری ڕاگەیاندا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
٢٦. فازیل نیزامەدین. ( ٢٠٠١ )، سیمینارێکی ئەکادیمی سەبارەت بە فەرهەنگی کوردی ، نوسەری نویٚ ژ ١٩، چاپخانەی وەزارەتی رۆشەنبیری، هەولێر.

٢٧. فەتاحی کاویان. ( ٢٠٠١ )، کورتەی ئەو شتانەی کە پێم وابووە دەکرێ جێگای سەرنج بن ، نوسەری نوێ ژ ١٩ ، چاپخانەی وەزارەتی رۆشەنبیری، هەولێر.
٢٨. کامل حسن البصیر. ( ١٩٧٩ )، زاراوەی کوردی لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.
٢٩. کەوسەر گەلاڵی. ( ٢٠٠٦ )، جووتە وشە لێکدراو لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
٣٠. کوردستان موکریانی. ( ٢٠٠٨)، سەردەمانی زمانی کوردی و کۆمەڵە زمانانی ئێرانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.
٣١. لیژنەی گۆڤار .(١٩٧٣)، زاراوەی کارگێڕی. بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد. بەغدا.
٣٢. لیژنەی گۆڤار .(١٩٧٦).زاراوە زانستییەکان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد. بەرگی چوارەم. چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد . بەغدا.
٣٣. مەسعود محەمەد. ( ١٩٨٨ )، زاراوەسازی پێوانە، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریەتی گشتی و رۆشنبیری و لاوان و ناوچەی کوردستان، هەولێر.
٣٤. محەمەد مەحوی. ( ٢٠٠١ )، وشەنامە و فەرهەنگ ،نوسەری نوێ ژ ١٩ ، چاپخانەی وەزارەتی رۆشەنبیری، هەولێر.
٣٥. محمەد مەعروف فەتاح. ( ١٩٨٥ )، شێوازی ئاخاوتن لە ناو ئافرەتی سلێمانیدا، گۆڤاری رۆشەنبیری نوێ ژ ( ١٠٧ ).
٣٦. ________. ( ١٩٨٩ )، وشەی لێکدراوی بەستراو لە کوردی دا، گۆڤاری رۆشەنبیری نوێ ژ ( ١٢٤ ).
٣٧. ________. ( ١٩٩٠)، زمانەوانی، چاپکردن و بڵاوکراوی وەزارەتی راگەیاندن، هەولێر.
٣٨. ________. (٢٠٠١) ، زمانەوانی و فەرهەنگسازی و دەوڵەمەندکردنی دەروازە فەرهەنگییەکان ، نوسەری نوێ، ژ:١٩ ،چاپخانەی وەزارەتی رۆشەنبیری، هەولێر.
٣٩. ________. سەباح رەشید قادر. ( ٢٠٠٦) چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، چاپخانەی روون، هەولێر.
٤٠. نەریمان عەبدوللا خۆشناو. ( ٢٠٠٩ )، رێزمانی کوردی بەشەکانی ئاخاوتن، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

٤١.نەسرین فەخری، کوردستانی موکریانی. (١٩٨٢) ، ڕێزمانی کوردی، مطبعة جامعة صلاح الدين.
٤٢. هۆگر مەحموود فەرەج. ( ١٩٩٣ )، بوارە واتاییییەکان، لێکۆڵینەوەیەکی واتاسازی بەراوردە، نامەی ماجستێر، کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر .
٤٣. هیمداد عبدولقەهار محەمەد. ( ٢٠٠٨ )، زمانەوانی کارەکی، گۆڤاری ڕامان، ژ(١٢٨).
٤٤. وەسفی حەسەن. ( ٢٠٠١ )، بیبلۆگرافیا فەرهەنگێت کوردی، نوسەری نویٛ ژ ١٩ چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری، هەولێر.
٤٥. وریا عومەر ئەمین. (٢٠٠٣)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلأوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

**فەرهەنگ :**

٤٦. جەلال مەحمود علی. (١٩٨٢ )، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، بلأوکراوەی حسام، بغداد.
٤٧. جەمال نەبەز. (٢٠٠٨)، وشەنامەکی ئیتیمۆلۆژیای زمانی کوردی، چاپی یەکەمی ئەلیکترۆنی، ماڵپەری کوردبوون: www.kurdbun.de.
٤٨. شەوکەتی مەلا ئیسماعیل.(٢٠٠٩)، فەرهەنگی مامۆستا،چاپی یەکەم ، نوسینگەی تەفسیر.
٤٩. شێخ محەمەدی خاڵ.( ٢٠٠٥ )، فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەولێر.
٥٠. شوان سلێمان یابە. ( ٢٠٠٦) ، ئیندێکسی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٥١. عەبدورەحمانی زەبیحی. ( ١٣٦٧)، قامووسی زبانی کورد، بلأوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی ئینتشاراتی (سەلاحەدینی ئەییووبی).
٥٢. عەلی نانەوا زادە . ( ٢٠٠٥) ، فەرهەنگی هەرمان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەولێر.
٥٣. ________. (٢٠٠٥ )، فەرهەنگی هەرمان، بەرگی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٥٤. کەمال میراودەلی. ( ٢٠٠٧ )، فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، لە بلأوکراوەکانی مەڵبەندی کوردرۆلۆجی، سلێمانی.

٥٥. كۆمەڵێك مامۆستا. ( ٢٠٠٧ )، فەرهەنگی هەراشان، كوردی ـ كوردی، كۆڕی زانیاری كوردستان، هەولێر .
٥٦. گیوی موكریانی. ( ١٩٩٩ )، فەرهەنگی كوردستان، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٥٧. هەژار. ( ١٣٦٩ )، هەنبانە بۆرینە كردی . فارسی، یك جلدی، سروش، تهران.
٥٨. معروف قەرەداغی مەردۆخی. ( ١٩٧٢ )، فەرهەنگی كشت وكاڵ، چاپی یەكەم، چاپخانەی دار السلام، بەغدا.

**فارسی:**

٥٩. ایران كلباسی. ( ١٣٨٠ )، ساخت اشتقاقی واژه در فارسی، چاپ دوم، تهران.
٦٠. ویكتوریا فرامكلین و رابرت رادمن ت: علی بهرامی. ( ١٣٨٠ ) در امدی برزبان شناسی همگانی، چاپ دوم، چاپخانەی دانش.

**عەرەبی :**

٦١. ابراهیم صبیح واخرون. ( ٢٠٠٥ )، المدخل الى دراسة العربية، ( ط ٢ )، عمان دار الحامد .
٦٢. احمد محمد المعتوق. ( ١٩٩٦ )، الحصيلة اللغوية ــ اهميتها ــ مصادرها ــ وسائل ـ تنميتها، عالم المعرفة، الكويت.
٦٣. ــــــــــــ. ( ٢٠٠٨ )، المعاجم اللغوية العربية، ط الاولى، دار النهضة العربية، بيروت.
٦٤. حسن حسين فهمي.(١٩٦١) ، المرجع فى تعريب المصطلحات العلمية والفنية والهندسية ، مطبعة السعادة ، القاهرة.
٦٥. ف. بالمر . (١٩٨١) . ت : مجيد الماشطة . ( ١٩٨٥ ) ، علم الدلالة ، كلية أداب جاكعة المستنصرية . بغداد .
٦٦. ستيفن أولمان . ت : كمال بشر د. ، دور الكلمة فى اللغة ، ط ١٢ ، دار غريب للطباعة والنشر ، القاهرة
٦٧. حكمت كشلي. ( ٢٠٠٢ )، تطور المعجم العربي من مطلع القرن التاسع عشر من عام ١٩٥٠ مـ ( دراسة ــ تحليل ـ نقد )، طبعة الاولى، دار المنهل اللبناني، بيروت لبنان.

٦٨. محمد احمد ابو الفرج. ( ١٩٦٦ )، المعاجم اللغوية في ضوء الدراسات علم اللغة الحديث، دار النهضة العربية.
٦٩. محمد التونجي. ( ٢٠٠٣ )، معجم علوم العربية، ط ١ ، دار الجيل.
٧٠. محمد عبدالحفيظ العريان. ( ١٩٨٤ )، المعاجم العربية المجنسة، دار المسلم مصر.
٧١. محمد على الخولى. ( ١٩٨٦ )، معجم علم اللغة التطبيقي،الطبعة الاولى، مكتبة لبنان.
٧٢. محمد محمد يونس على. ( ٢٠٠٧ ) المعنى وظلال المعنى أنظمة الدلالة فى العربية، الطبعة الثانية، دار المدار الاسلامى، بيروت، لبنان.
٧٣. مصطفى مندور. ( ١٩٧٤ )، اللغة بين العقل و المغامرة، مطبعة اطلس، القاهرة.
٧٤. نعمان بوقرة.( ٢٠٠٩ )، ( المصطلحات الآساسية ) فى لسانيات النص وتحليل الخطاب، الطبعة الاولى، جدارا للكتاب العالمى، الاردن.

**ئينگليزى:**

75. Cook, Guy. ( 2003 ) Applied Lingistics , Oxford University Press , printed in Hong Kong.
76. Cowie, A P (1990) , Oxford Advanced Learner's Dictionery of Current English.
77. Halliday , M. A. K . Colin Yallop , ( 2007 ) Lex cology, Ashort Introduction , London Cromwell press.
78. Kirkpatrick . (1994) , The Oxford The saurus , printed in Great Britain by Machys PLC Chatham , Kent.
79. Longman . (1983) , Active Study Dictionary , printed in Great Britain by Richard Clay ( The Chaucer press ) Ltd . Bungay , Suffolk.
80. MC Donough , Steven . (2002) , Applied Linguistics in Language Education , Oxford University Press New York.
81. Thompson, Della, etc…. (1998). Illustrated Oxford Dictionary . Oxford University Press. Great Britain.
82. Trask , R.L. ( 2007 ) Language and Lingnistics Second Edition published in the USA &Canada by Rout ledge.

**ملخص البحث:**

هذة الرسالة الموسومة ب( التركيب و الأِسناد ) في اللغة الكردية دراسة معجمية ـ ليكسيكولوجية ـ.

لم يسبق ان تناوله الدارسون في اللغة الكردية : دراسة مستقلة، في مجال ليكسيكولوجى، تبحث الرسالة بكيفية تعامل المعاجم مع العجمات التى تركبت بطرق التركيب و الأِسناد. وكيفية دراسة تلك عجمات في علم المعاجم – ليكسيكولوجى-

الرسالة تتكون من مقدمة وثلاثة فصول:

١- الفصل الاول : يتحدث عن علم المعاجم بصورة خاصة و يلقي الضوء على مجالات هذا العلم ، مناهجه وتأريخه في اللغة الكوردية.

٢- اما الفصل الثانى : يتناول الكلمة و المعنى. من ناحية علاقته ب (اللغة ، اصول اللغات ـ ايتيمولوجى ـ ، تأثير المجتمع، الواقع واللغات .... الخ ) .

٣- الفصل الثالث : يتضمن فصل الثالث الطريقة التركيب والأِسناد. مفهومهما و مصطلحهما و حدودهما وتداخلاتهما، وفروقهما ومشتركاتهما في حدود اللغة الكردية.

في النهاية عرض لأهم النتائج التى توصلنا اليه و المصادر البحث والملخص باللغة العربية والأِنكليزية.

**Abstract:**

Compounding and Genitive in Kurdish Language, This thesis is a lexicological study .So far an independent lexicology study in Kurdish language has not been performed . Namely, those lexicons have been made through the method of compounding and genitive and how such lexicons their meanings are investigated in lexicology .

This thesis comprises three sections:

First section explains lexicology in world and Kurdish language and the respects of this science historical methods in Kurdish language .

Second section deals with word and meaning in terms of language relation, etymology ,socially, reality as well as translation ,etc…

Last section is a summary about methods of compounding and genitive in respect of concepts, terms ,boundaries, overlaps ,similarities and differences with each other in Kurdish language .

Finally the results and references which have been reached through the study are presented .

**ملخص البحث:**

هذة الرسالة الموسومة ب( التركيب و الأِسناد ) في اللغة الكردية دراسة معجمية ـ ليكسيكولوجية ـ.

لم يسبق ان تناوله الدارسون في اللغة الكردية : دراسة مستقلة، في مجال ليكسيكولوجى، تبحث الرسالة بكيفية تعامل المعاجم مع العجمات التى تركبت بطرق التركيب و الأِسناد. وكيفية دراسة تلك عجمات في علم المعاجم – ليكسيكولوجى-

الرسالة تتكون من مقدمة وثلاثة فصول:

١- الفصل الاول : يتحدث عن علم المعاجم بصورة خاصة و يلقي الضوء على مجالات هذا العلم ، مناهجه وتأريخه في اللغة الكوردية.

٢- اما الفصل الثانى : يتناول الكلمة و المعنى. من ناحية علاقته ب (اللغة ، اصول اللغات ـ ايتيمولوجى ـ ، تأثير المجتمع، الواقع واللغات .... الخ ) .

٣- الفصل الثالث : يتضمن فصل الثالث الطريقة التركيب والأِسناد. مفهومهما و مصطلحهما و حدودهما وتداخلاتهما، وفروقهما ومشتركاتهما في حدود اللغة الكردية.

في النهاية عرض لأهم النتائج التى توصلنا اليه و المصادر البحث والملخص باللغة العربية والأِنكليزية.

**Abstract:**

Compounding and Genitive in Kurdish Language, This thesis is a lexicological study .So far an independent lexicology study in Kurdish language has not been performed . Namely, those lexicons have been made through the method of compounding and genitive and how such lexicons their meanings are investigated in lexicology .

This thesis comprises three sections:

First section explains lexicology in world and Kurdish language and the respects of this science historical methods in Kurdish language .

Second section deals with word and meaning in terms of language relation, etymology ,socially, reality as well as translation ,etc…

Last section is a summary about methods of compounding and genitive in respect of concepts, terms ,boundaries, overlaps ,similarities and differences with each other in Kurdish language .

Finally the results and references which have been reached through the study are presented .

اقليم كردستان ـ العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة صلاح الدين ـ اربيل
كلية اللغات

# التركيب و الأِسناد في اللغة الكوردية
## دراسَة ليكسيكولوجية

رسالة تقدم بها الطالبة
**ميديا مراد محمدامين**
بكالوريوس ـ جامعة صلاح الدين ( ٢٠٠١ ـ ٢٠٠٢ )

إلى مجلس كلية اللغات ـ جامعة صلاح الدين وهى جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في اللغة الكردية

باشراف
**د. ابراهيم عزيز ابراهيم**

| | | |
|---|---|---|
| تشرين الثانى | كلاريزان | ذوالقعدة |
| ٢٠٠٩ ميلادى | ٢٧٠٩كوردى | ١٤٣٠ هجري |

Kurdistan Regional– Iraq
Ministry of Higher Education and Scientific Research
Salahaddin University – Erbil
College of Languages

# Compounding and Genitive in Kurdish Language
## Lexicology Study

A Thesis
Submitted to College of Languages- Salahaddin University

in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master
in Kurdish Linguistics

By
**Media Murad Muhammadamin**
B.A. University of Salahaddin ( 2001 – 2002 )

Supervised By
**Dr. Ibrahim Aziz Ibrahim**

| | | |
|---|---|---|
| November | Galarezan | Zu-alka'da |
| **2009(A-D )** | **2709(K)** | **1430(H)** |